WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11 21ی گوڵانی 2715 (750) دینار

12 پارچە زەوی داوەتێ

## قایمقامێک ئامۆزایەکی خۆی دووجار قەرەبوو دەکاتەوە

**رووداو- بەردەڕەش**

قایمقامی قەزای بەردەڕەش بەدوو نووسـراوی جیا، قەرەبووی ئامۆزایەکی خۆی بە 12 پارچە زەوی دەکاتـەوە، بـە بیانووی ئـەوەی زەوییەکانی بەر پرۆژە کەوتوون. بـەڵام چەند جوتیارێک دەڵێن ئەوان خاوەن زەوییەکانن نەک ئامۆزای قایمقام.

سەردار شێخ یەحیا عەبدولعەزیز، بە دوو نووسراوی جیا لە ساڵی 2012 و 2014 بە دووجار قەرەبـووی ئامۆزایەکـی خـۆی بەناوی (ه. ئـە) دەکاتەوە و بە هەردووجـار 12 پارچە زەوی دەداتێ. زەوییەکانیش بە زیاتر لە 300 ملیۆن دینار خەملێنراون.

سەرۆکایەتی شارەوانی بەردەڕەش بە نووسراوی ژمارەی (1045) لە بەرواری 2014/8/20 نووسـراو بۆ شـارەوانی رۆڤیا دەکات و داوا دەکات چیدی (ه.ئە) قەرەبوو نەکرێتەوە کە پێشتر بە چوار پارچە زەوی قەرەبوو کراوەتەوە.

بەڵام جوتیارانی ناوچەی رۆڤیا دەڵێن (ه.ئە) مافی قەرەبووکردنەوەی نەبووە، چونکە هیچ سەنەدێکی نییە بیسەلمێنێ زەوییەکە هی ئەوە.

5 »

فارووقی مەلا مستەفا دوو ملیار دۆلار بۆ پرۆژەیەک لە دووکان تەرخان دەکات

2



بارزانی بۆ ئۆباما:

دوا چانس دەدەینە حکومەتی عێراق

4



کەمپەکانی پەناخوازان لە فینلاند پڕبوون لە کورد

11

مامێکی مەلا کوردەکەی ناو داعش بۆ (رووداو):

# چەندینجار مەلا شوانم بە سەرخۆشی لە پشت سەیتەرە هێناوەتەوە

لەسەر ژنانی لەشفرۆش چەندینجار ژنەکەی لێی تۆراوە




مارەیی کچە رۆژنامەنووسێکی کورد کوشتنی 50 چەکداری داعش بووە

7

سەرمایەدارێکی دهۆک:

پارتی 20 ساڵە ملیۆنێک دیناری سویسری قەرزداری منە

5

حەسنا مەتەر بۆ (رووداو):

هەولێر ماڵی دووەممە

12

## ئەوقاف: پارەی حەج ناکرێتە قیست



**رووداو- هەولێر**

بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایەکی لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان رەتدەکەنەوە کە داوایانکردبوو پارەی حەجی ئەمساڵ بکەنە قیست. شێخ قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە بە (رووداو)ی راگەیاند بە لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانیان راگەیاندووە ناکرێت پارەی سەفەری حاجیان بکرێتە قیست. چونکە "ئێمە پارەی حاجییانی کوردستان لەبانک ناهێڵینەوە، بەڵکو تاوەکو ئێستا 2 ملیۆن و 800 دۆلارمان رەوانەی سعودیە کردووە. 3 ملیار دینارمان رەوانەی شاری بەغدا کردووە بۆ رایيکردنی کاروباری حەجیان".

رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11

دەڵێت دووکان دەکەمە چوارەم شاری هەرێمی کوردستان

# فارووقی مەلا مستەفا دوو ملیار دۆلار بۆ پرۆژەیەک لە دووکان تەرخان دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

لەنێو ئەو تاوەرە بەرزەی بەسەر هەموو سلێمانیدا دەڕوانێ، نەخشەیەک لە ژوورە تایبەتییەکەی خاوەنی تاوەرەکەدا هەیە. کاتێک نێچیرڤان بارزانی ئەو نەخشەیە دەبینێ، پشتیوانیی خۆی بۆ دەردەبڕێ. بەپێی ئەو نەخشەیە، لە ساڵانی داهاتوودا گەشتیارانی کەنداو روو بەرەو باشووری کوردستان وەردەگێڕن.

گەورە سەرمایەداری کورد، فارووقی مەلا مستەفا، دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ ئەوەی گەورەترین شاری گەشتیاریی عێراق لە شارۆچکەی دووکان بنیات بنێ. سەتان ڤێللا و باڵاخانەی نیشتەجێبوون و گەشتیاری و هەموو داو و دەزگایەکی پێویستی شارێکی سەرنجڕاکێش کە بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ شارە سەوز و سەرنجڕاکێشەکانی جیهان بکات "تاکەی لەم وڵاتە جوان و دەوڵەمەندەدا، سەیری شارە جوانەکانی دونیا بکەین، بۆچی خۆمان شارێک دروستنەکەین هەموو دونیا حەز بە بینینی بکات". فارووقی مەلا مستەفا، وایگوت.


ئەو شەوەی لە سلێمانی مایەوە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میوانخانەی گراند ملینیۆم کە سلێمانییەکان زیاتر بە "شاری جوان" ناوی دەبەن، مایەوە. لەوێ لەگەڵ فارووقی مەلا مستەفا، گەورە سەرمایەداری کورد و خاوەنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ و شاری جوان و گرووپی کۆمپانیاکانی فارووق، گفتوگۆیان لەبارەی ئەو شارە گەشتیارییە کرد کە نەخشەکەی تەواو بووە "بە کاک نێچیرڤانم گوت دەبێ حکومەت لە رووی زوو جێبەجێکردنی کارە یاساییەکان و رێوشوێنە ئیدارییەکانەوە هاوکاریمان بکات، ئەویش بەڵێنی تەواوی پێداین. پشت بەخوا دەستپێدەکەین و شارێکی مەزن و جوان دروستدەکەین".

فارووقی مەلا مستەفا باسی وردەکاری ئەم پرۆژە گەشتیارییەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی نزیکەی دوو ساڵە خەریکی ماستەرپلانی ئەو شارە گەشتیارییەن "شارێکی گەورەیە بۆ گەشتوگوزار، بەشێوەیەک نەخشەی بۆ دانراوە کێبڕکێی شارە گەشتیارییە بەناوبانگەکانی جیهان بکات و خەڵک دەتوانن وەک پشک هاوبەشی بکەن، هەزاران کەس دەتوانن بە پارە تێیدا بەشداربن".

لەوانەیە فارووقی مەلا مستەفا، هاوبەشێکی گەورەی بۆخۆی هەڵبژاردبێ کاتێک دەیەوێ لە شارۆچکەی دووکان ئەو پرۆژە زەبەلاحە بنیات بنێ، چونکە سروشتی ئەو ناوچەیە بۆخۆی جوانییەکی ئەفسوناوی هەیە و بەو سادە و ساکارییەی خۆشییەوە هێشتا تەماع دەخاتە بەردەم گەشتیاران. بەڵام ئەو سەرمایەدارەی کورد دەڵێ وا لەدووکان دەکەن کە ئیدی خەڵک نەیناسنەوە "جگە لە دروستکردنی 3 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون و شوقە و ڤێللا بۆ نیشتەجێبوون، لە باخچەی ساوایانەوە تاوەکو کۆلێژ و زانکۆی تێدا دروستدەکەین. شاخەکانی بە تەلەفریک دەبەستینەوە بەیەکەوە. لەدووکانەوە تاوەکو میوانخانەی ئاشوور تەلەفریک رادەکێشین و لەوێوە بۆ سەر شاخی سارا".

شارە گەشتیارییەکە، ئەوبەر و ئەوبەری شاخی کۆسرەت دەگرێتەوە و دەڕوانێ بەسەر بەری مەرگەدا و لەوێ میوانخانەیەکی 5 ئەستێرە دەکرێتەوە "هەروەها شاری یاری و شاری یاریی ئاو و بەلەم و ماتۆڕی ئاو و چەند جۆرێکی دیکە لە یاریی هاوچەرخ دروستدەکەین".

فارووقی مەلا مستەفا، لە دامەزراندنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵەوە دەستیپێکرد. دواتر ئەوەی پەیدای دەکرد کردییەوە بە پرۆژە و لەسلێمانی خستنیە بەرچاوی خەڵک. بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی ململانێی سیاسەت سلێمانی سڕکردبوو، ئەو سەرمایەدارە سەتان کرێکاری لە شوێنە جیاوازەکانی شارەکەدا خستبووە نێو کارەوە و پرۆژەی ستراتیژی وەک شاری جوان و نەخۆشخانەی فارووق و چەند پرۆژەی دیکەی بەرەو ئاسمان هەڵدەکێشا.



لەنێو دەریاچەی دووکانیشدا، دوورگەیەکی بچووکی سەرنجڕاکێش هەیە و حەزی دەکرد لەسەر ئەو دوورگەیە باڵەخانە بنیات بنێ، بەڵام وەک خۆی دەڵێ بەهۆی وابەستەبوونی چەندین ساڵەی باڵندەکان بەو دوورگەیەوە، بڕیاری دا ئەوە نەکات "بەپێی یاسا و رێسای نەتەوە یەکگرتووەکانیش نابێ ژیانی ئەو باڵندانە تێکبدەین".

ئێستا فارووقی مەلا مستەفا چاوەڕێی گڵۆپی سەوزی نێچیرڤان بارزانییە کە وەک سەرۆکی حکومەت هاوکاری و کارئاسانیان بۆ بکات بۆ جێبەجێکردنی کاروبارە یاسایی و ئیدارییەکانی پرۆژەکە.

کاتێک پرۆژەکە کۆتایی دێت، بەو شێوەیەی نەخشەکە باسیدەکات و وردەکارییەکانی دەگێڕێتەوە، چوارەمین گەورە شاری باشووری کوردستان پەیدا دەبێت لە دوای هەولێر و سلێمانی و دهۆکەوە، شارێکی پێکهاتە فرەڕەنگیش دەبێ بەو پێیەی بیانییەکان دەتوانن تێیدا نیشتەجێ ببن. هەروەها ئاشکرای کرد کە جگە لەو پرۆژەیە مۆڵەتی دروستکردنی هێڵێکی شەمەندەفەری لەنێوان کەرکووک — سلێمانی وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە داهاتوودا پرۆژەکە دەخەنە واری جێبەجێکردنەوە.

چەند ساڵێک لەوەوبەر، لەکابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی گەشتوگوزار و دواتریش وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، نەخشەپلانی دروستکردنی چەندین هاوینەهەوار و پرۆژەی گەشتیارییان لەو ناوچەیە دانا، بەڵام پرۆژەکان بە تەواوی نەکەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە.

فارووقی مەلا مستەفا دەڵێ ئەوان کارێکی ئێجگار گەورەی گەشتیاری دەکەن و تەواوی دەکەن "قۆناغی یەکەم بە 2 ساڵ کۆتایی دێت و قۆناغی دووەمیش دواتر دەست پێدەکات، بڕی 2 ملیار دۆلار لەو پرۆژەیەدا خەرج دەکرێت، من 100% دڵنیام دوای تەواوبوونی ئەو پر وژەیە، گەشتیارانی کەنداو و وڵاتانی ناوچەکە دێنە کوردستان".

ئەو سەرمایەدارەی باشووری کوردستان دڵنیایە لەوەی کوردستان دەتوانێ ئەو پارەیە بە گەشتوگوزار پەیدا بکات کە بە نەوت دەستی دەکەوێت و دەڵێ "بەریتانییەکان ئەوەندەی نەوتەکەی سعودیەیان بە گەشتوگوزار دەستدەکەوێ. ئێمەش وڵاتێکی دەوڵەمەند و جوانمان هەیە و دەتوانین ئەوە بکەین".

## سوپاس و پێزانین

هۆزی هەمەوەند سوپاس و رێزی خۆیان ئاڕاستەی سەرجەم گەلانی عێراق و کوردستان دەکەن بە هۆی بەشدارییان لە پرسەی کەسایەتی ناوداری کورد و کوردستان خوالێخۆشبوو (کەریم ئاغای هەمەوەند)

- بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران
- ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان
- سەرجەم پارت و رێکخراوە رامیارییەکانی کوردستان
- سەرکردایەتییەکان و ئەندام و لایەنگر و هەوادارانیان
- هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- سەرجەم زانایان و پیاوانی ئایینی لە گەورە پیاوانی رێبازی شیعە نوێنەرانی ئایەتوڵا سیستانی و بەڕێزان سەید عەمار الحکیم و سید موقتەدا سەدر و بەڕێزان برایانی سوننە مەزهەب و خاوەن رێبازی قادری و نەقشبەندی.
- بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی چەمچەماڵ
- هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایش و پۆلیسە بەڕێزەکان و ئەفسەرە پلەدارەکانی سوپای عێراق و کوردستان
- سەرجەم هۆزە کوردی و عەرەبی و تورکمانییەکانی عێراق و کوردستان
- سەرجەم مامۆستایانی زانکۆکانی عێراق و کوردستان هەروەها نووسەر، رۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، وێنەگران
- بەرپرسی مەسیحییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
- کەمینە و کوردانی تاراوگە
- دۆست و خزمان لە کوردستانی باکور، رۆژهەڵات، لوبنان، فەلەستین
- سەرجەم کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردی و تورکی و ئێرانییەکان
- هەموو دۆستان و هاووڵاتییانی عەرەب و تورکمان و مەزهەبە جیاوازەکان لە برایانی کاکەیی و ئێزیدییەکان
- دۆستانمان لە مەسیحی و کلد و ئاشوورییەکان
- هەموو ئەو کەسایەتییانەی بە نامەی تایبەت و پەیوەندی تەلەفۆنی و ئیمەیل سەرەخۆشییان لێکردین

سوپاسی ئەرک و ماندووبوونیان دەکەین داواکارین لە خوای گەورە پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە

**(انا للە و انا الیە راجعون)**
**(نەوەکانی هۆزی هەمەوەند)**

# نیپاڵییەکان لە سلێمانی تەنیا 300 دۆلاریان پێ کۆکرایەوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

میلەن لاما داوا لە خەڵکی سلێمانی دەکات ئەوەندەی لەتوانایاندایە هاوکاریی خەڵکی وڵاتەکەیان بکەن کە بەهۆی بومەلەرزەوە تووشی زەرەر و زیان هاتوون و گوتی تاوەکو ئێستا تەنیا 300 دۆلاریان لە سلێمانی کۆکردووتەوە و هیچ سەرمایەدارێکیش کۆمەکی نەکردوون.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو هەفتە بەسەر ئەو زنجیرە بومەلەرزەیەی لە رۆژانی 25 و 26ی مانگی رابردوو نیپاڵی هەژاند، تازەترین ئامار دەریخستووە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 7 هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە و بە هەزارانی دیکەش بریندار بوون. وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتەش رایگەیاندووە کە هیچ ئومێدێک نەماوە بۆ رزگارکردنی ئەوانەی بێسەروشوێن بوون.

ماوەی چەند ساڵێکە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نیپاڵ بەمەبەستی کارکردن روویان لەشاری سلێمانی کردووە کە لەنێو ماڵان و چێشتخانە و میوانخانەکاندا کار دەکەن. ئەوان هەموو رۆژانێکی هەینی پشووی خۆیان وەردەگرن و لەباخی گشتی کۆدەبنەوە بۆ یەکتر بینین، بەڵام زنجیرە بومەلەرزەکانی نیپاڵ ژیانی ئاسایی ئەوانی گۆڕی، چونکە ئیدی لەبری پێکەنین و دەربڕینی خۆشی، دەبێت خەریکی کۆکردنەوەی هاوکاری بن بۆ لێقەوماوانی وڵاتەکەیان.

میلەن لاما کرێکارێکی تەمەن 24 ساڵە، زیاتر لە 4 ساڵە لە شاری سلێمانی کار دەکات، دەتوانێ بە زمانی کوردی قسە بکات. میلەن وەک هەموو نیپاڵییەکانی دیکە دڵتەنگە بەو رووداوە، بەڵام رزگاربوونی کەسوکارەکەی بووەتە جێی دڵخۆشی بۆی.

میلەن و هاوڕێکانی دەستیان بە هەڵمەتێک کردووە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ لێقەوماوانی وڵاتەکەیان، بەڵام هەڵمەتەکە نەبووەتە جێی دڵخۆشیی میلەن و هاوڕێکانی، چونکە دەڵێت "هاووڵاتیانی سلێمانی تەنیا بە 300 دۆلار هاوکارییان کردین و تەنیا ئەو بڕەمان پێ کۆکرایەوە. ئەم بڕە پارەیەش زۆر کەمە بەراورد بەو زیانە گەورەیەی بەر وڵاتەکەمان کەوتووە".

ئەوان جگە لەوەی هاوکارییان لە خەڵکی سلێمانی کۆکردووەتەوە، لەنێو خۆشیاندا نزیکەی 10 هەزار دۆلاریان لە پاشەکەوتی ئیشکردنیان کۆکردووەتەوە و ناردوویانەتەوە بۆ نیپاڵ.

ئومیس بیتۆی تەمەن 25 ساڵ، ماوەی 2 ساڵە لەشاری سلێمانی دەژی، ئومیس فێری کوردی نەبووە، بۆیە میلەن قسەکانی بۆ دەکردەوە کوردی.

ئومیس بەشێوەیەکی زۆرباش وەسفی دانیشتووانی سلێمانی دەکرد کە ئەوەندەی لێرە کار دەکەن میهرەبانییان بەرامبەر نیشاندان و گوتی "داواکارین لەخەڵکی سلێمانی هاوکاری زیاترمان بکەن، چونکە وڵاتەکەمان وێران بووەو بڕی 300 دۆلار زۆر کەمە".



### سەردانی کەسیان نەکردووە

ئەو کرێکارە نیپاڵییانە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری، تاوەکو ئێستا سەردانی هیچ دەوڵەمەندێکیان نەکردووە، بەڵکو تەنیا لەنێو باخی گشتی هاوکارییەکانیان کۆکردووەتەوە، چونکە بەگوتەی میلەن ئەوان هیچ دەوڵەمەندێک ناناسن هەتا سەردانیان بکەن بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری، بەڵام بەنیازن بەردەوامبن لەسەر کەمپینەکەیان.

ئەو کرێکارانە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری، چەندین رێگەیان بەکارهێناوە لەوانەش هەندێکیان داوایان لەو خاوەن ماڵانە کردووە کە کاریان بۆ دەکەن مووچەی چەند مانگێکیان پێکەوە پێبدەن بۆ ئەوەی بینێرنەوە بۆ وڵاتەکەیان.

بازرگانێکی شاری سلێمانی کە کرێکارێکی نیپاڵی لەماڵەکەیدا کاردەکات، داوای لێکردووە مووچەی 3 مانگی بەیەکەوە پێبدات تاوەکو بتوانێت بیخاتە سەر هاوکاری هاوڕێکانی و بینێرنەوە بۆ نیپاڵ. ئەو بازرگانە کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بەڕاستی قسەکانی ئەو زۆر کاری تێکردم، بۆیە جیا لە مووچەکەی خۆی هاوکاریم کرد".

ئەو قەیرانانەی لەماوەی ساڵی رابردوودا بەسەر کوردستاندا هاتوون هەر لە قەیرانی (ئابووری، شەڕی داعش و هاتنی سەدان هەزار ئاوارە و پاشانیش هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە) تەنگیان بە بازرگانە نێوخۆییەکانی کوردستانیش هەڵچنیوە کە نەتوانن وەکو پێویست هاوکاریی نیپاڵ بکەن.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت هەرچەندە بازرگانان بەهۆی قەیرانەکانی ئەمدواییەی کوردستانەوە هەمیشە ئامادەی هاوکاریکردن بوون، بەڵام بەپێی توانا هەوڵیش دەدەن هاوکاری نیپاڵییەکان بکەن.

بەرپرسێکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان دەڵێت لەڕووی ئاینی و مرۆڤایەتییەوە دەبێ هاوکاری خەڵکی نیپاڵ بکرێ. مەلا عەتا پێنجوێنی، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان بە (رووداو)ی گوت "هاوکاریکردنی خەڵکی لێقەوماوی نیپاڵ لەڕووی مرۆڤایەتییەوە کارێکی دروستە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێ کە هەرێمی کوردستانیش لە قەیراندایە، بۆیە ئەگەر ئەو کەسانەی توانایان هەیە هاوکارییان بکەن کارێکی زۆر باش دەکەن".

زۆرجار لەهەرێمی کوردستان بڵندگۆی مزگەوتەکان بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بەکاردەهێنرێ، بەڵام بەگوتەی ئاکۆ حەسەن، بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی هەتا ئێستا هیچ داواکارییەکیان پێشکەش نەکراوە بۆ ئەوەی لە وتارەکانی هەینیدا باسی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ خەڵکی نیپاڵ بکرێ.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11

## عەللاوی داوای ئازادکردنی سوڵتان هاشم دەکات



**ڕووداو – بەغدا**

ئەیاد عەللاوی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق، داوا لە سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات بەرپرسانی پێشووی ڕژێمی عێراق کە لەزیندانەکان عێراقدا بەندکراون، ئازادبکات. ئەیاد عەللاوی ڕایگەیاند" لە کۆبوونەوەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کە بەر لە چەند هەفتەیەک سازدرا، داوام لە سەرۆکوەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی کرد، هەندێک لە بەرپرسانی پێشووی ڕژێمی عێراق کە لە زیندانییەکانی عێراق بەندکراون لەوانەش سوڵتان هاشم وەزیری بەرگری عێراق لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، ئازاد بکات، بەو پێیەی خاوەن قورسایی کۆمەڵایەتی و سەربازین لەنێو کۆمەڵگەی خۆیاندا، بۆ لێدانی داعش".

مامێکی مەلا کوردەکەی ناو داعش:

# چەندینجار مەلا شوانم بە سەرخۆشی لە پشت سەیتەرە هێناوەتەوە

## لەسەر ژنانی لەشفرۆش چەندینجار ژنەکەی لێی تۆراوە



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو – هەولێر**

کورد بە "مەلا شوانی تیرۆریست" یان "مەلا شوانی خۆفرۆش" ناوی دەبەن. لە ریزی چەکدارانی داعشیشدا بە "ئەبو هارون ئەلکوردی" یان "ئەبو عائیشە" ناسراوە. چەکدارە کوردەکانی نێو داعشیش لە تویتەکانیان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بە "شێخ" ناوی دەهێنن. ئەم مەلا چەکدارە کوردەی نێو داعش کە زۆرترین هەواڵی لە میدیا کوردییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر بڵاودەکرێتەوە، دواهینجار لە هەڵمەتێکی بەناو بانگخوازیی داعشدا لەناو هۆڵێک لە قەزای حەویجەی باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک دەرکەوت، هەفتەی ڕابردووش هەواڵی دەستگیرکردنی لەلایەن داعشەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو هەواڵە پشتڕاست نەکراوەتەوە.

مەلا شوان لە مزگەوتی مام جەعفەر لە شارۆچکەی دارەتوو، لە نزیک هەولێر پێشنوێژ و وتارخوێن بوو، مانگی 2014/11 چووە ریزی چەکدارانی داعش، بەپێی زانیارییەکان بە خاوەنی مزگەوتەکەی گوتووە بە سەردان دەچێتە سلێمانی، بەڵام لە ڕێگەی کەرکووکەوە چووەتە نێو داعش.

مەلا شوان فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف بوو، ئەگەرچی هەر زوو وێنە و هەواڵی بڵاوبووەوە کە چووەتە نێو داعش، بەڵام دوای سێ مانگ ئینجا وەزارەتی ئەوقاف فەسڵی کرد.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، تاوەکو ئێستا 48 فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف چوونەتە نێو داعش، نزیکەی 5 هەزار مزگەوت لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە زۆربەیان وتاریان تێدا دەخوێندرێتەوە، بەڵام مەلا شوان تاکە وتاربێژی کوردە لە هەرێمی کوردستان چووبێتە نێو ئەو ڕێکخراوە.

### گەنجێتی و خوێندنی مەلا شوان

شوان سەلاح محەممەد (مەلا شوان) لەدایکبووی ساڵی 1986ە، تاوەکو پۆلی 9ی بنەڕەتی خوێندووە، لە پۆلی 10ی ئامادەیی لە بەشی وێژەیی دەرنەچووە، بەپێی کارتی نمرەکانی پۆلی 10ی وێژەیی، لە ساڵی 2010، لە زۆربەی وانەکاندا کەوتووە و تەنیا لە یەک وانەدا دەرچووە.

مەلا شوان لەساڵی 2006 ژنی هێناوە. باوکی دوو کچە بە ناوەکانی (هانا و هالە)، دوو خوشک و دوو برای هەیە و دایک و باوکی لە هەولێر دادەنیشن. باوکی مەلا خاوەن پێداویستی تایبەتە. مەلا شوان سەر بە یەکێک لە عەشیرەتە دیارەکانی کوردستانە و لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی زێبارۆکی سەر بە قەزای شەقڵاوەیە. سەرجەم دانیشتووانی گوندەکەی مەلا شوان موسڵمانن و مزگەوتێکیش لە ناوەڕاستی گوندەکەدا هەیە.

خەڵکی گوندەکەی دەڵێن ماڵی باوکی مەلا شوان زۆر لە مێژە لە گوند نەماون، مەلا شوانیش لە شاری هەولێر لەدایکبووە و لە گەڕەکی بێرکۆتی شاری هەولێر گەورە بووە و هەر لەوێش ژنی هێناوە.

حەمەدەمین ڕەمەزان کە خزمی مەلا شوانە و بەشداری لە ئاهەنگی ژنگواستنەوەی مەلادا کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "شوان، وەکو هەموو گەنجانی گوندەکە بە هەڵپەڕکێ و شایی ڕەشبەڵەک ژنی گواستەوە، ئەوکات ئەو شتانەی نەبوو بڵێت ئەمە گوناهە و ئەمە حەرامە".

### "بە پارە بووەتە مەلا"

مامێکی مەلا شوان پێشمەرگەیە و لە سەنگەرێکی هێزەکانی پێشمەرگەدا کە چەند کیلۆمەترێک لە چەکدارانی داعشەوە دوور بوو، قسەی بۆ (ڕووداو) کرد. ئەو مامەی مەلا لەبەر باری ئەمنی و کاردانەوەی کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش بەرامبەر ئەوان، نەیویست وێنە و ناوی بڵاوبکرێتەوە.

ئەو ڕەتیکردەوە مەلا شوان مەلا بووبێت و گوتی "شوان ماوەی 6 مانگ چووە دهۆک و پاشان پەیمانگەی تەواو کرد، هەمووی کەمتر لە سێ ساڵی خایاند، گوتی بوومەتە مەلا، لە خوێندنیش واستەی کرد و لەگەڵ مەلایەکی دیکە 8 هەزار دۆلاری دا تاوەکو بووە مەلا".

مەلا شوان سەر بە بیروباوەڕی سەلەفیی جیهادی بوو، بەڵام د.عەبدوللەتیف ئەحمەد کە ڕابەری سەلەفییەکانی کوردستانە، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا باسی مەلا شوان دەکات و دەڵێت "پێشتر مەلا شوان لە دهۆک چوو بووە حوجرەیەک لای مامۆستایەکی سەلەفی، بەڵام قبوڵیان نەکردبوو، ئێستاش بووەتە موفتیی داعش".

### مەیخواردنەوە و پەیوەندی لەگەڵ ژنان

مامی مەلا شوان باسی سەردەمی گەنجێتی مەلا شوانی کرد کە بەپێی قسەی ئەو کەسێکی سەر بە کێشە بووە. ئەو مامەی مەلا شوان گوتی "چەند جارێک خەریک بووە ژنەکەی تەڵاق بدات، چونکە بەهۆی سەرخۆشییەوە بەردەوام کێشەی بۆ ماڵەوە دروست دەکرد، لە پشت سەیتەرەی هەولێر دەیخواردەوە، تەنانەت چەند جارێک خۆم هێناومەتەوە، بە سەرخۆشی لەوێ دەکەوت".

ئەو مامەی ئاشکرای کرد کە ژنەکەی چەند جارێک لە مەلا شوان تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی "مەلا شوان دوای ژنهێنانیش هەر بەدوای ژنەوە بوو، بۆیە ژنەکەی زیز دەبوو، هەموو جارێک من دەمهێنایەوە، دەمگوت لەبەر خاتری منداڵەکان بگەڕێوە لای".

کەسوکاری مەلا شوان زۆربەیان پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشن، وەکو مامی باسیدەکات، ئەو تاکە کەسی نێو بنەماڵەکەیەتی کە هەڵگری بیروباوەڕی سەلەفیەتە. مامی مەلا شوان گوتی ئەوان زۆر خەم بەوە دەخۆن کە ئەو کوڕەی بنەماڵەکەیان چووەتە نێو داعش "تەنانەت دایکیشی هەموو ڕۆژێک دوای نوێژەکان دوعا دەکات تۆپێک بەر کوڕەکەی بکەوێ و پارچە پارچەی بکات".

### دوو مامی لە شەڕی داعشدا بریندار بوون

وەک مامی مەلا شوان باسی کرد، باپیری مەلا شوان پێشمەرگەی ئەیلول بووە، مامێکی پێشمەرگەی پارتی بووە و شەهید بووە. هەروەها دوو مامی لە شەڕی دژی داعشدا بریندار بوون، ئێستاش برایەکی پێشمەرگەیە.

مامی مەلا شوان هەرچەندە لە سەنگەرێکی پێشمەرگەدا بەرامبەر داعش قسەی دەکرد، بەڵام پێیوایە چوونی مەلا شوان بۆ نێو داعش، بووەتە مایەی "شەرمەزاری" بۆ بنەماڵەکەیان.

ئەو مامەی مەلا شوان بەسەرهاتی سەرەتای شەڕی دژی داعش دەگێڕێتەوە "دوو برام لە دەستپێکی شەڕی دژی داعش لە ڕەبیعە بریندار بوون، ئەوکات هێشتا شوان نەچووبووە نێو داعش، بە برینداری لە ڕێگەی سووریاوە هێنامانەوە هەولێر. شوان دوای شەو و ڕۆژێک ئینجا هاتە لای مامەکانی، پێکەنینی پێدەهاتن، یەکجار سەری لێدان و چیدی نەهاتەوە".

### خەریکە دەیکەنە بن لادن

حەمەدەمین ڕەمەزان، دانیشتووی گوندی زێبارۆک، سەرسوڕمانی خۆی لەوە دەبڕی کە چۆن مەلا شوان لە بنەماڵەی ئەواندا ئەو بیری توندڕەوییەی هەڵگرتووە. بەڵام بە کەسێکی بێ کاریگەری ناوبرد و گوتی "لە گوندەکەماندا زیاتر لە 150 کەس پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسمان هەن. مەلا شوان کەسێکە هەڵخەڵەتێنراوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو توانیویەتی یەک کەس لە گوندەکەمان بباتە نێو داعش؟ بێگومان نەخێر".

ئەو پیاوە دەڵێت "جیهاد ئەوەیە کە ئێمە بەرگری لە شەرەف و کەرامەت و خاکمان دەکەین، بۆیە حاشا لە هەر کەسێک دەکەین بچێتە نێو تیرۆریستان، داوا لە خەڵک دەکەم مەلا شوان ئەوەندە گەورە نەکەن. بەبێ ئەوەی بیناسن، خەریکە دەیکەن بە ئوسامە بنلادن".

فارس ئیسماعیل، بەساڵاچوویەکی گوندەکەی مەلا شوانە و بە سەرسوڕمانەوە گوتی "باشە ماقووڵە ئێمە هەموومان کافر بین و مەلا شوان موسڵمان بێت! خاک و شەرەف و کەسوکاری بەجێهێشت، بە من ناڵێن مەلا شوان دوای چی کەوتووە؟".

### ئاسایش ئاگادار دەکەنەوە

مەلا شوان بەر لەوەی ببێتە وتاربێژ، لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە لەسەر بیری توندڕەوی دەستگیر کراوە، ماوەی 3 مانگ زیندانی کراوە. مامەکەی دەڵێت "کەسمان ئامادە نەبووین ببینە کەفیلی، بەڵام ئاسایش بەبێ کەفیل ئازادی کرد".

مامی مەلا شوان باسی لەوە کرد کە پێشتر لایەنە ئەمنییەکانیان لە توندڕەویی مەلا شوان ئاگادارکردبووەوە "بەر لەوەی بچێتە نێو داعش برایەکم هەواڵی دابوو بە ئاسایش و پۆلیس و ئەوقاف. کە شوان لە وتارەکانیدا بە خراپە باسی پێشمەرگە دەکات و دەڵێ پێشمەرگە کافرە، بۆیە خەتای حکومەتە نەیانگرتووە، گومانمان لێی هەبوو پەیوەندی لەگەڵ داعش هەیە، چونکە قسە و هەڵسوکەوت و جل پۆشینەکانی زۆر لەوان دەچوو".

لەو کاتەی چووەتە نێو داعش هەر دوو کچەکەی و ژنە دوو گیانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە، دەنگۆی ئەوە هەبوو دوو کەسیشی لەگەڵ خۆی بردبێ. دەگوترێ یەکێک لەو گەنجانە قوتابی زانکۆی سەلاحەددین بووە، ئەوەی دیکەش کارمەندی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر بووە، بەڵام چارەنووسی ئەو دوو گەنجە دیار نییە.

مامی مەلا شوان ڕەتیکردەوە کە برازاکەی لە پێناوی خودا و بۆ ئیسلام چووبێتە نێو داعش و گوتی "شوان بۆ جیهادی نیکاح چووەتە نێو داعش، چونکە بەرلەوەی بچێتە نێو داعش لە ڕووی ڕەوشتەوە کەسایەتییەکی خراپی هەبوو".

### دەبێتە نوکتەی سەر زاری خەڵک

تا ئێستا ئەو مەلا داعشە چەندین جار هەڕەشەی لە پێشمەرگە و شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردووە، تەنانەت هەڕەشەی لە مەلاکانی کوردستان کرد و بە "مەلای خۆفرۆش" ناوی بردن.

دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکانی مەلا شوان، کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات، نازانێت چەند شەممەیە و چەندی مانگە، لە نێو خەڵک زۆر نوکتەی لەسەر گوترا. حەمەدەمین ڕەمەزان دەڵێت "مەلا شوان کەس باسی نەدەکرد، چووە نێو داعش بۆ ئەوەی خەڵک باسی بکات".

### مەلا شوان هەڕەشەیە؟

مەلا شوان دوای پەیوەندیکردنی بە چەکدارانی داعش، تاوەکو ئێستا چەند جارێک هەواڵی کوژرانی بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ئەو هەموو جارێک بە وێنە و ڤیدیۆ هەواڵی کوژرانی ڕەتکردووەتەوە.

مەلا شوان لە نێو داعش بەرپرسیارێتی پێدراوە و بەڕێوەبەری دیوانی دعوە و مزگەوتەکانە لە ولایەتی کەرکووک. هەروەها دەگوترێ بەرپرسی دیلەکانیشە لەو ویلایەتە، بۆ یەکەمجاریش لەگەڵ چەند دیلێکی پێشمەرگە دەرکەوت و لەوێ داعش مایکی پێهەڵگرتووە و قسە لەگەڵ پێشمەرگەکان دەکات.

ترسناکترین وێنە و ڤیدیۆی مەلا شوان کە تاوەکو ئێستا بڵاوکراوەتەوە، سەربڕینی چوار چەکداری حەشدی شەعبییە لەلایەن داعشەوە کە مەلا شوان سەری یەکێکیان دەبڕێت.

هەروەها لە ماوەی ڕابردوودا دوو گرتەی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە کە دوو چەکداری داعش بە دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە دەردەکەون و مەلا شوان دەڵێت ئەو ئۆتۆمبێل و چەکدارانە ئامادە کراون بۆ ئەوەی خۆیان بە پێشمەرگەدا بتەقێننەوە، یەکێک لە چەکدارەکانیش کەسێکی بە تەمەن بوو.

شەوی 30ـی کانوونی دووەمی 2015، مەلا شوان هاوڕێ لەگەڵ چەند کوردێکی دیکەی نێو داعش، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، بە زمانی کوردی هەڕەشەی داگیرکردنی کەرکووک و هەولێری کرد و ڕایگەیاند کە ڕۆژی هەینی چەکدارانی داعش دەگەنە نێو شاری کەرکووک.

هەرچەندە سەرەتا چەکدارانی داعش پێشڕەوییان کرد، بەڵام دواتر هێزەکانی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەریان و تێکیانشکاندن. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە چەکداری داعش کوژران کە ژمارەیەکی زۆریان چەکداری کورد بوون.

ئەوکات ئەنوەر حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند کە مەلا شوان لەو شەڕەدا کوژراوە، بەڵام دووبارە مەلا شوان دەرکەوتەوە.

ماوەیەکی زۆر مەلا شوان بزر بوو، دواتر لە بۆنەیەکی داعشدا لە حەویجە دەرکەوتەوە کە لە هۆڵێکدا لەسەر کورسییەک دانیشتووە. سەرچاوەیەکی ئەمنی باسی هۆکاری ونبوونی مەلا شوانی کرد لەو ماوەیە و بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2015/4/10 هەوڵی کوشتنی مەلا شوان دراوە، بەڵام لەو هەوڵە ڕزگاری بووە و دەست و قاچێکی بریندار بووە، ئەم ماوەیەش هەر لەبەر ئەوە دیار نەبوو".

ئەگەرچی ئێستا مەلا شوان بووەتە بنشێتەخۆشەی سەر زاری خەڵک و زۆرجار نوکتەی لەسەر دەکرێ، بەڵام دوایین تەقینەوە کە مانگی ڕابردوو لە شارۆچکەی عەنکاوە ڕوویدا، بە ئیعازی مەلا شوان بووە، ئەمەش بەپێی ئیعتیرافی ئەو کەسانەی لەسەر ئەو تەقینەوەیە دەستگیرکران.

### دەستگیرکراوە؟

ڕۆژی 7ی ئایار جارێکی دیکە مەلا شوان بووەوە ڕۆژەڤی میدیا ناوخۆیی و عەرەبییەکان، ئەویش دوای ئەوەی ئاژانسی سۆمەرییە نیوز بڵاوی کردەوە کە مەلا شوان بە "تۆمەتی خیانەتکردن" لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراوە و لەو کەرکووکەوە گواستراوەتەوە بۆ شاری مووسڵ.

سەرچاوەیەک بە سۆمەرییە نیوزی گوتووە "داعش ڕایگەیاندووە هۆکاری دەستگیرکردنی مەلا شوان خیانەتکردنە، بەڵام لەڕاستیدا وانییە، بەڵکو هۆکاری دەستگیرکردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا ئەو گرووپە بڕوای بە سەرکردە و چەکدارە عێراقییەکانی نێو ریزەکانی خۆی نەماوە و ئەمەش بەهۆی شکستە بەردەوامەکانییەوە لەشەڕەکاندا، بۆیە بەنیازە لە سەرکردایەتیکردنی شەڕەکان دووریانبخاتەوە و کەسانی بیانی لەشوێنەکانیان دابنێ". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی، مەلا شوان بەدەستگیرکراوی گواستراوەتەوە بۆ شاری مووسڵ تاوەکو لەلایەن دادگای شەرعیی داعشەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت.

هەرچەندە چوار ڕۆژە هەواڵی دەستگیرکردنی مەلا شوان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نە داعش و نە چەکدارە کوردەکانی نێو داعش بە تایبەتی ئەوانەی نزیکن لە مەلا شوان و بەردەوام چالاکییەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەنەوە، هەواڵەکەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە و ڕەتیشیان نەکردووەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی:

**مەلا شوان لە هەوڵێکی کوشتن ڕزگاری بووە**

## متمانە بە 21 ئەندامەکەی دەستوور دەدرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

فەخرەدین قادر سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی یاسای (ئامادەکردنی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی) دەبێت لە ماوەی مانگێکدا دەنگ بە ئەندامەکانی بدرێت و کاتیش هێندە لەبەردەستدا نەماوە، بۆیە لەم هەفتەیەدا متمانە بە 21 ئەندامەکەی ئەو لیژنەیە دەدرێت. ناوبراو ئاشکرایکرد کە تاوەکو ئێستا تەنیا یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی ناوی ئەندامەکانیان ناردووە و پارتیش ئامادەی کردووە و پارتەکانی دیکەش لەم ڕۆژانەدا دەیهێنن.



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11

### بارزانی بۆ ئۆباما:

# دوا چانس دەدەینە حکومەتی عێراق



(فۆتۆ: AFP)

**یەکێتی:**

**پاڵپشتی بارزانی دەکەین بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی**

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە گفتوگۆکانی بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکادا لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پرسیاری ئەوە لە بارزانی کراوە کە ئایا ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی؟ وەڵامی ئەوەشیان هەر بۆ کورد بەجێهێشتووە بڕیاری لەسەر بدەن.

ڕۆژی 2015/5/3 سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە کۆشکی سپی لەگەڵ باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا و جێگرەکەی جۆبایدن کۆبووەوە.

بارزانی هەر دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆباما، ڕایگەیاند کە "کۆبوونەوەکە زۆر سەرکەوتوو بوو".

کاتێک لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان پرسیار لە بارزانی دەکرا، زۆر بە وریایی قسەی لەسەر ئەو بابەتە دەکرد و دەیگوت "هەرئەوەندە دەڵێم کوبوونەوەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، کاتێ گەڕامەوە کوردستان لەگەڵ حیزبەکان دادەنیشم و قسە دەکەین". بارزانی هیچ زانیارییەکی زیاتری لەوبارەوە نەدرکاند.

### وەڵامی ئۆباما چی بوو؟

پێش سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا، فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە "پرسی دەوڵەتی سەربەخۆ یەکێک دەبێ لەو مژارانەی بارزانی لەگەڵ باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا باسی دەکات".

بارزانی ڕۆژی 2015/5/8 لە ویلایەتی ڤێرجینیا کاتێ لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە ئەمریکا کۆبووەوە، گوتی کە مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ کۆشکی سپی بە تێر و تەسەلی و بەرفراوانی باسکراوە.

لەبەر هەستیاریی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی بارزانی لەگەڵ باراک ئۆباما، یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لەبارەی دەوڵەتی کوردستان سەرۆک بارزانی بە ئۆبامای گوت: دەوڵەتی سەربەخۆ هەر ڕادەگەیێنین".

دەربارەی وەڵامی ئۆباماش ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئۆباما بە سەرۆک بارزانی گوت، من لە تموحاتی گەلی کورد باش تێدەگەم، بەڵام چانسێک بە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بدەن، سەرۆک بارزانیش گوتی ئەمە دوا چانس دەبێ بیدەینە عێراق".

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دوو هەفتە پێش سەردانی بارزانی لە کۆشکی سپی میوانی باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا بوو.

ئەمریکا گرنگییەکی تایبەتی بەسەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دا، چونکە تەحەدای هێزی حەشدی شەعبی لە تکریت کرد و داوای لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کرد بەشداربن لە شەڕی ڕزگارکردنی ئەو پارێزگایە.

کۆبوونەوەی بارزانی لە کۆشکی سپی دوو کاژێری خایاند، باراک ئۆباما خۆی نیو کاژێر لەگەڵ بارزانی و شاندی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.

بەرپرسێکی ئەمریکی زانیاری زیاتری لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە ئاشکرا کرد و گوتی "کۆشکی سپی بە بارزانی گوتبوو کە ئەوان لارییان نییە لەوەی کورد دەوڵەتی خۆی ڕابگەیەنێت". تەنانەت کاتێک جۆن کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی هەولێری کرد، بە بارزانیی گوت "ئەمریکا کێشەی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان نییە، بەڵام ئایا ئێستا کاتەکە گونجاوە بۆ ئەوە؟".

ئەو بەرپرسە دیبلۆماتکارەی ئەمریکا دەڵێ "ئەوە یەکەم جارە ئیدارەی ئەمریکا وا ڕاشکاوانە لەگەڵ کورد باسی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات".

ئەلیستەر باسکی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و هەولێر پاش سەردانەکەی بارزانی، بە (ڕووداو)ی گوت "پەیوەندییەکان زۆر بەهێزن لەڕووی فەرمی و لەسەر ئاستی گەل بۆ گەلیش لە نێوان ئەمریکا و کوردستان، ئەو بۆنانەی کە هەردوو گەل پێکەوە دەبەستن زۆر بەهێزن. ئێمە دوو هاوپەیمانی سروشتی یەکترین لە شەڕی دژی داعش".

### یەکێتی: پێنج خاڵ پێویستن پێش سەربەخۆیی

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێش سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا، هەڵوێستی خۆیان بۆ بارزانی ڕاگەیاندبوو کە ئەگەر سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، پشتیوانیی دەکەن.

بارزانی پێش ئەوەی سەفەری ئەمریکا بکات، سەردانی ماڵی مام جەلالی لە دەباشان کرد.

(ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری نێو مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە زانیویەتی کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بە بارزانییان گوتووە، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێ ئەوا پشتیوانیی دەکەن.

حاکم قادر، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی پرسی سەربەخۆیی دەڵێ، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کاری دەوێت و پێویستی بە پێنج هەنگاوی سەرەکییە.

حاکم قادر ئەو پێنج خاڵانە بەمشێوەیە ڕیزدەکات و دەڵێ "بۆ گەیشتن بە مافی بڕیاردانی چارەنووس دەبێ کورد پێنج خاڵی سەرەکی ڕەچاو بکات، ئەویش: پێشمەرگە بە بەرنامەیەکی دروست و بەتەواوەتی یەکبخرێ، هێزەکانی ئاسایش یەکبگرن کە ئەمە هەرە گرنگەکەیانە، یەک گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەبێ، مەسەلەی نەوت شەفاف بێ و ڕەخنە لەو بوارەدا نەهێڵین، پێنجەمیش: پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و دراوسێکانمان باش بێ".

### عێراقی یەکگرتوو نەماوە

مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد و شارەزا لە سیاسەتی ئەمریکا پێیوایە "هەر کاتێک ئەمریکا پاڵپشتی سەربەخۆیی کوردستان بکات، دەوڵەتانی دیکەش لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە بە ئاسانی پاڵپشتیی کورد دەکەن". داواشی کرد کە "کورد کاری جددی بکات و پارە لە ئەمریکا خەرج بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و لۆبیکردن بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، چونکە تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی، بەتایبەتی ئەوانەی نەوتیان هەیە دژی ئەو هەنگاوەن".

مەحموود عوسمان گوتیشی "ڕاستە بەیاننامەکەی کۆشکی سپی دەڵێ ئێمە لەگەڵ عێراقێکی یەکگرتووی فیدراڵین، بەڵام لە واقیعدا نە عێراقێکی یەکگرتوو ماوە، نە فیدراڵیەتی تێدا هەیە و نە دەستووریش جێبەجێ دەکرێ و ئەمریکاش ئەمە باش دەزانێ".

ئەمریکا و بەتایبەتی کۆشکی سپی داوایان لە هەرێمی کوردسان کرد، هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بکەن. بارزانیش بەڵێنی دا کە هاوکاریی حکومەتی عێراق بکات.

### ناردنی چەک

سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا لەکاتێکدا بوو کە لەنێوان کۆنگرێس و کۆشکی سپی سەبارەت بە ناردنی ڕاستەوخۆی چەک و پێداویستیی سەربازی بۆ پێشمەرگە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای حکومەتی ناوەندی، ناکۆکی هەیە. لیژنەی کاروباری سەربازیی کۆنگرێس لەگەڵ ئەوەن ئەمریکا ڕاستەوخۆ چەک بداتە پێشمەرگە، بەڵام کۆشکی سپی لەگەڵ ئەوەن لە ڕێگەی بەغداوە بێت.

چوارەم جارە بارزانی لە کۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا کۆدەبێتەوە. یەکێک لە بەرپرسانی کورد لەزاری سەرچاوەیەکی بەرپرسی ئەمریکییەوە بە (ڕووداو)ی گوت کە "ئیدارەی ئەمریکا داوایان لە بارزانی کردووە بەشێک نەبن لەو ململانێیەی نێوان دیموکرات و کۆمارییەکان".

هەربۆیە بارزانی، وەک ئەو بەرپرسە کوردە گوتی، لە قسەکانیدا بۆ ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و میدیاکان لەبارەی ناردنی ڕاستەوخۆی چەک بۆ پێشمەرگە بەردەوام دەیگوت "پێمانخۆشە چەک ڕاستەوخۆ بدرێتە پێشمەرگە، بەڵام ئەوەی گرنگە چەکەکە بگاتە دەست پێشمەرگە، ئینجا گرنگ نییە چۆن دەگات".

### یەکخستنی پێشمەرگە

ئەو بەرپرسە ئەمریکیە داوایەکی دیکەی ئیدارەی ئەمریکای لە بارزانی و شاندەکەی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد کە ئەویش یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەیە. بەرپرسەکە گوتی "ئەمریکا دەیەوێ ئەو چەکەی دەیداتە پێشمەرگە بۆ پێشمەرگە بێ، نەک بۆ پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی کە تاوەکو ئێستا یەکیان نەگرتووە".

بەرپرسێکی باڵای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان باسی سەردانی بارزانی دەکات بۆ لای تاڵەبانی لە سلێمانی پێش ئەوەی بەرەو ئەمریکا بکەوێتەڕێ و دەڵێت "داوا لە بارزانی کرا کە یەکەم هەنگاو بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان یەکگرتنی هێزی پێشمەرگەیە". ئەو بەرپرسە گوتیشی "بە بەڕێز بارزانیمان گوت کە بۆئەوەی هیچ بیانوویەک بۆ هیچ لایەک نەمێنێ، سەرەتا بە پێشمەرگەکانی پارتی دەستپێبکە و بیانخەرە سەر وەزارەتی پێشمەرگە".

# عەبادی بەناوی قەرزەوە پارەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

**فازڵ نەبی، ڕاوێژکاری وەزارەتی دارایی عێراق:**

**کاک هۆشیار زۆر هەوڵیدا بەڵام عەبادی ڕازی نەبوو تەواوی پارەکە بنێرێ**

**پەرلەمانتارێکی گۆڕان:**

**عەبادی لە مەسەلەی بودجەی کوردستان وەکو مالیکی وایە**

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاری داوە مانگانە 35%ی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێ. هەوڵەکانی وەزیری دارایی عێراقیش بۆ پاشگەزبوونەوەی عەبادی لەو بڕیارە ئاکامی نەبووە. بۆیە پەرلەمانتارانی کورد داوا لە هەولێر دەکەن ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ بەغدا هەڵبوەشێنێتەوە.

543 ملیار دینار ئەو بڕە پارەیەیە کە بەغدا بۆ مووچەی مانگی چواری هەرێمی کوردستانی خەرجکردووە. ئەمەش بەرپرسانی کوردی لە بەغدا و هەولێر تووشی سەرسوڕمان کرد، چونکە چاوەڕێ بوون بڕە پارەیەکی زۆرتر بنێرێ.

فازڵ نەبی، ڕاوێژکاری وەزارەتی دارایی عێراق گوتی کە وەزیری دارایی عێراق هەوڵێکی زۆری دا بۆئەوەی حەیدەر عەبادی لەو بڕیارە پاشگەز بکاتەوە "کاک هۆشیار پارەکەی پێ کەم بوو، سەردانی عەبادی کرد، بەڵام عەبادی بە موعادەلەیەک کە خۆی دایناوە ئەو بڕەی بۆ هەرێمی کوردستان دانابوو، کاک هۆشیار زۆر هەوڵی دا، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتە ڕێککەوتن و عەبادی ڕازی نەبوو تەواوی پارەکەی هەرێمی کوردستان بنێرێ".

بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا کە لە سەرەتای مانگی 12ی 2014 لە بەغدا ئیمزا کرا و دواتر بووە بەشێک لە یاسای بودجەی 2015ی عێراق، دەبێ حکومەتی عێراق 17% لە بودجەی گشتیی عێراق بداتە هەرێمی کوردستان کە مانگانە ترلیۆنێک و 200 ملیار دینار (یەک ملیار دۆلار)ە. لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە بەندەری جەیهانی تورکیا ڕادەستی عێراق بکات.

فازڵ نەبی بە دووری زانی عەبادی وا بە ئاسانی ڕازی بێت بودجەی کوردستان بەتەواوەتی خەرج بکات و گوتی "کاک هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی سەفەری هەبوو، پێیگوتم ئەو بڕە خەرج بکەن کە عەبادی دایناوە، هەر هیچ نەبێ کێشەی مووچەی مانگی چوار لە هەرێمی کوردستان دروست نەبێ تاوەکو دەگەڕێمەوە". گوتیشی "ئەم بابەتە پێویستی بە دانوستاندنی زیاتر هەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا و وا بە ئاسانی چارەسەر نابێ".

گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ هیچ مانگێک بەغدا پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا.

ئەحمەد عەبدولڕەحمان، گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداوی)ی گوت "چ بە گوێرەی یاسای بودجە بێ و چ بە گوێرەی ڕێککەوتنی نەوت، هەرێمی کوردستان پابەند بووە، بەڵام بەغدا پابەند نەبووە، بەشی کوردستان زۆر لە 543 ملیار دینار زیاترە کە بەغدا لە مانگی چوار بۆ هەرێمی کوردستانی داناوە".

بە گوێرەی یاسای بودجەی عێراق، دەبووایە لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا حکومەتی عێراق چوار ترلیۆن و 800 ملیار دینار (4 ملیار دۆلار) بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ، بەڵام لەو چوار مانگە تەنیا ترلیۆنێک و 810 ملیار دیناری بۆ کوردستان ناردووە.

مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق هۆکاری نەناردنی تەواوی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت، حکومەتی عێراق بەناوی قەرزەوە پارەی کوردستان دەبڕێت.

مەسعود حەیدەر کە ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقە دەڵێ "حەیدەر عەبادی بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، یان ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیاری داوە 35% لە بودجەی کوردستان ببڕدرێ".

مەسعود حەیدەر پێیوایە ئەوەی عەبادی دەیکات هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی مالیکی لە 2014 بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کردی و بودجەی یەک ساڵی بڕی "ئەوەی عەبادی دەیکات وەکو مالیکی وایە، بەڵام ئەمە بە ڕێژەییە. عەبادی دەڵێ ئەو بڕینە بەرامبەر ئەو قەرزەی حکومەتی عێراقە لای هەرێمی کوردستان کە 21 ترلیۆن دینارە، چونکە بەغدا دەڵێ هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە زیانی بە ڕێژەی هەناردەی نەوتی عێراق گەیاندووە".

لە ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدادا هاتووە، هەر لایەنێک پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێ ئەوا لایەنی بەرامبەریش بۆی هەیە پابەند نەبێ.

مەسعود حەیدەر کە چەند جارێک لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبووەتەوە، دەڵێ "خۆ لە ڕێککەوتنەکەدا بەغدا داوای قەرزی لە هەرێمی کوردستان نەکردووە و نەنووسراوە بەغدا پارە لە کوردستان دەبڕێ، بۆیە دەبێ هەرێمی کوردستان ئەمە بە جددی وەربگرێ و ئەگەر بیەوێ دەتوانێت پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێ".



بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراق، حکومەتی عێراق تەنیا لە ساڵی 2014 بڕی 16 ترلیۆن دیناری هەرێمی کوردستانی نەداوە و ئەم پارەیەش بە قەرز ئاماژەی پێدراوە.

ئەو ئەندامەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "بە گوێرەی ئەو بڕە نەوتەی کە کوردستان هەناردەکەی کردووە، جگە لەوە 543 ملیار دینارەی نێردراوە، دەبوایە حکومەتی عێراق بڕی 307 ملیار دیناری دیکەشی بناردبا".

مەسعود حەیدەر ئاماژەی بەوەدا داوایانکردووە هەرچی زووە کۆبوونەوەیەکی بە پەلە لە نێوان ئەندامانی کورد لە عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ، کە ئایا تاکەی چاوەڕێ بەغدا بکەین بە کەیفی خۆی مامەڵە بەو ڕێککەوتنە بکا.

**ئەو بڕە پارەیەی ئەمساڵ بەغدا بۆ هەرێمی کوردستانی خەرج کردووە**

| مانگ | بڕی پارەی خەرجکراو (بە ملیار دینار) | بڕی پارەی خەرجنەکراو (بە ملیار دینار) |
|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 250 | 950 |
| شوبات | 490 | 710 |
| ئادار | 527 | 673 |
| نیسان | 543 | 657 |

**ڕووداو- هەولێر**


لیژنەی ڕۆشــنبیری و ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نووســراوێک ئاراســتەی ئەمینداریەتی بەغدا دەکات و داوادەکات یەکێک لە شەقامەکانی بەغدای پایتەخت بەناوی مام جەلال بکرێت. بەگوێرەی نووسراوێکی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق کە کۆپییەکی دەست ( تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتووە، لیژنەکە پێشنیازێکی ئارێز عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوزی بەدەست گەیشتووە بۆ ناونانی یەکێک لە شــەقامەکانی شــاری بەغدا بەناوی مام جەلال. پێشــنیازەکە وەک ڕێزو وەفایەکە بۆ مام جەلال کە ڕۆڵی هەبووە لە نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق وەک سەرۆککۆمارێکی کورد.






تاوەکو ئێستا 12 پارچە زەوی داوەتێ

# قایمقامی بەردەڕەش دووجار ئامۆزایەکی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە







**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- بەردەڕەش**

قایمقامی قەزای بەردەڕەش بەدوو نووسراوی جیا، قەرەبووی ئامۆزایەکی خۆی بە 12 پارچە زەوی دەکاتەوە، بە بیانووی ئــەوەی زەوییەکانی بەر پرۆژە کەوتوون. بەڵام چەند جوتیارێک دەڵێن ئەوان خــاوەن زەوییەکانن نەک ئامۆزای قایمقام.

سەردار شــێخ یەحیا عەبدولعەزیز، بە دوو نووســراوی جیــا لە ســاڵی 2012 و 2014 بــە دووجار قەرەبــووی ئامۆزایەکی خــۆی بەنــاوی (ه. ئــە) دەکاتــەوە و بە هەردووجــار 12 پارچــە زەوی دەداتــێ. زەوییەکانیش بە زیاتر لە 300 ملیۆن دینار خەملێنراون.

بەپێی نووسراوێک کە لە ڕۆژی 2012/4/1 بــە ژمــارە (503/22) دەرچــووە و واژۆی قایمقامــی بەردەڕەشــی لەســەرە، داواکراوە (ه.ئــە) بــە بڕی 223 ملیــۆن و 707 هەزار و 900 دینــار قەرەبــوو بکرێتــەوە، لــە بڕی 26 دۆنــم زەوی کە بــەر باڵەخانەی ناحیەی ڕۆڤیا کەوتووە.

دوای تێپەڕبوونــی دوو ســاڵ بەســەر ئــەم نووســراوەدا، بەبێ ئــەوەی هۆکارەکەی دیاری بکــرێ، ئەو هاووڵاتییە دیســان بە نووســراوی ژمارە (7273) لە 2014/6/11 بە چوار پارچە زەوی قەرەبوو دەکرێتەوە لە ســەنتەری قەزای بــەردەڕەش. چوار پارچــە زەوییەکەش بە 91 ملیۆن و 551 هەزار و 412 دینار خەملێنراون.

ســەرۆکایەتی شــارەوانی بــەردەڕەش بــە نووســراوی ژمــارەی (1045) لــە بــەرواری 2014/8/20 نووســراو بــۆ شــارەوانی ڕۆڤیــا دەکات و داوا دەکات چیــدی (ه.ئــە) قەرەبوو نەکرێتــەوە کە پێشــتر بە چــوار پارچە زەوی قەرەبوو کراوەتەوە.

بــەڵام جوتیارانــی ناوچــەی ڕۆڤیــا دەڵێن (ه.ئــە) مافــی قەرەبووکردنــەوەی نەبــووە، چونکــە هیــچ ســەنەدێکی نییە بیســەلمێنێ زەوییەکە هی ئەوە.

ئەندازیــار بەیــار موســا عەلــی، ســەرۆکی شــارەوانی بەردەڕەش لەبارەی ئەو قەرەبووانە بــە (ڕووداو)ی گوت "ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە، ئێمە تەنیا فەرمانمان پێکراوە کە زەوییەکان بخەملێنین".

تاوەکو ســاڵی 2007 بەردەڕەش ناحیەیەک بــوو ســەر بە قــەزای ئاکــرێ، ســەردەمانێک یەحیا عەبدولعەزیز، باوکی قایمقامی ئێســتای بــەردەڕەش قایمقامــی ئاکــرێ بــوو، ئەوکات ڕۆڤیــا گوندێکــی ســەر بــە ناحیــەی بــەردەڕەش بــوو، شــارەوانیش لــەو گوندە نەبــوو تاوەکو ماســتەرپلانی هەبێــت، بۆیــە هــەر کەســێک دەسەڵاتی هەبووایە، دەستی بەسەر زەوییەکاندا دەگرت.

حاکــم قــادر عەزیز، بەڕێوەبەری پێشــووی ناحیــەی ڕۆڤیا کە یەکــەم بەڕێوەبەری ناحیە بووە لە ڕۆڤیا و باڵەخانەی ناحیە لەسەردەمی ئەودا دروستکراوە، بە (ڕووداو)ی گوت "شوێنی زەوی بــارەگای ناحیــەی ڕۆڤیــا موڵکــی هیچ کەسێک نەبوو، زەوی کشتوکاڵی بوو، لە دەست شــێخ موعتەســەمدا بوو لە ڕۆڤیا کە ئامۆزای (ه.ئە) یە، کاتێک لەنێو زەوییەکە باڵەخانەی ناحیەمان دروســتکرد، شێخ موعتەسەممان بە چەند دووکانێک قەرەبوو کردەوە لە ســەنتەری ناحیــەی ڕۆڤیــا. بەڵام ئــەو بنەماڵەیــە ئەوە ســێیەمجارە قەرەبوو دەکرێنــەوە، لە کاتێکدا زەوییەکە هی ئەوان نییە".

ئەمین عەلی عەزیز، سەرۆکی شارەوانی ڕۆڤیا لەبارەی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەســانە گوتی "قەرەبووکردنەوەی خــاوەن موڵک و جوتیاران بەپێــی یاســا لە ڕێــگای قایمقامیەتــی قەزای بــەردەڕەش و پارێــزگای دهــۆک و شــارەوانی دهۆکەوە دەکرێت، ئەوان نووســراویان بۆ ئێمە کــردووە کە (ه.ئــە) قەرەبوو بکەینــەوە، من وەکو ســەرۆکی شارەوانی بە یاسا کار دەکەم، ئامۆزاکەی قایمقام داوای موخالەفەی یاســایی دەکات، بەڵام من بۆی ناکەم".

ســەرۆکی شــارەوانی ڕۆڤیا گوتیشی "جگە لــە (ه.ئــە) 11 کەســی دیکــە زەوییــان بەر جادە کەوتووە و ئێمە تێکمانداوە و نووســراوی قەرەبوومان بۆیان کردووە، بەڵام ئەوان تاوەکو ئێســتا قەرەبوو نەکراونەتەوە، چونکە بەدوایدا ناچن".

بەڵام جەلال کازم کە یەکێکە لە جووتیارانی گوندی جوجەر لە نزیک ناحیەی ڕۆڤیا، قسەکانی سەرۆکی شارەوانی ڕەتکردەوە و گوتی "بەهیچ شێوەیەک شوێنی بارەگای ناحیەی ڕۆڤیا زەوی (ه.ئە) نەبووە. ئەم پارچە زەوییە لە ســاڵانی 1960 زەوی کشتوکاڵیی گوندەکەی ئێمە بوو، تاوەکو ئێســتاش هیچ کەس ســەنەدی موڵکی نییــە بۆ ئــەو زەوییە. کاتی خــۆی کە یەحیا عەبدولعەزیز باوکی قایمقامی ئێستای بەردەڕەش قایمقامی ئاکرێ بوو، بەشێک لە موڵکی خەڵکی جوجەری برد و دای بە دەروێشەکانی تەریقەتی خۆیان، چونکە بە خۆیان شێخ بوون لە ڕۆڤیا و لە بنەڕەتدا ناوی (ه) لەسەر ئەو زەوییە نەبووە".

جــەلال ســەرســوڕمانی خــۆی دەربــڕی بەرامبــەر قەرەبووکردنــەوەی (ه) و گوتــی "ئــەوە ناعەدالەتییەکــی زۆر گەورەیــە، قایمقــام هــەر جارەو بە بیانوویــەک ئامۆزاکــەی خۆی قەرەبــوو دەکاتــەوە. ســەنەدی 8 دۆنم زەویم هەیە کە دوو ساڵە بەر جادە کەوتووە و چەندین جار داوای قەرەبــووم کــردووە، کەچی تاوەکو ئێستا قەرەبوو نەکراومەتەوە".

جــەلال، فەرمانبەرێکــی نێــو شارەوانیشــی بــەوە تۆمەتبــار کرد کــە داوای پارەی کــردووە بۆ ئەوەی ئیشــەکەی لە شــارەوانی بۆ بڕوێنێ "فەرمانبەرێکــی شــارەوانی پێیگوتم هــەزار دۆلارم بــدەرێ، مامەڵــەی قەرەبووەکەتان بۆ دەڕوێنم".

مامۆســتا عیســمەت کە خــاوەن موڵکە لە گوندی جوجەری نزیــک ناحیەی ڕۆڤیا، گوتی ئەویش 2 دۆنم زەوی تێکدراوە کە سەنەدیشی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا قەرەبوو نەکراوەتەوە.

هاوکات فەرهاد شاهین عەبدولقادر موختاری گوندی جوجــەر بــە (ڕووداو)ی گوت "ئێمەی خەڵکی گوندی جوجــەر زەوییەکانمان لەلایەن شــێخ و ئاغا داگیرکراوە، بــەر لەوەی بارەگای ناحیەی ڕۆڤیا ئاوا بکرێت زەوییەکە هی خەڵکی گونــدی جوجەر بوو، پارچەیەک زەوی ئێمەش لەو شوێنە بوو ئەویشیان داگیرکرد".

موختاریش ڕەتیکــردەوە ئەو پارچە زەوییە هی ئامۆزای قایمقامی بەردەڕەش بێت و گوتی هیچ کەس سەنەدی ئەو زەوییەی نییە.

(ڕووداو) چەنــد جارێــک پەیوەنــدی بــە قایمقامــی بەردەڕەشــەوە کرد، بــەڵام وەڵامی پرسیارەکانی نەدایەوە و ئامۆزاکەشی ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە.

سەرمایەدارێکی دهۆک:

# پارتی 20 ساڵە ملیۆنێک دیناری سویسری قەرزداری منە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ســەرمایەدارێکی شــاری دهــۆک دەڵێت 20 ســاڵ لەمەوبــەر بڕی یەک ملیــۆن دیناری سویســری بە قــەرز داوەتە پارتــی دیموکراتی کوردســتان، بــەڵام تاوەکو ئێســتا پارەکەیان نەداوەتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتیش دەڵێــت ئــەو هاووڵاتییــە ئەو پارەیــەی وەکو هاوکاری پێداوین نەک قەرز.

عیســمەت ســەعید عەبدوڵڵا (عیســمەت باجلــوری) خاوەنــی یەکێــک لــە کۆنتریــن خواردنگەکانی دهۆکە بەناوی سەدیر. بەقسەی خۆی لە ســاڵی 1995 لەسەر داوای نێچیرڤان بارزانــی، جێگری ســەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردســتان بڕی یەک ملیۆن دیناری سویسری بە قەرز داوەتە ئەو حیزبە، بەڵام تاوەکو ئێستا قەرزەکەیان نەداوەتەوە.

عیســمەت بــە (ڕووداو)ی گــوت "پێشــتر چەندین جــار بە گوژمەی کــەم کــەم هاوکاری پارتیم کردووە، جگە لەوەی بایی بڕە پارەیەکی زۆر خواردنم داونەتێ، پەیوەندی باشــم لەگەڵ زۆربەی بەرپرسەکانی پارتی هەبوو، بە تەلەفۆن لەگــەڵ کاک نێچیرڤــان بارزانی و فازڵ میرانی و شــەوکەت شــێخ یەزدین قســەمان هەبوو، شــەوێک حاکم ســالم بەڕێوەبەری ئاسایشــی ئەوکاتــی پارتی لە دهــۆک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی پارتی پێویستی بەبڕە پارەیەک هەیە و کاک نێچیرڤــان دەڵێــت دەبــێ هاوکاریمان بکات، منیش هەرچی پارەم هەبوو کۆمکردەوە، 15 پارچە زەویشــم هەبوو، هەموویم فرۆشت، هەتا پارچە زەوییەکی براکەشــم کە شەهیدی پارتی بوو، فرۆشتم و بڕی یەک ملیۆن دیناری سویسریم بۆ کۆکردنەوە".

عیسمەت باجلوری سەرجەم ئەو بەڵگانەی دایــە (ڕووداو) و دەڵێــت "پارەکــەم بــردە ئاسایشــی دهــۆک، هەر یەک لە حاکم ســالم، بەڕێوەبەری ئاسایشی دهۆک، جەمیل ئاشوور، ئەندامی لیژنەی کۆکردنەوەی هاوکاری، شەهید شەوکەت شــێخ یەزدین کە ئەوکات بەرپرسی دارایــی پارتــی بــوو، هەموویان لــەوێ بوون، چوومــە ژوورەوە، کاک ســالم پێیگوتم، با کاک عیســمەت ئــەو پارەمــان بداتێ، ئێمــە دوایی تەعویزی دەکەینەوە، منیش پارەکەم پێدان".

عیســمەت کە لایەنگری پارتییە، دەڵێت ئەو لە گوندەکەیان تاکە لایەنگر و دۆســتی پارتی بووە، هــەر بۆیەش چەند جارێک هەڕەشــەی کوشــتنی لێکراوە. عیســمەت گوتی "باوک و براکانم پارتی بوون، برایەکم شەهیدی پارتییە، بەڵام من بە فەرمی لە ڕێکخســتنەکانی پارتی نەبــووم، تەنیــا لایەنگری ئەوان بــووم، حەزم دەکــرد هاوکارییــان بکــەم، بــەو هۆیەش بە دەیانجار هەڕەشەی کوشتنم لێکراوە، بەڵام من هەر ســوور بووم لەسەر هاوکاریکردنی پارتی، تەنانەت تاوەکو پێنج ســاڵ لەمەوبەریش هەر هاوکاری پارتیم کردووە".

باجلوری ڕەخنە لە کەســەکانی دەوروبەری سەرکردایەتی پارتی دەگرێت و دەڵێت "بەدەیان جار کاک فازڵ و کاک وەجیە و کاک نێچیرڤان پێیانگوتووم تاوەکو پارتی مابێت، عیســمەت لەبیر ناکەین، بەڵام بەداخەوە پێنج ساڵە داوام کردووە جەنابــی کاک نێچیرڤان ببینم، ڕێگەم نادەن بیبینم".

عیســمەت چاوەڕێیــە ڕۆژێک بەرپرســانی پارتی ئەویان بیر بکەوێتەوە و دەڵێت "لەوەی بــۆ پارتیــم کــردووە، لــە هیچیان پەشــیمان نیم، تەنانەت بۆ شــەڕی داعشــیش بایی 100 ملیۆن دینار خواردنم بۆ پێشمەرگە ناردووەتە بەرەکانی شــەڕ. من یــەک ئاواتم هەیە، تەنیا یەکجار کاک نێچیرڤان بارزانی ببینم و قســەی دڵی خۆمی بۆ بکەم". عیسمەت گوتیشی "ئەو 15 پارچە زەوییەی بۆ پارتیم فرۆشــت، ئەگەر بمابایە ئێستا بایی 16 ملیۆن دۆلار بوو".

جەمیل عاشوور ئەندامی لیژنەی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ پارتی ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە عیسمەت باجلوری ئەو پارەیەی داوەتە پارتی، بەڵام گوتی هاوکاری بوو نەک قەرز.

جەمیــل عاشــوور بــە (ڕووداو)ی گــوت "جگــە لــەو پارەیە، بــە دەیان ڕێــگای دیکە کاک عیســمەت هاوکاریــی پارتــی کــردووە، بەڵام ئەو تەنیا نەبــوو، بەڵکو ئەوکات پارتی پێویســتی بە هاوکاریی دەوڵەمەندەکان بوو، کاک نێچیرڤــان بڕیاری دابوو دەوڵەمەندەکانی دهۆک کە نزیکەی 10 کەس بوون هەریەکەیان بڕی ملیۆنێک دیناری سویسری وەک هاوکاری بدەنــە پارتی، نەک قەرز، کاک عیســمەتیش وەکو سەرمایەدارێکی دهۆک ئەو پارەیەی دایە پارتی".

هەر لەوبارەوە سەربەست لەزگین، ئەندامی ســەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردســتان گوتی "ڕاســتە کاک عیســمەت ئــەو پارەیەی دایــە پارتی، بــەڵام ئەوە هــاوکاری بوو نەک قەرز". ســەبارەت بــە قەرەبووکردنەوەی ئەو سەرمایەدارانە، سەربەست لەزگین گوتی "هیچ ســەرمایەدارێک قەرەبوو نەکرایــەوە، چونکە پارەکە بە هاوکاری وەرگیرابوو، نەک بە قەرز".

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی:

ئەو پارەیەی بە هاوکاری داینێ نەک بە قەرز





ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11

## لە سەردەشت 30 کەس دەستگیرکراون

**ڕووداو- سەردەشت**

لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 30 کەس دەستگیرکراون کە سێیان ژنن. سەرچاوەیەک لە سەردەشتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سەربەیانی ڕۆژی دوێنێ یەکشەممە بنەماڵەی ئەو خۆپیشاندەرانەی دەستگیرکراون لەبەردەم ئیدارەی ئیتلاعاتی سەردەشت کۆبوونەتەوە و داوای ئازادکردنی گیراوەکانیان کردووە. ئێوارەی ڕۆژی شەممە 9-5-2015 بەسەدان هاونیشتمانی شاری سەردەشت لە مەیدانی سەروچاوێ گردبوونەوەیەکیان سازکرد و بەرەو مەیدانی سەلاحەدین ئەیوبی خۆپیشاندانیان سازدا. بەڵام هێزە ئەمنییەکانی ئێران ڕووبەڕوویان بوونەوە و 30 کەسیان دەستگیرکرد و تاوەکو ئێستا لە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەردەشت دەستبەسەرن.





گەزیزە باپیری

## خاوەنی هوتێل تارای مهاباد:

# سکاڵا لەسەر هەموو ئەوانە تۆمار دەکەم کە هێرشیان کردە سەر هوتێلەکەم

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر مەرگی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی لە مەهاباد، قایمقامی ئەو شارە دەڵێت "لە داهاتوویەکی نزیکدا دۆسیەکە بۆ هەموو کەس ڕوون دەبێتەوە. بنەماڵەکەی هەموو کارەکەیان بە دادگا سپاردووە". هاوکات خاوەنی ئەو هوتێلەی فەریناز کاری تێدا دەکرد، دەڵێت سکاڵا لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمار دەکات کە هێرشیان کردووەتە سەر هوتێلەکەی.

جەعفەر کەتانی قایمقامی مهاباد بە (ڕووداو)ی گوت "دۆسیەکە ئێستا لە دادگایە و لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو شتەکان ڕوون دەبنەوە". کەتانی لەوە زیاتر قسەی نەکرد و گوتی "دۆخی شاری مەهاباد ئارام بووەتەوە، نامەوێ بەبڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک دیسان دۆخەکە تێکبچێتەوە".

سلێمان خوسرەوانی، برای فەریناز، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە سەرەڕای ڕەتکردنەوەی ئەو دەنگۆیانەی سەبارەت بەو ڕووداوە بڵاودەبنەوە، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەوان پرسەکەیان بە دادگا سپاردووە. ئەوان دەڵێن زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ڕووداوەکە نییە.

بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆی خۆکوشتنی کچێکی کورد بەناوی فەریناز خوسرەوانی لە ڕێگەی خۆهەڵدانی لە نهۆمی چوارەمی ئەو هوتێلەی ئیشی تێدا دەکرد، کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێنا لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و شاری مهاباد بەتایبەتی.

خۆپیشاندەران ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو هێرشیان کردە سەر هوتێل تارا و ئاگریان تێبەردا. نادر مەولودی، خاوەنی هۆتێل تارای مهاباد کە لایەنێکی کێشەکە بووە، گوتی کە بایی 10 ملیار تمەن زەرەر و زیانی پێکەوتووە، بۆیە سکاڵا لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمار دەکات کە هێرشیان کردووەتە سەر هوتێلەکەی.



مەولودی گوتیشی "خۆپیشاندەران تەلەفزیۆن، سپلیت و شتی دیکەشیان بردووە، بەڵام هوتێلەکەم نۆژەن دەکەمەوە".

زۆر کەسی خەڵکی مهاباد دەڵێن فەریناز بە "پیلان"ی خاوەن هۆتێلەکە دەستدرێژی کراوەتە سەر. بەگوتەی ئەوان، نادر مەولودی ویستوویەتی هۆتێلەکەی لە چوار ئەستێرەوە بکاتە پێنج ئەستێرە، بۆیەش کارئاسانی بۆ سەید مورتەزا هاشمی وەند — کەسی تۆمەتبار — کردووە تاوەکو دەستدرێژی بکاتە سەر فەریناز. بەگوتەی ئەوان مورتەزا کە خەڵکی شاری تەورێزە، پیاوی ئیتلاعات بووە.

خاوەن هۆتێلەکە دەڵێت نەیویستووە هۆتێلەکەی بکات بە پێنج ئەستێرە، تەنانەت چوار ئەستێرەکەش کێشەی خۆی هەیە و خەرجییەکانی گرانە. گوتیشی "هەر دوای ڕووداوەکە تۆمەتبارەکەم ڕادەستی پۆلیس کرد".

نادر مەولودی ڕۆژی چواری ئەم مانگە بە (ڕووداو)ی گوت ئەگەر پێویست بێت گرتە ڤیدیۆییەکانی نێو هۆتێلەکە بڵاودەکەنەوە، تاوەکو خەڵک ڕاستی و دروستیی ڕووداوەکەیان بۆ دەربکەوێ.

گرتە ڤیدیۆییەکان ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە شاری مەهاباد بڵاوکرانەوە، بەڵام مەولودی ڕەتیکردەوە کە ئەو ئاگاداری بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆییەکان بێت.

گرتە ڤیدیۆییەکان بۆچوونی خەڵکی مەهابادی دابەشکردووە. بەشێک باوەڕیان بە ڕاستی و دروستیی ئەو وێنانە هێناوە و بەشێکی دیکەش زیاتر بەگومان بوون لەوەی کە ئەمە هەوڵێکی زیرەکانە بێت بۆ دەرچوون لە کێشەکە و ئابڕووبردنی قوربانیەکە.

گرتە ڤیدیۆییەکان نیشانی دەدەن کە فەریناز چەند جارێک سەردانی ئەو ژوورە دەکات کە مورتەزا هاشمی وەندی تێدا بووە. بەگوتەی مەولودی، پێش هەموو کەس گرتە ڤیدیۆییەکان پێشانی برا، زاوا و ئامۆزایەکی فەریناز دراوە و سەلمێندراوە کە ئەوان وەک هۆتێل تارا تۆمەتبار نین و کێشەیەکیان لەگەڵ بنەماڵەی فەرینازدا نییە.

مەولودی دەڵێ "دواجار یەکێک لە فەرمانبەرەکانی هۆتێلەکە گومان دەکات کە فەریناز چووبێتە لای ئەو کەسە. بۆیە تەلەفۆن بۆ دایکی فەریناز دەکات و لە ئەحواڵی فەریناز دەپرسێ. بەڵام دایکی دەڵێ فەریناز پێیگوتووە درەنگ دەگەڕێتەوە. دواتر دایکی فەریناز تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێ خاوەن هۆتێلەکە بەدواتدا دەگەڕێت. بۆیە فەریناز پەیوەندیی بە کارمەندانی هۆتێلەکەوە دەکات و دەڵێت چ باسە؟ ئەوانیش پێیدەڵێن: خاوەن هۆتێلەکە تەماشای گرتە ڤیدیۆییەکانی کامێراکە دەکات. بۆیە ئەویش بۆ ئەوەی لە کامێراکانەوە دەرنەکەوێتەوە هەوڵ دەدات لەڕێی باڵکۆنەوە خۆی دەرباز بکات. لە نهۆمی چوارەمەوە خۆی بۆ نهۆمی سێیەم شۆڕ دەکاتەوە، بەڵام ناگاتە نهۆمی سێیەم و بەردەبێتەوە".

ئەم قسانەی مەولودی، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکان، لای بەشێکی زۆری خەڵک هێشتا جێی متمانە نین، بەتایبەتی ئەوەی کە فەریناز وەک کارمەندێکی هوتێلەکە سەردانی ژوورەکانی کردبێت، بەڵگەی ئەوە نییە کە پەیوەندییەکی نهێنی لەئارادا بووبێ، وەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگوترێ.

هەرچۆن بێت، مەرگی ئەو خانمە ڕەنگە تا ماوەیەکی درێژتر لەنێو گومان و تەمومژدا بمێنێتەوە و ناسۆرێکی هەمیشەیی لەدڵی خانەوادەکەیدا جێبهێڵێ.

# دیوەکەی تری مەرگی فەریناز

مەرگی فەریناز خوسرەوانی، ئەو کچەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە شاری مەهاباد بەهۆی دەستدرێژییەوە لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلێکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە، چەندین خۆپێشاندانی لە شارە کپکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام ئەگەر تەماشای دیوەکەی دیکەی ئەو ڕووداوە بکەین، تێدەگەین تا ئێستا کەیسی ژنان و کوشتنی ژنان زۆرتر وەک خودی کەیسەکە تەماشا نەکراوە. ئەوەندەی کەیسی فەریناز بە سیاسی کرا ئەوەندە لایەنە مەدەنی و مرۆییەکەی لەبەرچاو نەگیرا. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژن وەک شەرەف دەبینرێت. ئەگەر مەسەلە دەستدرێژیی نەبووایە و بە هۆکارێکی دیکە فەریناز کوژرابا، ئایا دەنگی ناڕەزایەتی هەروا بەرزدەبووەوە؟ ئایا ئەگەر فەریناز نەمردبا و زیندوو مابایەوە، هەموو ئەم دەنگە ناڕازییانە ئامادەبوون پشتیوانی لێبکەن و لە جیاتی ئەوەی قسەی بۆ دروست بکەن، هاوکارییان دەکرد کە ئەم ڕووداوە ناخۆشە تێپەڕێنێ؟

مەرگی فەریناز دەریخست کە تا ئێستا ژن تەنیا وەک شەرەفی پیاو، شەرەفی کۆمەڵگە دەبینرێ و هەر ئەوەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی لەم ڕووداوەی فەرینازدا کە دەستدرێژییە و دەچێتە خانەی شەرەفەوە، ئەو دەنگی ناڕەزاییانە بەرز ببنەوە. فەریناز یەکەم ژن و دوایین ژنی کورد نییە کە ببێتە قوربانیی دابونەریتەکانی کۆمەڵگە. ڕۆژانە چەندان ژن بە هۆکاری نادیار ناچار بە خۆسووتاندن دەکرێن یان دەکوژرێن، بەڵام کەس دەنگێک بەرز ناکاتەوە، کەس بە هانای ژنانی کورد لەو پارچەیە ناچێت.

کەیسی فەریناز بە سیاسی کرا، دەنا بە هەمان شێوە ڕەیحانە جەباری نەیهێشت دەستدرێژی بکرێتە سەر و ئەو پیاوەی کوشت کە هەوڵی دا دەستدرێژیی بکاتە سەری. ئەدی بۆ لە ماوەی حەوت ساڵی زیندانیدا ناڕەزایەتیەکی ئاوا ڕووی نەدا. فەریناز و ڕەیحانە دوو ژنی قوربانی دەستی دابونەریتێکن کە ژن تێیدا تەنیا وەک شەرەف و خۆراکی پیاو دەبینن.

نامەوێ فەریناز و ڕەیحانە بەراورد بکەم، بەڵام هەردووکیان تەنیا دوای مەرگیان بەرگرییان لێکرا، نەک ئەوکاتەی کە زیندوو بوون. ئێمە چالاکانی ژنان و خەمخۆرانی مافی مرۆڤ دەبێ نەهێڵین کەیسی فەریناز تەنیا دیوە سیاسییەکەی ببینرێت و لە چوارچێوەی سیاسەتدا مامەڵەی پێوە بکرێت. با مەرگی فەریناز سیگناڵێک بێ کە لە ڕێگەی دەربڕینی ناڕەزایەتی نەهێڵین ژنانی دیکە ئەو ڕووداوەیان بەسەربێت، جا لە دەستدرێژییەوە تا بێ مافکردنەکانی دیکەی ژنان. ئەگەر دەستدرێژیکار پیاوی ڕژێم بێ یان نا، گرنگ لەو ناوەندەدا ژنێک سووکایەتی پێکراوە، ژنێک مافی پێشێل کراوە و لە جیاتی ئەوەی وەک مرۆڤ ببینرێت، وەک شەرەف بینراوە.

مەرگی فەریناز مەرگێکی تراژیدی بوو، بەڵام هێندەی پیاوان لایەنە شەرەفەکەیان دیت و هاتنە سەرجادەکان، هێندە لایەنە مرۆییەکەی ئەو ڕووداوەیان وەک بێ مافکردنی ژنێک نەدیت. بەڵکو وەک سەودا و مامەڵەی ڕژێم و کچێکی کوردی ڕۆژهەڵات بینرا.

با هەموومان لە بەرامبەر هەر بێ مافکردنێکی ژناندا دەنگ هەڵبڕین، با لە پشت ئەو فەرینازەوە، فەرینازەکانی دیکە ببینین و بە ئامانجە مرۆیی و مەدەنیەکانمان بگەین.

# دیموکراتەکان گوێ نادەنە "نسکۆ و دابڕان"

## حدکا: چاوەڕێی وەڵامی هاوڕێیانی پێشووین بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندن

**ڕووداو- کۆیە**

هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نووسینی کتێب و ڕوونکردنەوە قسە لەسەر لێکدابڕان و لێکترازانەکانیان دەکەن. ئەوەش نیگەرانی لای ئەندامان و لایەنگرانی ئەو دوو حیزبە دروستکردووە کە هەوڵ و دانوستاندنەکانی ڕابردوو بۆ یەکگرتنەوە بە فیڕۆ بچن.

کتێبی "نسکۆ و دابڕان" کە لەلایەن مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە مێژووی ئینشعاب و لێکدابڕان بڵاوکرایەوە، وەک چاوەڕوان دەکرا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنە و وەڵامدانەوە بووەوە. دیارترینیان کتێبێک بوو بەناوی "ڕوونکردنەوە یان هەڵبەستنی مێژوو" کە لەلایەن عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نووسراوە. هەروەها جەلیل گادانی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوە.

بەڵام بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە لایەنگرانیان دڵنیا دەکەنەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم وەڵام و وەڵامکارییە، کاریگەری لەسەر یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان نابێت.

محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە (ڕووداو)ی گوت "بەڕای من بڵاوبوونەوەی نسکۆ و دابڕان و وەڵامدانەوەکان، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ڕەوتی دانوستاندن بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان نابێت، ناشبێ بیر لەوە بکرێتەوە".

ئەمە یەکەمجار نییە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیان، یان هەڤڤیقینەکانیان هەرایەک لە نێو لایەنگرانیان دەنێنەوە. پێشتریش کتێبێکی عەبدوڵڵا حەسەن زادە بە ناوی "ئەزموونی خەبات" دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. هەروەها کتێبێکی دیکە بە ناوی "پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی) لە نووسینی بەهمەن سەعیدی، وەڵام و وەڵامکاری بەدوای خۆیدا هێنا.

محەممەد نەزیف قادری بە دووری دەزانێ ئەم جۆرە کتێبانە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەبێت و گوتی "بۆ نموونە ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە تێبینیمان لەسەر کتێبەکەی مامۆستا عەبدوڵڵا هەبوو، بەڵام دیالۆگمان لەگەڵ هاوڕێیانمان دەست پێکرد". گوتیشی "کتێبەکەی کاک مستەفاش ڕای شەخسییە و نابێت لەبەر ئەوە دانوستاندنەکان پشتگوێ بخرێن".

مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەرچەندە لەگەڵ کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە کتێبانەدا نییە، بەڵام دەڵێت "ئەوە ڕای تاکەکەسی خۆیان بووە و پێمانوایە نابێتە کۆسپ لەبەردەم پرسی یەکگرتنەوە".

ڕوونکردنەوەکەی جەلیل گادانی سەبارەت بە کتێبی "نسکۆ و دابڕان" زمانێکی تایبەتیی تێدا بەکارهاتبوو کە زۆربەی ئەندامانی حدکا پێیانوابووە "بێڕێزی"یان بەرامبەر کراوە.


مستەفا مەولوودی ئامادە نەبوو سەبارەت بە ڕوونکردنەوەکەی جەلیل گادانی قسە بکات، بەڵام محەممەد نەزیف قادری گوتی "جەلیل گادانی بە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە خۆی ئینتحار کرد، ئایا ئەو ڕوونکردنەوە خودا حافیزی نییە لە یەکگرتنەوە؟ کۆمەڵێک تۆمەتی دوور لە ڕاستیشی خستووەتە پاڵ ئێمە".

قادری دەڵێت "لە دوای کۆنگرەی 10ی حیزبی دیموکرات پێش یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، زانیاریمان پێگەیشت کە ئەوان لەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە پیلانیان بۆ دارێژراوە، ئەوە کاک مستەفا بوو ئەم پیلانەی پوچەڵ کردەوە، ئەوە هەموو کەسەکان ماون و بە بەڵگە و دۆکۆمێنت دەتوانین ئەوە بسەلمێنین، بەڵام ئەو تۆمەتی ئەو کارەی خستووەتە پاڵ ئێمە، ئەوەی کاک جەلیل باسی کردووە لەگەڵ مێژووی خەبات و جێگە و پێگەی ئەودا، یەکناگرنەوە".

هەرچەندە هەردوولایەن پێیانوایە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبانە نەبووەتە هۆی پەککەوتنی پرسی یەکگرتنەوە، بەڵام یەکدیش بە کەمتەرخەم دەزانن سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوە.

محەممەد نەزیف قادری دەڵێت "لە دوایین دانیشتنی هاوبەشماندا هەندێک خاڵی بنەڕەتی باسی لێوەکراوە و هاوڕێیانی پێشوومان قبوڵیانکرد کە لە ژێر ستراتیژ و هێمای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یەکبگرینەوە، ڕوانینی زۆر دۆستانە و ئەرێنیمان هەبوو، ئێمە ئاکامەکانی ئەو دانیشتنەمان بردەوە پلینیۆمی کۆمیتەی ناوەندی، بڕیار لەسەر درێژەی دانوستاندنەکان درا، لەوکاتەوە سێجار پەیوەندیمان پێوەکردوون بۆ ئەوەی دەست بە دانوستاندن بکەینەوە، بەڵام هێشتا وەڵامیان نەداوینەتەوە، ئێمە وا هەست دەکەین ئەوان یەکگرتنەوەیان ناوێت".

بەڵام مستەفا مەولوودی ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و گوتی "ڕێزم بۆ ڕای ئەوان هەیە! بەڵام ئەو قسەیە دەبێ لەکوێوە هاتبێت؟ ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەین ئێمە هەنگاوی ئەرێنیمان زیاتر هەڵێناوەتەوە و هەوڵی زیاترمان لەپێناو پرسی یەکگرتنەوە داوە، ئەوە ئێمەین کە گەلاڵەی تایبەت بەو پرسەمان ڕادەستی ئەوان کردووە".




# ئەکتەرێکی هۆلیوود دەبێتە شەڕڤانی YPG

## مایکل ئینرایت: پێیانگوتم بڕۆ سلێمانی و لەوێ بەدواتدا دێین







بەنیاز نیم بگەڕێمەوە بەریتانیا

**رووداو- دەیلی مەیڵ**

مایکڵ ئێنرایت، ئەکتەری بەناوبانگی هۆڵیود، ئەو ئەکتەرەی لە زۆرینەی فیلمەکانیدا راوکەری چەکدارانی توندئاژۆ بوو، وازی لە هۆڵیود هێنا و دوور لە فیلم بۆ بەشداریکردن لە شەڕی دژ بە داعش، پەیوەندی بە شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG کردووە لە رۆژئاوای کوردستان. ئەو ئێستا لەلایەن شەڕڤانانی YPG ەوە راهێنانی سەرەتایی پێدەکرێت.

مایکڵ ئێنرایت، لەو کاتەوەی لە دایکبووە و تاوەکو ئەمڕۆ کە تەمەنی 51 ساڵە، بەهیچ شێوەیەک کاری سەربازی نەکردووە، ئەو لە تەمەنی 16 ساڵییەوە دەستی بە بەشداریکردن لە فیلمدا کردووە و لە تەمەنی 19 ساڵیدا بووەتە ئەکتەری هۆڵیوود. ئەو هیچ راهێنانێکی سەربازی نەبینیوە، بەڵام شانبەشانی شەڕڤانانی YPG لە چیاکان دژی داعش دەجەنگێت و بە بەردەوامی کلاشینکۆفەکەی لەدەستی دایە. ئێنرایت ئێستا وازی لە ژیانی هونەرمەندی و ئەکتەری هێناوە و ماوەی دوو مانگە لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن شەڕڤانانی یەپەگەوە راهێنانی پێدەکرێت.

ئەم ئەکتەرەی هۆڵیود دەزانێت کە رۆیشتنی بۆ سووریا و چیاکانی شنگال وەک برینی بلیتێکی یەک سەرە وایە، بەڵام ئەو دەڵێت وازی لە بینینی رۆڵ لەناو فیلمەکان هێناوە تاوەکو بتوانێت رۆڵێکی کاریگەر و راستەقینە ببینێت لە شەڕی دژ بە داعشدا. ئێنرایت ئاماژەی بەوە کردووە کە کوژرانی رۆژنامەنووسی ئەمریکی جەمیس فۆلی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە و سووتاندنی فڕۆکەوانە ئوردنییەکە هاندەری بوون بۆ بەشداری لە شەڕی دژ بە داعش.

پێش چوونی بۆ ناو خاکی رۆژئاوای کوردستان، ئەو هەواڵەی بە هیچ یەکێک لە هاوکارانی لە هۆڵیوود نەگوتبوو. نەوەک فڕۆکەخانەی لێ ئاگاداربکەنەوە و رێگەی لێبگرن. ئەو تەنانەت دایک و خوشک و خزمەکانیشی ئاگادار نەکردووەتەوە. ئەو ئێستاش کە لە رۆژئاوای کوردستانە هەمووان بۆ دڵنیابوونەوە لەو قسانە لەرێگەی فەیسبووکەوە بە بەردەوام پەیوەندی پێوەدەکەن و پرسیاری ئەوەی لێدەکەن ئایا ئەو قسانە راستن یان نا.


مایکڵ ئێنرایت لەلایەن شەڕڤانانی YPG پێیگوترابوو لە ئیستەنبوڵەوە بچێتە سلێمانی و دواتر ئەوان دێن لەوێوە لەگەڵ خۆیان دەیبەن، ئەو لە هۆتێلێک ماوەتەوە تاوەکو ئەو کاتەی دووبارە پەیوەندی بە شەڕڤانانەوە کردووە و هاتوون بۆ ئەو هۆتێلە بە دوایدا.


ئەو دەڵێت "ئەوان هاتن و منیان هەڵگرت، لەم کاتەدا من زۆر ترسام لەبەرئەوەی جیاوازی نێوان کورد و چەکدارانی داعشم نەدەکرد بۆ ناسینەوەیان، ئەو پیاوەی پرسگە پێیگوتم ئەگەر نایانناسی مەڕۆ لەگەڵیان، بەڵام من گوتم من بۆ ئەم کارە هاتووم و تۆ تەنیا هاوکاریم بکە بۆ ئەوەی بزانم کوردن یان نا". ئیدی پاش دڵنیابوونەوە لەوەی ئەوانە ئەو کەسانەن کە پەیوەندی لەگەڵیان گرتووە، لەگەڵیان چووە و ئێستا دەڵێت لە ناو شەڕڤانانی یەپەگەدا زۆر خۆشحاڵە.

ئێنرایت زۆر نیگەرانە لەوەی هێرشە ئاسمانییەکان لەلایەن هاوپەیمانانەوە بە گوێرەی پێویست ئەنجامنادرێن "ئەگەر بێت و بەریتانیا زۆر بە جددی ئەم کارەی لە سووریا ئەنجامدابا، ئەوە بە دڵنیاییەوە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چەکدارانی داعش لە رۆژئاوای کوردستان و سووریا لەناودەبران". ئەو دەشڵێت لە ناو شەڕڤاناندا زۆر خۆشحاڵە و لە پلانیدا نییە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بەریتانیا.

# مارەیی کچە رۆژنامەنووسێکی کورد کوشتنی 50 چەکداری داعش بووە

## شیلان عەبدولمەناف: هەر داعشێکی دەکوشت وێنەکەی بۆ دەناردم





**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

گەنجێکی کۆبانێ بەڵێنەکەی خۆی بەرامبەر کچە رۆژنامەنووسێکی باشووری کوردستان بردە سەر و 50 داعشی کوشت، کچە رۆژنامەنووسەکەش شووی پێکرد. ئەو کچە دەڵێت "ئەوە تاکە مەرجی شووکردنم بوو بەو کوڕە و هیچ شتێکی دیکەم لێی ناوێت".

رۆژی 2015/5/5 کچە رۆژنامەنووسێکی شاری دهۆک بەناوی شیلان عەبدولمەناف، ئەڵقەی هاوژینی لەگەڵ گەنجێکی کۆبانێ بەناوی رامان کنجۆ گۆڕییەوە.

شیلان عەبدولمەناف لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی ناسینی ئەو شەڕڤانە دەکات و دەڵێت "پێنج مانگ لەمەوبەر لە رێگای فەیسبووک رامانم ناسی، ئەو رۆژانە چالاکییەکانی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکردەوە. جگە لەوەش پەیامنێری رادیۆی پەیامنێر بوو، رۆژانە هەواڵی دەنارد".

دوای تێپەڕبوونی دوومانگ بەسەر یەکترناسینیان، پەیوەندی شیلان و رامان لە هاوڕێیەتییەوە دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستی. رامان داوا لە شیلان دەکات شووی پێبکات، بەڵام شیلان مەرجێکی بۆ دادەنێت.

شیلان گوتی "رامان داوای کرد شووی پێبکەم، منیش بەو مەرجە رازی بووم کە ژمارەیەکی زۆر داعش بکوژێت، ئەویش گوتی بەسەرچاو، با مارەییەکەت سەری 50 داعش بێت، منیش گوتم باشە رازیم".

شیلان عەبدولمەناف، دانیشتووی شاری دهۆک و دەرچووی کۆلیژی ئادابە، چەند ساڵێکە کاری رۆژنامەڤانی دەکات. شیلان رەتیکردەوە کە ئەو کارەی بۆ ناوبانگ پەیداکردن کردبێت و گوتی "ئێمە پێویستمان بە ناوبانگ نییە، چونکە هەردووکمان بایی ئەوەندە ناوبانگمان هەیە، هەردووکمان رۆژنامەڤان و چالاکڤانین".

سەبارەت بە جێبەجێکردنی داواکەی، شیلان گوتی "بەڵێ رامان بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر، هەر کاتێک چەکدارێکی داعشی دەکوشت، وێنەیەکی لەگەڵ دەگرت و لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بۆی دەناردم، کاتێک گەیشتە 50 گوتم ئیدی بەسە و وەرە خوازبێنیم".

دوای ئازادکردنی کۆبانێ لەدەست چەکدارانی داعش و کوشتنی زیاتر لە 50 چەکداری ئەو رێکخراوە، رامان کنجۆ رۆژی 24ی نیسان دێتە باشووری کوردستان بۆ ئەوەی خوازبێنی شیلان بکات. شیلان گوتی "رامان داوای منی لە باوکم کرد، ئەویش رازی بوو، بۆیە رۆژی 5ی ئەم مانگە ئەڵقەمان گۆڕییەوە". گوتیشی "من هیچ داواکارییەکم لەو کوڕە نییە، مادام بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر، ئامادەم لەژێر خێوەتیشدا لەگەڵی بژیم".

رامان کنجۆ زۆر دڵخۆشە کە مرازەکەی حاسڵ بووە و ئەڵقەی دەزگیرانداری لە پەنجەدایە. ئەو گوتی "کاتێک کەوتمە داوی خۆشەویستی شیلانەوە، نەمزانی چ بەڵێنێکی پێبدەم، چونکە هیچ شتێکم نەبوو، داعش ماڵ و پارە و هەموو شتێکی لێ بردبووین، بە شیلانم گوت هیچم نییە، ئەگەر رازی بیت با مارەییەکەت 50 سەری چەکدارانی داعش بێت".

رامان کنجۆ خەڵکی کۆبانێیە، پێشتر چەند جارێک لەلایەن رژێمی سووریاوە دەستگیرکراوە، دوای ئەوەی ئازاد دەکرێت دەچێتە بەیروت، لەوێشەوە دەچێتە تورکیا. ئەو دەڵێت "کە داعش هێرشی کردە سەر کۆبانێ پەیوەندیم بە کەسوکاری خۆم کرد و گرووپێکمان ئامادە کرد، من بوومە بەرپرسی ئەو گرووپە، کاتێک پێشمەرگە هاتن بۆ کۆبانێ لەگەڵ ئەوان ئێمەش چووینە نێو کۆبانێ".

رامان زۆر پەسنی خۆشەویستەکەی دا و گوتی "کچێکی زۆر کوردپەروەرە، بەردەوام لەشەڕەکاندا ورەی بەرز دەکردمەوە، بەڵام زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکردم و دەیگوت زۆر مەچووە پێشەوە لە شەڕ، نەوەک شتێکت بەسەر بێت. منیش پێمدەگوت ئەگەر نەچمە پێشەوە ئەی چۆن بتوانم داعش بکوژم و مارەییەکەی تۆ بدەم".

رامان گێڕایەوە لە شەڕێکدا بریندار بووە، بەڵام لە خۆشەویستی بۆ شیلان لە شەڕ نەکشاوەتەوە و ویستوویەتی بەزووترین کات 50 داعش بکوژێت و بە شیلان بگات.

سەبارەت بە چۆنیەتی حیسابکردنی ئەو 50 چەکدارە، رامان دەڵێت "هەر چەکدارێکی داعشم کوشتبێت، وێنەیەکم لەگەڵ گرتووە و بۆ شیلانم ناردووە، جگە لەوەش شتێکی ئەو داعشانەم وەکو چەقۆ و ناسنامە لەلای خۆم هەڵدەگرت".

رامان و شیلان بەنیازن دوو هەفتەی دیکە زەماوەندی هاوژینی بکەن. کنجۆ دەڵێت "ئاهەنگێکی زۆر جوان و قەشەنگ دەکەین لە شاری دهۆک، چونکە بۆچوونم جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی ئێستا لە کۆبانێن، بۆیە جارێ هەر لە دهۆک دەمێنمەوە".

## بازرگانانی کوردستان دەچنە ئەمەریکا

**ڕووداو – سلێمانی**

وا بڕیارە دوو شاندی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان بەشداری لە پێشانگا و کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن.
بەختیار مەلا ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی هاوردە و ناردنکاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەکۆتایی ئەم مانگەدا وەفدێکی یەکێتی هاوردە و ناردنکاران بەشداری کۆنگرەیەکی بازرگانی دەکەن کە لەشاری (هۆستۆن) بەڕێوەدەچێت. هەروەها وەفدێکی دیکەش لە ڕۆژانی (18 تاوەکو 20ی مانگی داهاتوو بەشداری پێشانگایەکی نێودەوڵەتی خواردەمەنی مارکە لە ئەمریکا دەکەن.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11

# بەریتانییەکان ڕووپێوی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان دەکەن

### بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ:
### بەم توانا و ئامێرانەی هەمانە تاپۆکردنی زەویی گوندەکان 150 ساڵی دەوێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی ڕووپێوی زەوییە کشتوکاڵییەکان و خێراترکردنی پرۆسەی تاپۆکردنیان لەسەر جوتیاران، وەزارەتی کشتوکاڵ بەنیازی مۆرکردنی گرێبەستێکە لەگەڵ زانکۆی لیستەری بەریتانی و برنۆی چیکی و کۆمپانیایەکی بەریتانی.

گرفتی زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە، شارەزایانی یاسای زەوییە کشتوکاڵییەکان دەڵێن، بەشی زۆری ئەو یاسا و ڕێنماییانەی لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە دەرچوون، نەیانتوانیوە ئەم گرفتە چارەسەر بکەن.

لە سەرەتای ساڵانی سییەکانەوە تاوەکو ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتی عێراق 5 یاسای بۆ چارەسەرکردنی گرفتی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەرکردووە، ئەوانیش یاسای ژمارە 50 لە ساڵی 1932. یاسای ژمارە 29 لەساڵی 1938. یاسای ژمارە 30 لە ساڵی 1958. یاسای ژمارە 117 لە ساڵی 1970 و یاسای ژمارە 90 لە ساڵی 1975.

ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەزا لە یاسای زەوییە کشتوکاڵییەکان دەڵێت "سەرجەم ئەم یاسایانە بۆ یەکلاکردنەوە و چەسپاندنی مافی خاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەرچوون، بەڵام زۆربەیان نەیانتوانیوە گرفتی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان چارەسەر بکەن و خاوەندارێتی و ماف بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانیان بگەڕێننەوە".

ئەنوەر عومەر یەکێک لەو یاسایانەی بە نموونە هێنایەوە کە زیانی زۆری بە جوتیاران گەیاندووە. ئەو گوتی "مادده 8 لە یاسای ژمارە 90ی ساڵی 1975 گرفتی زیاتری بۆ جوتیاران دروستکرد، چونکە بەپێی ئەم مادەیە سەرجەم ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە چەسپاندنی مافیان بۆ نەکراوە یان چەسپاندنی مافیان بۆ کراوە و بڕیاری کۆتاییان وەرنەگرتبوو، بوونە موڵکی میری. بەم هۆیەش هەزاران جوتیاری ناوچە سنوورییەکان گرفتیان بۆ دروستبوو، چونکە کاتی خۆی بەهۆی شەڕەوە زەوییەکانیان یەکلانەکرابووەوە".

### 156 ساڵی پێویستە

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لە هەرێمی کوردستان 6444 گوند و ناحیە و قەزا هەن کە زەوی کشتوکاڵیی بەشی زۆریان گرفتی چەسپاندنی سنوور و تاپۆکردنیان هەیە. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم گرفتە، ساڵی 2007 پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە 32ی بۆ چەسپاندنی ماف و سنوور دەرکرد و ماددەی 8ی لە یاسای ژمارە 90ی ساڵی 1975 هەڵوەشاندەوە.

پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 2008 یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2008ی دەرکرد بۆ تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەسەر جوتیاراندا. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی باڵای بۆ تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان پێکهێنا.

سەعد محەممەد، بەڕێوەبەری چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەندارێتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی گرفتی دابیننەکردنی بودجە لەکاتی خۆی بۆ کاری لیژنەکان و کەمیی ستافی شارەزا و خراپیی ئامێرەکانی ڕووپێوی، لەساڵی 2009 تاوەکو 2013 لیژنەی پارێزگاکان تەنیا توانیویانە چەسپاندنی سنوور بۆ 104 گوند بکەن، ڕێکخستنی خاوەندارێتیشیان بۆ 47 گوند کردووە.

ناوبراو پێیوایە ئەگەر ڕووپێوی و تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەم شێوە خاو و کلاسیکیەی ئێستا بەڕێوەبچێ "چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەندارێتیی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان 156 ساڵ دەخایەنێ، ئەمەش جگە لە بەفیڕۆچوونی بودجە و کاتێکی زۆر، گرفتی زۆری کۆمەڵایەتی بەدوادادێ، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زێدەڕۆیی لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان زیاد دەبێت".

تەواوی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان سنووری کەرتەکانیان (گوندەکان) دیاری کراوە، سەعد دەڵێت "گرفتەکە لەنێو کەرتەکاندا ئەوەیە کە ڕووبەری زەوییەکانیان بەنەخشە و ڕووپێوی دروست یەکلانەکراوەتەوە، بۆیە پێویستیان بە دووبارە ئەنجامدانی ڕووپێوی بۆ یەکلاکرنەوەی سنوورەکانیان هەیە".

سەعد باسی گرفتەکانی دیکەی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەکات و دەڵێت "چەند جۆرێکن، هەیانە هەر لە بنەڕەتەوە چەسپاندنی سنووریان بۆ نەکراوە، هەیە چەسپاندنی سنووریان بۆ کراوە، بەڵام پەسەند نەکراوە لەلایەن بەغدا و هەڵوەشاوەتەوە. هەشیانە چەسپاندنی سنووری بۆ کراوە و نەخشەیان هەیە، بەڵام نەخشەکانیان بە ئامێری کلاسیک کراوە، کاتێک بەئامێری تازە دووبارە ڕووپێویان بۆ دەکەین، نەخشەکانیان یەکناگرێتەوە و زەوی وا هەیە 15 تاوەکو 20 دۆنم جیاوازیی هەیە لەگەڵ نەخشەی نوێ".

وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ تاقیکردنەوەی توانا و شارەزایی ئەو کۆمپانیایانە لەبواری ڕووپێوی، بەنیازە بۆ هەریەکەیان کەرتێک (گوندێک) دەستنیشان بکات و دواتر هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانیان بکات و پێوەر بۆ گرێبەست لەگەڵیان دابنێ.

سەعد محەممەد دەڵێت ئەگەر حکومەت ڕەزامەندی لەسەر ئەم گرێبەستە بدات و بوجەی پێویستی بۆ تەرخان بکات، ئەوا چەسپاندنی سنوور و تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان زۆر خێرا دەبێت، دەتوانرێت لەڕێی سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا و توانا و شارەزایی ئەو کۆمپانیایانە، لەماوەی 10 ساڵدا گرفتی چەسپاندنی سنوور و تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان چارەسەر بکرێ.

پارێزگای سلێمانی کە 2671 گوندی هەیە، زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی بەهۆی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەوە، چەسپاندنی سنووری بۆ نەکراوە، بۆیە زۆرترین گرفتی هەیە.

فەرەیدون عومەر حوسێن، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی دەڵێت "ناوچە سنوورییەکانی وەک هەڵەبجە، پێنجوێن، ئەحمەداوە و شارەزوور چەسپاندنی سنووریان بۆ نەکراوەو گرفتی زۆری کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەو ڕووپێوە بکرێ".

جگە لە دابیننەکردنی بودجە لەکاتی خۆی و کۆنیی ئامێرەکانی ڕووپێوی. فەرەیدوون ئاماژەی بە گرفتێکی دیکە کرد لە بەردەم ئەنجامدانی ڕووپێوی و تاپۆکردنی زەویی گوندەکان، ئەویش ڕێکنەکەوتنی نێوان بنەماڵەکانە لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان "بۆ نموونە بەهۆی ئەو کێشانەوە لەسنووری پشدەر و ڕانیە نەمانتوانیوە هیچ زەوییەک تاپۆ بکەین".

ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ سەرقاڵی مۆرکردنی گرێبەستێکە لەگەڵ زانکۆی لیستەری بەریتانی و برنۆی چیکی و کۆمپانیایەکی بەریتانیی شارەزا لەو بوارە.

د.ئەنوەر دەڵێ پرۆژەکە لە قۆناغی سەرەتادایە و ئێستا خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکن بۆ دیاریکردنی نرخ و شێوازی ئەنجامدانی پرۆژەکە. گوتیشی "ئێمە گرێبەست لەگەڵ ئەو لایەنە دەکەین کە بیسەلمێنێ پێشینەی لەم کارەدا هەیە و کاری ڕووپێوییەکان بە وردییەکی زۆر و بەکاتێکی کەم و نرخێکی گونجاو بکات".

د.ئەنوەر باسی گرنگیی ئەو گرێبەستەی کرد و گوتی "ئەم گرێبەستە کاری ڕووپێوی خێراتر دەکات و ماف دەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی و پەیوەندییەک لە نێوان جوتیار و زەوییەکەی دروست دەکات. هەروەها ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە چارەسەر دەکات کە بەهۆی زەوی دروست بوون، بەرچاوڕوونییەکیشە بۆ وەزارەت بۆ ئەوەی بزانێت چەند زەوی کشتوکاڵی ماوە".



(فۆتۆ: ڕووداو)

# سندوقەکەی کرێکاران 67 ملیار دیناری تێدایە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت سەرەڕای خۆدزینەوەی بەشێکی زۆری خاوەنکاران لە بیمەکردنی کرێکارەکانیان، بەڵام ساڵ بە ساڵ ژمارەی کرێکارانی بیمەکراو لەزیادبووندایە. ئەو بەرپرسە هەروەها دەڵێت ئەگەر گرفتی کەمیی بودجە و ستافیان نەبێت، داهاتی سندوقەکە 5 ئەوەندی ئێستا زیاد دەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردوو، 78 هەزار و 525 کرێکار لە هەرێمی کوردستان لە20371 پڕۆژەدا دەستەبەرکراون. لەم ڕێگەیەشەوە داهاتی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە 66 ملیار و 736 ملیۆن و 265 هەزار دینار.

بەپێی یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2012ی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە سەرجەم ئەو کرێکارانەی لە پڕۆژە و کۆمپانیاکان کاردەکەن، دەستەبەربکرێن. هەر کرێکارێکیش دەستەبەرکرابێت خزمەتگوزارییەکانی وەک (مووچەی خانەنشینی، پاداشتی کۆتایی خزمەت، قەرەبووکردنەوە بەهۆی برینداربوون، یان مردن لەکاتی کارکردن) دەیگرێتەوە.

عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵامەتی دەڵێت پێشتر زۆر گرنگی بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی نەدەدرا و زۆر لە خاوەنکارەکانیش خۆیان دەدزییەوە، بەڵام بەهۆی هاتنی کرێکاری بیانی و گەڕانەوەی ئەو کوردانەی لە تاراوگە بوون، کرێکاران و خاوەنکارانی خۆماڵی گرنگیی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان بۆ دەرکەوت، بۆیە ساڵ بەساڵ ژمارەی بەشداربووان لەزیادبووندایە.

گوتیشی "ئەوەی زیاتر کۆمپانیاکانی پابەندی یاسای دەستەبەری کرد، بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران بوو کە دەڵێت هیچ پڕۆژەیەک ئەستۆپاکی پێنەدرێت تاوەکو کرێکارەکانی دەستەبەر نەکات".

### خۆیان دەدزنەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی 23 لیژنەی پشکنینی هەیە کە سەردانی پڕۆژە، کۆمپانیا و کارگەکانی کوردستان دەکەن و داوا لە خاوەنکارەکان دەکەن کرێکارانیان دەستەبەر بکەن.

عارف حیتۆ دەڵێت ژمارەی لیژنەکانیان بەراورد بە ژمارەی کۆمپانیا و پڕۆژەکان کەمە، بۆیە فریای سەردانیکردنی هەموو شوێنێکی کار ناکەون "بەو هۆیەشەوە خۆدزینەوەیەکی زۆر لەلایەن خاوەنکار و کۆمپانیاکانەوە بۆ دەستەبەرکردنی کرێکارانیان هەیە".

بەپێی یاسا دەبێت 17%ی مووچەی کرێکار لە سندوقی دەستەبەری دابنرێ کە 12%ی دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنکار و 5%یش لە مووچەی کرێکار دەدرێت. بۆیە کرێکار و خاوەنکارەکان وەکو پێویست بەدەم دەستەبەرکردنەوە ناچن.

عارف حیتۆ دەڵێت "ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا و خاوەن پڕۆژەکان لەبەر ئەو پارەیە خۆیان لەدەستەبەرکردنی کرێکارەکانیان دەدزنەوە، بەشێک لە کرێکارانیش بەهۆی ناهۆشیارییان، هاوکاریی خاوەنکارەکانیان دەکەن بۆ خۆدزینەوە".

### سزاکەی چییە؟

عارف حیتۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەهۆی خۆدزینەوە لە دەستەبەرکردنی کرێکارەکانیان و پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان، لە ساڵی ڕابردوودا 199 پڕۆژە و ئەمساڵیش 65 پڕۆژەیان داوەتە دادگا. هەروەها گوتی "بەهۆی دواخستنی بەخشینی پارەی دەستەبەری کرێکارەکان، ساڵی ڕابردوو خاوەنکارەکانمان بەبڕی ملیارێک و 839 ملیۆن و 478 هەزار دینار سزا داوە".

### پارەکە دەدرێتە کرێکاران؟

بەپێی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەر کرێکارێکی دەستەبەرکراو ساڵانی خزمەتی بگاتە (30 ساڵ بۆ پیاو و 20 ساڵ بۆ ئافرەت) خانەنشین دەکرێ. هەروەها ئەگەر کرێکارێک تەمەنی گەیشتە (60 ساڵ بۆ پیاو، 55 ساڵ بۆ ئافرەت) بەمەرجێک سێ ساڵ خزمەتی هەبێت، خانەنشینی دەیگرێتەوە.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، تاوەکو ئێستا تەنیا 652 کرێکار مووچەی خانەنشینییان بۆ بڕاوەتەوە کە 242 کرێکاریان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خانەنشینییان دەدرێتێ.

عارف حیتۆ، کەمیی ژمارەی کرێکاری خانەنشین بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەشێک لە کرێکاران پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی دەبنە فەرمانبەر، بەشێکیشیان زوو داوای پاداشتی کۆتایی خزمەت دەکەن.

عارف حیتۆ گوتی "ساڵی ڕابردوو لەسەر داوای خۆیان پاداشتی کۆتایی خزمەتمان بۆ 2865 کرێکار کردووە، کە بڕەکەی 2 ملیار و 715 ملیۆن دینار بووە. لەسێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 671 کرێکار پاداشتی کۆتایی خزمەتیان وەرگرتووە".

بۆ ئەو کرێکارانەشی کە لەکاتی کاردا بریندار دەبن یان مردن، عارف حیتۆ گوتی "هەر کرێکارێک لەکاتی کارکردن بەڕێژەی 35% بریندار بێت، پاداشتی کۆتایی خزمەتی بۆ هەژمار دەکەین، ئەگەریش برینداربوونەکەی 100% بێت یان بمرێت، ئەوا بەگوێرەی ئەو مووچەیەی پێی دەستەبەرکراوە خانەنشینی دەکەین".

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە تەنانەت ئەو کرێکارانەی دەستەبەر نەکراون، ئەگەر بریندار بوون، دەبێ خاوەنکار بۆ ماوەی ساڵێک 50%ی مووچەکانیان بداتێ، ئەگەر ڕێژەی بریندابوونەکەی 100%بوو، یان مرد، ئەوا دەبێ خاوەنکارەکە مووچەی ساڵێکی کرێکارەکە بداتە کەسوکارەکەی و پارەی دەستەبەریشی بدات، ئەوکات لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی مووچەی خانەنشینی بۆ دەبڕێتەوە.

### سلێمانی پێشەنگە

بەپێی داتای وەزارەتی کار، زۆرترین کرێکاری دەستەبەرکراو لە پارێزگای سلێمانییە و داهاتی ساڵانەشیان دەگاتە نزیکەی 40 ملیار دینار.

شێروان مەجید، بەڕێوەبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی گوتی "سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی کرێکارانی دەستەبەرکراو لە پارێزگاکەمان لەزیادبووندایە".

ناوبراو هۆکارەکەی بۆ چالاکیی لیژنەکانیان و هۆشیاریی خەڵک گەڕاندەوە و گوتی "سەرەڕای کەمیی ستاف و ئۆتۆمبیل و بودجە، بەڵام لیژنەکانمان بەردەوام لە گەڕان و پشکنیندان، بۆیە ژمارەی کرێکاری دەستەبەرکراومان زۆرە".

غەفور خۆشناو، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای خۆشناو، بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی کەلوپەلی نێوماڵ، دەستەبەرکردنی کرێکارانی بە کارێکی باش وەسفکرد و گوتی "دەستەبەرکردنی کرێکاران شتێکی باشە، بەڵام گرفتەکەمان لەوەدایە بەشێک لە کرێکاران بەهۆی خراپیی باری گوزەرانیان ئامادەنین ئەو 5%ی لە ئەستۆیانە بیدەن، تاوەکو دەستەبەریان بکەین".

### کاری پێناکرێت

لەزۆربەی وڵاتاندا کاتێک کرێکارێک لە کارەکەی دەردەکرێ، یان کاری نامێنێ تاوەکو ئەو کاتەی کارێکی دەست دەکەوێت، حکومەت بیمەی بێکاری دەداتێ، بەڵام لەکوردستان هیچ یاسا و ڕێنماییەک بۆ پێدانی بیمەی بێکاری نییە، تەنانەت ئەگەر کرێکارەکە دەستەبەریش کرابێت.

عارف حیتۆ، دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ یاسا و ڕێنماییەکمان نییە، بۆ پێدانی بیمەی بێکاری بە کرێکاران، بۆیە پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران یان پەرلەمانی کوردستان یاسایەک یان ڕێنماییەک بۆ ئەم بابەتە دەربکەن".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### ئامار و زانیاری لەبارەی کرێکارانی دەستەبەرکراو

- کرێکارانی دەستەبەرکراو بەپێی شارەکان (34904 لە هەولێر، 35406 سلێمانی و 8215 کرێکاریش لە دهۆک).
- کرێکارانی 20371 پڕۆژە دەستەبەرکراون.
- 7681 کرێکاری بیانی لە کوردستان دەستەبەرکراون.
- 12 %ی پارەی کرێکاری دەستەبەرکراو لە ئەستۆی خاوەنکارە و 5 %یش لە ئەستۆی کرێکارەکەیە.
- داهاتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەماوەی سێ ساڵدا لە27 ملیار دینارەوە بۆ 67 ملیار دینار زیادی کردووە.
- 652 کرێکاری دەستەبەرکراو خانەنشینکراون
- کرێکاری دەستەبەکراو (پیاو 30 ساڵ و ژن 20) خزمەتی هەبێت، دەتوانێت خۆی خانەنشین بکات.

## عەبدوڵڵا نەورۆڵی، یەکەمین پارێزگاری هەڵەبجە بۆ (رووداو):

# بۆ دەستبەکاربوون چاوەڕێی گەڕانەوەی بارزانیم



عەبدوڵڵا محەممەد عەبدول (عەبدوڵڵا نەورۆڵی) وەکو یەکەمین پارێزگاری هەڵەبجە ناوی لە مێژووی پارێزگاکەدا دەنووسرێت. ئەو پارێزگارە کە ئەندازیاری شارستانییە، دەڵێت پلانێکی تۆکمەی بۆ هەڵەبجە داناوە و دەیەوێ ئەندازەیەکی نوێ بۆ پارێزگا نوێیەکەی هەرێمی کوردستان بکێشێ. ئەو خەون بەوەوە دەبینێ سنووری پارێزگاکەی فراوان بکات و سەیدسادق و پێنجوێنیش بخاتە نێو سنووری پارێزگای هەڵەبجەوە.

هەرچەندە بەپێی رێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، پێدەچێت ماوەی پارێزگارییەکەی نەورۆڵی کە کاندیدی گۆڕانە تەنیا ساڵ و نیوێک بێت، بەڵام ئەو دەڵێ ئەگەر شەش مانگیش لەو پۆستەدا بێت، گرنگ ئەوەیە بناغەی پارێزگای هەڵەبجە دابمەزرێنێ.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال

رووداو- هەڵەبجە

**هەر بەڕێوەبەرێک کەمتەرخەم و کەمتوانا بێت دەیگۆڕین**

**ئەگەر پارتی ببێتە ئۆپۆزیسیۆن گرفتمان بۆ دروست دەبێت**

**دەستێوەردانی حیزبی ناهێڵێن بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە**

**رووداو: رێکارە یاساییەکان بۆ دەستبەکاربوونت بەکوێ گەیشتوون؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** وەک ئاگادارن جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژووی دەستبەکاربوونی کردووە، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێیانڕاگەیاندم کە لەگەڵ گەڕانەوەی بارزانی، دەبێت لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ بڕۆینە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ سوێندخواردنی یاسایی و دەستبەکاربوونم.

**رووداو: یەکەمین کارت چی دەبێت؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** کاری هەنووکەیی دروستکردنی پەیکەربەندیی پارێزگایە، ئەوەش بەدامەزراندنی فەرمانبەران یان بەهێنانی فەرمانبەران لە فەرمانگەکانی دیکە. پاشان جێبەجێکردنی کارەکانی دیکە.

**رووداو: پێتوایە لەڕووی فەرمانبەر و پسپۆڕییەوە تووشی کێشە نابن، چونکە ئێوە پێویستتان بە زیاتر لە 50 ئەندازیاری پلاندانان و نەخشەسازییە، بۆ ئەو مەبەستە داوای هاوکاری لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی ناکەن؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** بێگومان داوای هاوکاریمان کردووە و ئەندازیارەکانیش لەناوەوە و دەرەوەی حکومەت بەڵێنیانداوە هاوکارمان بن بۆ دروستکردنی بۆردێک لە ئەندازیاران بۆ پرۆژە و تەندەرەکان و ئەو ئیشانەی بۆ پارێزگاکە دەکرێن.

**رووداو: چۆن بودجەکەتان دیاری دەکەن؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** تاوەکو ئێستا بودجە پەسەند نەکراوە، بەڵام ئەگەر پەسەند کرا ئەوا لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆمان تەرخاندەکرێ، لەبەغداش نزیکەی 2 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام پێویستە بودجەیەکی تایبەتیشی بۆ تەرخان بکرێ بۆ دروستکردنی پارێزگاکە.

**رووداو: لەچەند رۆژی رابردوودا وەزیری دارایی هەرێمی کوردستانت بینی، چ بەڵێنێکی پێداوی؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** بۆ چەند ئیشێک بوو، یەکێکیان کۆمەڵێک پرۆژەی زانکۆی هەڵەبجە هەیە کاتی خۆی پارەی بۆ تەرخانکراوەو 50%ی خەرجکراوە و چەند بینایەک تەواو بوون و پێداویستییان ماوە. چەند بینایەکی دیکەش هەر هەیکەلن لەبەر قەیرانی دارایی پارەکە گواستراوەتەوە بۆ پرۆژەی شوێنی دیکە، بۆیە وەزیر بەڵێنی پێداین ئەو پارانە بەچەند رێژەیەک دابین بکاتەوە و بۆ کاری ئێستاش بەڵێنی پێداین بۆ تەواوکردنی باڵەخانەی پارێزگا.

**رووداو: دوای پێکهێنانی ئیدارەکەتان، ئەولەویەتی کارەکانتان بۆ خزمەتکردنی پارێزگاکە چی دەبێت؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** تەواوکردنی پرۆژە تەواو نەکراوەکان و دەستکردن بەو پرۆژانەی کە لەپلانماندایە بتوانین ئیشی لەسەر بکەین.

**رووداو: واتە خۆتان پلانتان ئامادە کردووە؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** بێگومان هەموو شتێکمان ئامادەیە وەکو پرۆژە، بۆ ئەوەی بتوانین ئابووریی ناوچەکە ببووژێنینەوە.

**رووداو: بەهاوکاریی لایەنەکانی نێو هەڵەبجە پرۆژەکان جێبەجێ دەکەن، یاخود کار لەسەر پلانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** نەخێر بڕیارمانداوە خەڵکی تەکنۆکرات و شارەزا بێنینە پێشەوە.

ناهێڵین هیچ حیزبێک بەگۆڕانیشەوە دەست لە ئیشەکانمان وەربدەن، بەڵام بۆ ئیشی باش پشتگیریمان بکەن.

**رووداو: بەڵام تۆ کاندیدی گۆڕانیت؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** بەڵێ کاندیدی گۆڕانم، ئەگەر ئیشی خراپم کرد موحاسەبەم بکات و ئەگەر ئیشی باشیشم کرد ئەوا دەستخۆشیم لێبکات.

**رووداو: پارتی تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە بۆ بەشداریکردن لە ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە و داوای پۆستێکی سیادی دەکات، پێشبینی دەکەیت ئەوە ببێتە گرفت بۆتان؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** لەم رۆژانەدا لەگەڵ کاک فازڵ بەشارەتی، بەرپرسی لقی پارتی لە هەڵەبجە قسەم کرد، گوتی تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووینەتەوە و داوای قایمقام دەکەین. هەرچەندە ئەوە مەسەلەیەکی حیزبییە، بەڵام بەڕای من هەق نییە هیچ حیزبێک پێداگیری بکات و پێویستە مەسەلە گشتییەکە ببینن، چونکە ئیشوکاری هەڵەبجە وەستاوە، چ پارتی یاخود یەکێتی یاخود گۆڕان ئەگەر پێداگیری بکەن مانای وایە وەکو بەرژەوەندی هەڵەبجە قسە ناکرێ.

**رووداو: واتە داوا لە پارتی دەکەیت ئەوەندە پێداگیری لەسەر پۆستی قایمقام نەکات؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** داوا لەپارتی و یەکێتی دەکەم نەرمی بەرامبەر یەک بنوێنن و پۆستێک هیچ نییە، ئەوان لەزاخۆوە تاوەکو خانەقین جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، یانی چی شەڕ لەسەر قایمقامێک دەکەن؟

**رووداو: ئەگەر پارتی ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، کێشە بۆ ئێوە دروست نابێت؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** تەمەننا دەکەین نەبنە ئۆپۆزسیۆن، چونکە لە سەرانسەری کوردستاندا هیچ لایەنێک ئۆپۆزیسیۆن نییە و حکومەتی بنکەفراوانە، بۆیە ئەگەر ببنە ئۆپۆزیسیۆن ئەوا گرفتمان بۆ دروست دەبێت، چونکە سروشتی ئۆپۆزیسیۆن وایە.

**رووداو: وەکو خۆت هەوڵ دەدەی پارتی بهێنیتە نێو ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەوە؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** دیارە من لە لیژنەی دانوستاندن نیم، بەڵام قسەم لەگەڵ بەرپرسی لقی پارتی لە هەڵەبجە کردووە کە نەرمی بنوێنن بۆ ئەوەی پێکەوە هەڵەبجە بنیات بنێین.

**رووداو: ماوەی چەندێک پارێزگار دەبیت؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** بەپێی رێککەوتنی سلێمانی و هەڵەبجەیە، نازانم بارودۆخە سیاسییەکان چۆن دەبن.

**رووداو: رەنگە ساڵ و نیوێک پارێزگار بیت، لەو ماوەیە دەتوانی پلانەکەت جێبەجێ بکەی؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** ئەگەر 6 مانگیش پارێزگار بم، گرنگ ئەوەیە بناغەکەی دابمەزرێنم.

**رووداو: پێتوایە لەو ماوەیەدا فریای ئەو هەموو کارە کەڵەکەبووەی هەڵەبجە بکەویت؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** نەخێر، بەڵام دەتوانین بیخەینە سەر رێچکەی خۆی.

**رووداو: ئەو توانایە لەخۆتدا بەدی دەکەیت؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** بەڵێ بەهاوکاریی برادەران، ئەگەر بەو نیەتەی من هاتوومەتە پێشەوە و ئەوانیش هەمان نیەتیان هەبێت دەیخەینە سەر رێچکەی خۆی.

**هەوڵدەدەین سەیدسادق و پێنجوێنیش بخەینە سەر هەڵەبجە**

**لەمەودوا ئابووریی کوردستان دەبێت لە هەڵەبجەوە دەستپێبکات**

**رووداو: رات چییە لەسەر واژووەکەی بارزانی لەسەر دەستبەکاربوونت، چونکە هەندێک بۆچوونیان وایە کە بارزانی زوو واژووەکەی کردووە؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** سوپاسی دەکەم بۆ واژووکردنی فەرمانی پارێزگاری هەڵەبجە وەکو پۆست، نەک واژوویەک بێت بۆ شەخسی خۆم، بەڵام بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش واجبیەتی کە واژووی بکات.

**رووداو: بەڵام دەگوترێت زوو واژووکردنی پەیوەندی بە باشیی پەیوەندی پارتی و گۆڕانەوە هەیە؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** ئەوە زیاتر مەسەلەیەکی سیاسیە، نازانم.

**رووداو: پێشتر گۆڕان بەڵێنی زۆری بەهەڵەبجە داوە و ئێستاش کە لە حکومەتدا بەشدارن، بەرپرسانی گۆڕان لە حکومەت تا چەند هاوکاریت دەکەن؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** لەگەڵ وەزیری بازرگانی قسەم کردووە، لەمەودوا ئابووری کوردستان دەبێت لەناو هەڵەبجەوە دەستپێبکات، ئەوە پلانێکە و لە ئایندەیەکی نزیکدا رایدەگەیەنین، بەڵێنیان داوە بەزووترین کات بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانیش دروست بکەن.

**رووداو: ئێستا سنووری دەسەڵاتتان لەکوێ تاوەکو کوێیە؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** هەڵەبجە و ناحیەکانی (بیارە، سیروان و خورماڵ)، بۆ بەمۆش لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نووسراو کراوە بێتەوە سەر هەڵەبجە. جگە لەوەش هەوڵدەدەین ئەگەر حەساسیەتێکیش لە شارۆچکەکانی پێنجوێن و سەیدسادق هەبووبێ نەیهێڵین و بیانهێنینە سەر هەڵەبجە بۆ ئەوەی پارێزگایەکی گەورەتر دروست بکەین.

**رووداو: بەڵام ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە هەندێک لە هەڵەبجەییەکان دەڵێن ئەو شوێنانەی پێشتر ناڕازی بوون بێنە سەر هەڵەبجە، ئەگەر ئەمجارە ئەوانیش حەز بکەن، ئێمە نامانەوێ بێنە سەر هەڵەبجە، لەو بارەیەوە بۆچوونت چییە؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** ئەوە رای تاکە کەسە، ئەگینا ئێمە و هەڵەبجەییەکان ئەو رایەمان نییە.

**رووداو: کەسوکاری شەهیدان داواکارن لە فەرمانگەکاندا پشکیان هەبێت، بەرنامەت چییە بۆیان؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** لەسنووری یاسادا هەرچیمان پێبکرێ، بۆیان دەکەین.

**رووداو: تۆ یەکەمین پارێزگاری هەڵەبجەیت، چی دەکەیت بۆ ئەوەی ئەو شارە بریندارە بکەیەنیتە لوتکە؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** دەبێت بەخزمەتگوزاری بیکەین.

**رووداو: گفتوگۆت لەگەڵ لایەنەکان کردووە بۆ ئەوەی پشتگیریت بکەن؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** بەویژدانەوە دەیڵێم حیزبەکان گوتوویانە ئەو پیاوەی دێتە هەڵەبجە پشتگیری دەکەین و منیش دوور لە حیزبایەتی کار دەکەم.

**رووداو: بەرنامەتان هەیە بۆ گۆڕینی بەڕێوەبەرەکان؟**

**عەبدوڵڵا نەورۆڵی:** نابێت موجامەلەی کەس بکەین، بەڵکو ئەوەی کەمتەرخەم و کەمتوانا بێت و بە موحاسەسەی حیزبی دانرابێت دەیگۆڕین.

---

## تەمەنی کاندیدێکیان تەنیا 29 ساڵە

# گۆڕان: کاندیدەکانمان بە مومارەسە لەگەڵ ئیشەکە رادێن

**پشتیوان جەمال**

**رووداو- سلێمانی**

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، بڕیاری دەستبەکاربوون بۆ 33 بەرپرسی کارگێڕیی بزووتنەوەی گۆڕان لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەرچوو. تەمەنی یەکێک لەو بەرپرسانە تەنیا 29 ساڵە و بزووتنەوەکەش پێیوایە ئەگەر ئەزموونی ئیداریشیان نەبێت، بە مومارەسە لەگەڵ ئیشەکە رادێن.

کۆتایی هەفتەی رابردوو لە دیوانی پارێزگای سلێمانی، رێککەوتنەکەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی کارگێڕی لە سنووری پارێزگای سلێمانی خرایە بواری جێبەجێکردن و دوێنێ یەکشەممە زۆربەی کاندیدەکانی گۆڕان لە پۆستەکانیان دەستبەکاربوون، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ، هەندێک لە کاندیدەکانی گۆڕان زۆر گەنجن و هەندێکیشیان پێشتر ئەزموونی کارگێڕییان نەبووە. پسپۆڕێکی کارگێڕی پێیوایە نەبوونی ئەزموون زیان بە سلێمانی دەگەیەنێت، بەڵام بەرپرسێکی گۆڕان دەڵێ بە "مومارەسە" لەگەڵ ئیشەکەیان رادێن.

### مەرجی پۆستەکان

بەپێی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009ی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پۆستی قایمقام وەکو بەڕێوەبەری گشتییە و بەڕێوەبەری ناحیەش وەکو جێگری بەڕێوەبەری گشتییە. پێویستە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە بڕوانامەی بکالۆریۆسیان لە یاسا یان کارگێڕیدا هەبێت، بەڵام مەرج بۆ ئەزموونی کارگێڕی دانەنراوە.

لەبواری کارگێڕیشدا ئەو کەسەی پۆستی قایمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە و تەنانەت بەڕێوەبەریش وەردەگرێ، پێویستە جگە لەبڕوانامە، لانیکەم 10 ساڵیش ئەزموونی کارگێڕی هەبێت.

لە نێو کاندیدەکانی گۆڕاندا بۆ پۆستەکانی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە کە بە سیڤی دەستنیشانکراون، هەندێکیان جگە لەوەی زۆر گەنجن، بە وەرگرتنی ئەو پۆستانەش یەکەمین ئەزموونیان لەبواری کارگێڕیدا تاقی دەکەنەوە، تەنانەت یەکێک لەکاندیدەکانیان بۆ بەڕێوەبەری ناحیە تەمەنی تەنیا 29 ساڵە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

سێوە حەمە خدر، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ (رووداو)ی روونکردەوە کە کاندیدەکانیان خەڵکی ناوچەکانی خۆیان بوون، جگە لەوەش ئامانجی گۆڕان لە دانانی ئەو کەسانە ئەوەبوو کەسانی گەنج بێنێتە پێشەوە.

بەڵام د.کاوە قەرەداخی کە پرۆفیسۆرە لە بواری زانستی کارگێڕیدا، ئەو قسەیە رەتدەکاتەوە کە حیزبەکان لەسەر بنەمای "گەنجبوون" کاندیدەکانیان دەستنیشان بکەن و گوتی "مەرج نییە ئەو کەسانەی لەپۆستی قایمقام یاخود بەڕێوەبەری ناحیە دادەنرێن هەر دەبێت گەنج بن، بەڵکو پێویستە ئەزموونی کارگێڕیشیان هەبێت، ئەگەر وا نەبێت کەواتە هەر بۆ پڕکردنەوەی پۆستە یاخود گۆڕینی کەسێکە بەکەسێکی دیکە، ئەمەش گەورەترین زیان بە حکومەتی سلێمانی دەگەیەنێت".

ناوبراو هۆشداری دایە لایەنە سیاسییەکان و گوتی "بە لایەنەکان دەڵێم بۆ ساڵانی داهاتوو با حەیایان نەچێت، پێویستە کاندیدەکانیان خزمەت و ئەزموونی کارگێڕییان هەبێت".

مانگێک لەمەوبەر فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە بە "خزمەت" ناسراوە، ناوی 17 کاندیدەکەی بۆ پۆستە کارگێڕییەکان پێشکەشی پارێزگاری سلێمانی کرد و ئێستاش چاوەڕێن لە ئەنجوومەنی پارێزگا دەنگیان لەسەر بدرێ، تاوەکو دواتر فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیرانیان بۆ دەربچێت و دەستبەکار بن.

یەکگرتوو لەڕێگەی سیڤی و کۆمەڵیش بە سیڤی و هەڵبژاردن کاندیدەکانیان دەستنیشان کرد، بەڵام لەدیاریکردنی کاندیدەکانیاندا رەچاوی ئەزموونی کارگێڕییان کردووە.

فەیسەڵ ئیبراهیم، سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەلایانەوە گرنگ بووە کاندیدەکانیان پێشتر ئەزموونی کارگێڕییان هەبێت و زۆربەی کاندیدەکانیشیان لە 10 ساڵ زیاتر ئەزموونیان هەیە و گوتی "هەبوونی ئەزموونی کارگێڕی چەندێک بۆ حکومەت گرنگە، بۆ لایەنە سیاسییەکەش دوو ئەوەندە گرنگە".

### گۆڕان: شکست ناهێنین

بەرپرسەکەی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی زۆر دڵنیایە لە توانای هەندێک لە کاندیدە گەنجەکانیان و ترسی نییە لەوەی شکست بهێنن و گوتی "کاندیدەکانمان بڕوانامەیان لە یاسادا هەیە، بۆیە ترسمان نییە لەوەی شکست بهێنن، دەتوانن بەمومارەسەکردن لەگەڵ ئیشەکەدا رابێن".

بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت پێیوایە کاندیدی هەر لایەنێک کە ئەزموونی کارگێڕیی نەبێت، ئەگەر شکستیان هێنا ئەوا مانای شکستی لایەنەکەشە "ئەگەر کاندیدێک شکست بهێنێ، ئەوا نەک هەر شکستە بۆ حکومەت، بەڵکو شکستە بۆ لایەنەکەش".

پرۆفیسۆرەکەی بواری کارگێڕی نەک هەر ترسی شکستی هەیە، بەڵکو هیچ گەشبینیش نییە بە هەندێک لەکاندیدەکان و گوتی "تەمەننا دەکەم هەڵە بم، بەڵام گەشبین نیم بە هەندێک لەو کاندیدانەی دادەنرێن، چونکە ئەزموونی کارگێڕییان نییە".

د.کاوە رەخنەیەکی دیکەشی لەلایەنەکان گرت و گوتی "جاران کێشەکە ئەوە بوو دەبووایە کاندیدی دوو حیزب بێت بۆ پۆستەکان، بەڵام ئێستا بووەتە پێنج حیزب، واتە بواری بێلایەنی نەماوە".

کچانی ئێزدی لە دەستکەوتی جەنگەوە دەبنە کاڵای بازرگانی

# پێش ئەوەی خۆی و کچەکەی ببەن بۆ سعودیە هەڵدێن



■ (فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

یودیت نیورینک
رووداو- دهۆک

زۆر لەو ژن و کچە ئێزدیانەی لە هێرشەکانی مانگی ئابی رابردوو بۆ سەر شنگال لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە "داعش" دەستگیرکران، لە نۆ مانگی رابردوودا لە دەستکەوتی جەنگەوە بوونەتە کاڵای بازرگانی.

ئەو ژنانەی تاوەکو مانگی رابردوو لەدەست داعش هەڵاتوون، ژمارەیان دەگاتە 650 ژن، هەندێک لەوان دەڵێن نزیکەی 10 جار کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە لە نێوان چەکدار و ئەمیرەکانی داعش.

ئەو ژنانە کە داعش بە "کۆیلە" ناویان دەبات، لەپاش دەستگیرکردنیان بە بڕی 25 تاوەکو 800 دۆلار کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە لە نێوان چەکدارەکانی ئەو رێکخراوە.

بەپێی گوتەی جەمیلە غانم، سەرۆکی دامەزراوەی یەزدا، پاش چەند رۆژێک لە دەستگیرکردنیان، زۆر لەو ژنانە لە نێوان ئەو چەکدارانە کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە بە بڕێک پارەی زۆر.

"هەموو ئەمانە پارەن بۆ داعش بە کچەکانیشەوە. فرۆشتنی ئەو ژنانە بۆ ئەوان رێگەپێدراوە. جیهادیەک بە زۆر مارەی دەکات و پاش چەند هەفتەیەک دەیفرۆشێ بە جیهادیەکی دیکە. بێگومان پارەی پێ پەیدا دەکات کاتێک دەیفرۆشێ بە نرخێکی زۆر".

## دەیویست بیباتە سعودیە

مەدیحەی تەمەن 30 ساڵ لەگەڵ کچە سێ ساڵانەکەی، چوار جار فرۆشراوە. ئەو چەکدارە سعودیەی کە کڕیبووی لە رەققەی سووریا، دەیفرۆشێ بە پزیشکێکی عێراقی کە چارەسەری بریندارەکانی داعش دەکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی پزیشکەکە کچێکی دیکەی ئێزدی هەبووە. چەندینجار دەستدرێژی کردووەتە سەر هەردووکیان.

پاش شەش هەفتە دەیفرۆشێ بە ئەمیرێکی سعودی کە لێیدەدات و دەستدرێژی دەکاتەسەر و بەزۆرەملێ ئاینی ئیسلامی بەسەردا دەسەپێنێ، بەرلەوەی بیفرۆشێ بە چەکدارێکی دیکەی سعودی.

چەکدارەکە وەک کۆیلە دەیکڕێ و کچەکەی وەک منداڵی خۆی بەخێودەکات، چونکە منداڵی نەبووە. بە مەدیحە دەڵێ کە ئازادی دەکات ئەگەر کچەکەی بداتێ، بەڵام مەدیحە رەتیدەکاتەوە. بەرلەوەی هەردووکیان ببات بۆ سعودیە، مەدیحە لە دەستی هەڵدێ.

## داوای گرەنتی خۆبەدەستەوەدان دەکەن

هەندێک لە کچەکان گوتیان کڕیارەکان داوای گرەنتی لە فرۆشیارەکان دەکەن. ئەگەر کچەکان خۆیان بۆ سێکس نەدەن بەدەستەوە ئەوا دەیگەڕێننەوە بۆ فرۆشیارەکە. هەرچەندە ئەوە زۆر روویداوە، بەڵام قازانجی زۆر زیاتر بووە بۆ فرۆشیارەکان، چونکە لە هەمانکاتدا دووجار قازانج دەکەن و دەیفرۆشنەوە بە کەسێکی دیکە.

"ئەو کچانە وەک کاڵای بازرگانی لەلایەن داعشەوە تەماشا دەکرێن". غانم گوتی "یەکێک لە کچەکان پێیگوتم بە چەکدارەکانی گوتووە بۆچی نایانکوژن ئەگەر ئەوەندە رقیان لێیانە، بەڵام وەڵامی دەدەنەوە و دەڵێن ئەوان تەنیا پارەن بۆ ئەوان."

ژمارەیەکی نەزانراو لەو ژنانە لە دەرەوەی وڵات فرۆشراون، وەک توونس و سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو. دیار نییە هێشتا ئەو کڕین و فرۆشتنانە بەردەوامە، چونکە چیدی رێگەی پەیوەندیکردن نەماوە.

دەگوترێ بۆ ئازادکردنی ئەو ژن و کچە ئێزدیانە پارەدراوە. بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەیەکی تورکی گوت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە کڕینەوەی ئەو ژنانە لە داعش.

هادی دۆبانی، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لە دهۆک بە رۆژنامەی (حورییەت)ی تورکی گوت: "هێشتا نزیکەی 3500 ئێزدی وەک کۆیلەی سێکس و بارمتە لەدەست داعشن. لەهەوڵ و کۆششداین بۆ دۆزینەوەی رێگایەک بۆ ئازادکردنی ئەو ژنانە".

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لە دهۆک:

> بۆ کڕینەوەی هەر کچێکی ئێزدی تاوەکو 10 هەزار دۆلار دەدەین

هادی گوتی: "ژمارەیەک لە عەرەبی سوننە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش هاوکاریمان دەکەن. پارە دەدەین بۆ کڕینی ئەو کچە رفێنراوانە کە داعش دەیانفرۆشێ و بڕی ئەو پارەیەی دەیدەین بۆ کڕینەوەیان لە نێوان هەزار تاوەکو 10 هەزار دۆلاردایە".

گوتیشی "ئەو ژنانە لە بازاڕی کۆیلەدا دەفرۆشن، هەندێک لە چەکدارانی داعش ئەو ژنانە بە 50 دۆلار دەکڕن و بە 2000 دۆلار دەیانفرۆشنەوە. بە تەواوی ئەو کارەیان کردووە بە بازرگانی. داوای پارەی زیاتر دەکەن بۆ کچە گەنجەکان".

بەڵام نوری عوسمان، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئاوارەکان، قسەکانی ئەو بەرپرسە ئێزدییەی رەتکردەوە و گوتی "رێگە نادرێ مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ داعش بکرێت. تەنیا لە رێگەی هۆزە سوننەکانی ناوچەکەوە مامەڵە دەکرێ. ئەگەر پارە بدەین ئەوە بۆ گواستنەوەی ئێزدییەکانە بۆ کوردستان."

ئەو نکۆڵی کرد لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی دابێت بۆ ئەو 261 ئێزدیەی بەمدواییە داعش ئازادی کردن، ئەگەرچی کارمەندانی مرۆیی وەک غانم لەو بڕوایەدان کە پارە دراوە بۆ ئازادکردنی ئەو کەسانە.

"هەموو ئەوانە دەناسین کە هەڵاتوون یان ئازادکراون، چونکە دەبێت کارئاسانییان بۆ بکەین بۆ هاتنەوە لەڕێی ئەو پێشمەرگانەی لە سنوورەکانن لە نێوان ئێمە و داعش". نوری عوسمان وایگوت.

بەڵام، غانم جەخت دەکاتەوە کە هەندێک لە خێزانەکان پارە دەدەن بۆ ئازادکردنی کچەکانیان. هەندێکجار کەسێک دەدۆزنەوە بۆ کڕینیان. لەهەمان کاتدا رێکخراوە ناحکومیەکانیش هەندێکجار خەڵک دەدۆزنەوە تاوەکو یارمەتییان بدەن لە هەڵاتن، ئەمەش پاش ئەوەی ئەو ژنانە رێگەیەک دەدۆزنەوە بۆ پەیوەندیکردن بە خێزانەکانیانەوە.

غانم گوتی "ئەو کەسەی نێوەندگیریمان دەکات، پارە پەیدا دەکات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بناسم لە تەلعەفەر کە کەسێک لەناو داعش دەناسێ، رەنگە چەکدارەکانی داعش 10 ئەندامی خێزانێک بە 20 هەزار دۆلار بفرۆشن. رەنگە ئەو کەسەی نێوەندگیری دەکات بڵێت 25 هەزار دۆلار، 5 هەزار دۆلار بخاتە باخەڵی خۆی".

هەندێکجاری دیکەش ئەو ژنانەی کە هەڵدێن خۆیان لەلای خێزانێک حەشاردەدەن، رەنگە داوای پارەیان لێبکرێت لەلایەن ئەو خێزانانەوە. غانم گوتی "ناتوانی لۆمەی ئەو خێزانانە بکەی، چونکە ئەگەر ئاشکرا بن سزا دەدرێن".

غانم هەروەها گوتی "ئەوانەی پەیوەندی بە داعشەوە دەکەن ژیانیان لە مەترسیدایە. تەنیا لە رێگەی یەک کەسەوە کار دەکەن کە دەیناسن و متمانەیان پێیان هەیە، چونکە داعش پێشتر ئەو کەسانەیان کوشتووە کاتێک ئاشکرا بوون".

تەنیا ئێزدییەکان وەک کاڵای بازرگانی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، ئەو مەسیحیانەی لە سووریا رفێندراون هەمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. کڵێسای کلدانی لە ئوسترالیا رایگەیاند کە داعش داوای 23 ملیۆن دۆلاری کردووە بۆ ئازادکردنی 230 ئاشووری کە مانگی شوباتی رابردوو لە پارێزگای حەسەکە دەستگیرکران، ئەوەش نزیکەی 100 هەزار دۆلار دەکات بۆ هەر کەسێک.

نوری عوسمان:

# هەڵمەتی رزگارکردنی ئێزدییەکانی بندەستی داعش مەحاڵە



یودیت نیورینک
رووداو- هەولێر

سەرەتای هەفتەی رابردوو ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە کە نزیکەی 600 هاووڵاتی دیکەی ئێزدی لەلایەن رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق ناسراو بە (داعش) دەستگیرکراون و کۆمەڵکوژ کراون لە گوندەکەیان لە نزیک شاری مووسڵ.

تەنانەت کەناڵی BBC کە وا ناسراوە سەرچاوەیەک لێی دڵنیا نەبێت بڵاوی ناکاتەوە و بەدواداچوونی ورد بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ دەکات، ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە. ئەوەش دووبارە مەینەتیی ئێزیدیەکانی خستەوە بەرباسی میدیاکانی جیهان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هێشتا زیاتر لە 3500 ئێزدی لەژێر دەستی ئەو گرووپەدان. بەڵام، هەر زوو دەرکەوت کە هەواڵی ئەو کۆمەڵکوژییە راست نییە.

هەواڵەکە یەکەمجار لە لاپەڕەی فەیسبووکی ئەسیل نوجێفی پارێزگاری مووسڵەوە بڵاوکرابووەوە کە رایگەیاندبوو چەند سەت ئێزدییەک کۆمەڵکوژ کراون. هەواڵەکە ئاماژەی نەکردبوو بەوەی لە کوێ و چۆن ئەو کەسانە کوژراون، بەڵام هەر بەزوویی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەواڵەکە بڵاوبووەوە.

بەڵام سەرچاوە متمانەپێکراوەکانی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای ئاینی ئێزدی نەیانتوانی ئەو هەواڵە پشتڕاست بکەنەوە.

نوری عوسمان، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ کاروباری ئاوارەکان، لەسەرەتاوە نەیتوانی هیچ کەسێک بدۆزێتەوە کە ئەو هەواڵە پشتڕاست بکاتەوە. پاش سێ رۆژ لەڕێگەی سەرچاوەی ناوخۆیی متمانەپێکراو زانی کە هیچ کۆمەڵکوژییەکی لەو جۆرە روونەداوە.

سەرەتای ئەم مانگە 5 تاوەکو 6 ئێزدی کە بەشێک بوون لە گرووپێکی 20 کەسی لە پۆلیس و ئەندامی دەستگیرکراوی سوپای عێراق، کوژرابوون.

ئەمەش بەپێی بڕیارێکی دادگای شەرعیی داعش بووە. وەک عادەتێک هەموو رۆژێکی هەینی دەبێت کەسێک لەسێدارە بدرێت بەئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکەکەدا.

ڤیان دەخیل، پەرلەمانتاری عێراق کە ئێزدییە و ئازاری خەڵکەکەی بە سەرتاسەری جیهان ئاشنا کردووە، دڵگران بوو لە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی لەوجۆرە.

رۆژی دووشەممەی رابردوو لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، دەخیل رایگەیاند کە جێی داخە چەند سیاسییەکی پارێزگای مووسڵ بە مەبەست و بەبێ مەبەست دڵەڕاوکێیان خستووەتە نێو خەڵکی ئێزدی بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی ناڕاست.

ڤیان گوتیشی لەکاتێکدا داعش خراپترین تاوان و کۆمەڵکوژی لەدژی هاووڵاتیانی عێراقی بە هەموو نەتەوەیەکەوە ئەنجامداوە "بڵاوکردنەوەی بانگەشەیەکی لەو جۆرە بەبێ سەرچاوەی متمانەپێکراو جێگەی قبوڵ نییە".

ئەمانە چەند راستییەکی زانراون: داعش هەزاران ئێزدی لە نزیک گوندەکانی تەلعەفەر زیندانی کردووە، پاش ئەوەی ئەو گوندانە لەلایەن شیعەکانەوە لە مانگی حوزەیران و تەمووزی رابردوو چۆڵکران. گوندەکان دیواری تەلبەندیان بەدەوردا کراوەو کراون بە کامپی زیندانی کە خزمەتگوزاریی سەرەتایی زۆر کەمیان بۆ دابینکراوە وەک ئاو کارەبا و خۆراک.

داعش ئەم کامپانە بەکاردێنێ بۆ زیندانیکردنی خێزانە ئێزدییەکان. بەمدواییە زیاتر لە 260 ئێزدی نەخۆش و بەساڵاچوو لەم کامپانە ئازادکران، دەیان کەس لەوانەی کە توانیویانە لەو کامپانە هەڵبێن بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان، باسیان لە سەختی بارودۆخیان کردووە.

هەفتەی رابردوو، چالاکڤانانی ئێزدی لە عێراق رایانگەیاند کە داعش سەدان پیاوی ئێزدی دەستگیرکراوی لە ژن و کچەکان جیاکردووەتەوە و رەنگە مەبەستیان لە کوشتنیان بێت. میرزا دنیایی سەرکردەیەکی باڵای ئێزدی و راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە رۆژی شەشی نیسانی رابردوو بە رۆژنامەی ئێزدی پرێسی گوت نزیکەی 500 گەنجی ئێزدی سەرووی تەمەن 14 ساڵ لە خێزانەکانیان جیاکراونەتەوە.

رەنگە بۆ ئەوەبێت کە داعش پێویستی بە چەکدار هەیە، چونکە زۆر لە چەکدارەکانی لە بەرەکانی سووریا و عێراق لەدەستداوە.

داعش ئەو ئێزدیانە ناکوژێت کە بوونەتە موسڵمان. ئەوەی تاوەکو ئێستا زانراوە هەموو ئێزدییە دەستگیرکراوەکان بەزۆر کراون بە موسڵمان. بەپێی یاساکانی داعش، گرووپەکە ناتوانێ ئەم موسڵمانانە بکوژێت، رەنگە لەبەرئەوە بێت کە دوو گرووپی لە بەساڵاچوو و نەخۆشەکان ئازادکردووە، چونکە بوونەتە ئەرک لەسەر شانی چەکدارانی داعش.

ئاشکرا نییە ئاخۆ هیچ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان راپۆرتە پشتڕاست نەکراوەکان و بانگەوازە بەپەلەکانی کۆمەڵگەی ئێزدیی کوردستان بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێک لەپێناوی ئازادکردنی ئێزدییەکانی نزیک تەلعەفەر و ناوچەکانی دیکە.

بە گوتەی نووری عوسمان، کورد بەدەم ئەو بانگەوازەوە نەچووە، چونکە هەڵمەتێکی لەو جۆرە مەحاڵە، چونکە ژمارەیەکی زۆر خەڵک پێویستیان بە هەڵکێشان دەبێت لەڕێگەی هەلیکۆپتەر. ئۆپەراسیۆنێکی لەوجۆرە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر هەلیکۆپتەر دەبێت.

ئەم راپۆرتانە جارێکی دیکە ئازاری ئێزدییەکانی خستەوە بیری میدیاکان و فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێم و جیهان تا لە کۆتاییدا کارێک بکەن بۆ رزگارکردنیان.

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11

## پێشمەرگە پارتەکانی سویدی یەکخست

**ڕووداو- ڕادیۆی سوێد**

لێژنەی بەرگری دەرەوەی حکومەتی سوید کە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانی نێو پەرلەمانی سوید لە خۆ دەگرێت بەیەک دەنگ هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەیان لە باشووری کوردستانیان پەسەند کرد. هاوکارییەکانیش بریتی دەبێت لە مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن پسپۆڕانی سەربازی سوید. لاوێن ڕێدار پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی سۆسیالدیموکرات کە پارتەکەی حکومڕانە، ئەم بڕیارە بە گرنگ لە قەڵەم دەدات. فرێدیک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سویدە لەسەر لیستی پارتی لیبراڵی گەل پێیوایە بڕیارەکە درەنگ وەختە و دەبوایە سوێد لە پرسی هاوکاریکردنی پێشمەرگە چالاکتر بێت.



# کەمپەکانی پەناخوازان لە فینلاند پڕبوون لە کورد

### کچە کارمەندی یەکێک لە کەمپەکان:
## پەناخوازانی کورد داوای چوونە دەرەوەو سێکسم لێدەکەن

### پەناخوازێکی کورد:
## قاچاخچیانی کورد فێڵباز و دەمشڕن

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هێلسنکی، ستۆکهۆڵم**

چوونی گەنجانی کورد بۆ وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتی سوێد و فینلاند بەردەوامە، بەڵام کەمترینیان ڕێی پیادەی قاچاخ دەگرنەبەر، بەڵکو لەڕێگەی کڕینی ڤیزاوە خۆیان دەگەیەننە ئەو وڵاتەی دەیانەوێت لێی بمێننەوە. ئێستا هیندی و ئەفغانی و بەنگلادیشی، موشتەریی پلە یەکی قاچاخچیانی سەر سنووری نێوان تورکیا و یۆنان و ئیتاڵیان کە زۆربەی ئەو قاچاخچیانەش کوردن و مامەڵەیەکی "نامرۆڤانە" لەگەڵ ئەم پەناخوازانەدا دەکەن.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003دا کوردی باشووری کوردستان و عێراقییەکان، زۆرترین ڕێژەی ئەو پەناخوازانەیان پێکدەهێنا کە ڕوویان لە وڵاتانی ئەورووپا دەکرد، بەڵام لەدوای بەهاری عەرەبی، تونسی و جەزائیری و لیبییەکان و ئێستاش سوورییەکان و کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، فراوانترین پێکهاتەی پەنابەرانی وڵاتانی ئەورووپین. زۆرینەشیان ڕوو لە باکووری ئەورووپا و بەتایبەت سوید و فینلاند دەکەن.

### زۆربەی قاچاخچییەکان کوردن

پەناخوازان ڕێگەی جۆراوجۆر تاقیدەکەنەوە بۆ گەیشتن بە ئەورووپا. سەرەڕای ئەوەی گەشتکردن بە فڕۆکە لە وڵاتانی وەکو عێراق، سووریا و ئەفغانستان و تونس و جەزائیر و وڵاتانی دیکەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا ئاسانترە بە بەراورد بە ڕابردوو، بەڵام هێشتا هەندێک لە پەناخوازان بە ڕێگە کلاسیکییەکان لە ڕێگەی قاچاخچییەکانەوە سەفەر دەکەن.

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) لەبارەی چۆنیەتی گەیشتنی ئەو پەناخوازانە بە ئەورووپا، دەرکەوت زۆربەی قاچاخچییەکانی ئێستا کوردن، بە تایبەتی ئەوانەی لە تورکیاوە پەنابەران دەگوازنەوە بۆ یۆنان و پاشانیش بۆ ئیتاڵیا. لەوێشەوە پەنابەران بە ڕێگەی جیاواز ڕوو لە وڵاتانی ناوەڕاست و باکووری ئەورووپا دەکەن.

### "مامەڵەیان ناشیرینە"

بڕوێن گەنجێکی تەمەن 22 ساڵانە و 5 مانگە ڕووی لە فینلاند کردووە. بەڵام زیاتر لە 3 ساڵە کوردستانی بەجێهێشتووە. بڕوێن بە (ڕووداو)ی گوت "زۆربەی قاچاخچییەکان کوردن، بەڵام کەمترین کورد بە ڕێگەی قاچاخ لەگەڵ ئەو قاچاخچیانە دێتە وڵاتانی ئەورووپا".

بڕوێن بەناوی گەشت بە پاسپۆرت چووەتە تورکیا، پاشان لەگەڵ قاچاخچییەکی کورد چووەتە یۆنان و لەوێش قاچاخچییەکی دیکە بردوویەتی بۆ ئیتاڵیا.

بڕوێن کە ئێستا لە کەمپێکی پەنابەرانە لە فینلاند، گوتی "قاچاخچیی کورد زۆر ناپاکن. درۆت لەگەڵ دەکەن. ڕێگەیەکی 20 سەعاتی دەکەنە دوو سەعات و لە ڕێگەش داوای پارە دەکەن". گوتیشی "ئەوان بە دەمشڕترین قاچاخچی ناسراون و سووکایەتیەکی زۆر بە هیندی و ئەفغانی و بەنگلادیشییەکان دەکەن".

هاوکار کە پەناخوازێکی دیکەی کوردە و لەگەڵ بڕوێن پێکەوە هاتوونەتە فینلاند، گوتی "جاران لە ترسی برسێتی ڕاماندەکرد و هەمان ڕەوشی ئێستای ئەفغانی و بەنگلادشییەکانمان هەبوو، کەچی قاچاخچیی کورد بێڕێزی بە پەناخوازان دەکەن و سووکایەتییان پێدەکەن".

### بە کڕینی موڵک وڵاتینامە وەردەگرن

قاچاخچییەکان، بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەشبوون، زۆربەیان لەو پەناخوازانەن کە پێشتر نەیانتوانیوە بگەنە شوێنی مەبەست و بەهۆی گونجانیان لەگەڵ شوێنەکە و مانەوەیان لەوێ، بوونەتە قاچاخچی.

ئازاد مستەفا قاچاخچییەکی کوردە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "زۆر هەوڵمدا دەرچم، بەڵام نەمتوانی. زیاتر لە 10 ساڵە لە تورکیام و ئێستا کاری قاچاخچێتی دەکەم". ئازاد مستەفا لە ڕێگەی ئەو کارەوە ڕەوشی ژیانی زۆر باش بووە و لەڕێگەی کڕینی موڵکەوە ئێستا وڵاتینامەی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای وەرگرتووە.

### ڕێگاکانی گەیشتن بە باکووری ئەورووپا

دوو ڕێگەی جیاواز هەن بۆ گەیشتن بە باکووری ئەورووپا کە ئێستا پەناخوازان بە زۆری دەچنە ئەوێ بە تایبەتی فینلاند، بەشێکیان لە ڕێگەی شەمەندەفەر و بەشێکی دیکەشیان لەڕێگەی کەشتی خۆیان دەگەیەننە باکووری ئەورووپا.

وێستگەی دووەمی پەناخوازان ئەڵمانیایە، پاشان لەوێوە بۆ دانیمارک کە ئەمەیان کەمێک ئەستەمە. وەک هاوکار گوتی "زۆربەی کات پۆلیس لەسەر ڕێگەی دەرچوونەکانی ئەڵمانیا ڕادەوەستن".

پاشان پەناخوازان لە دانیمارکەوە لە ڕێگەی وشکانی و شەمەندەفەر و ئۆتۆمبیلەوە دەچنە سوید، بەشێکیان لەوێ خۆیان تەسلیم دەکەن و ئەوی دیکەشی لەڕێگەی وشکانی دەچنە ستۆکهۆڵم و لەوێش بە کەشتی ڕوو لە فینلاند دەکەن.

### کڕینی تکت.. ڕێگە ئەستەمەکە

جگە لە حاڵەتە ناکاوەکان، تەنیا لە کاتی کڕینی تکت، پشکنین بۆ پاسپۆرت یان پەڕی مانەوە دەکرێت. ئەو پەنابەرانەی وڵاتینامەیان هەیە، یان ماوەی مانەوەی کاتی و هەمیشەییان هەیە، تکتی کەشتی و شەمەندەفەر دەکڕن و بە پارەیەکی زۆر بە پەناخوازانی دەفرۆشنەوە. ئەمەش زۆرتر پەنابەرانی کورد پەنای بۆ دەبەن.

لە ڕێگەی نێوان سوید و فینلاند چەند کەشتییەک هەن، دیارترینیان کەشتییەکانی هەردوو کۆمپانیای ڤیکینگ و سیلیایە کە ئەمانە بە پلەی یەکەم بۆ گەشت و بەسەربردنی کاتن و لە ڕۆژانی شەممە و یەک شەممە نرخی بلیت گران دەکەن، بەڵام لە ڕۆژانی دیکە نرخ زۆر دادەبەزێنن، بۆ ئەندامانی بەخۆڕاییە.

بڕوێن گوتی "زۆرجار هاوڕێکانمان بە بەلاش پەیدای دەکەن و بە زیاتر لە 200 یۆرۆ بە پەناخوازانی دەفرۆشنەوە".

لەناو کەشتییەکان، جگە لە شوێنی مانەوە، دەیان یانە و باڕ و شوێنی بەسەربردنی کات هەیە، زۆربەی پەنابەران ڕۆژانی قەرەباڵغ ڕوو لە کەشتییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی تووشی گرتن نەبن.

کارمەندێکی کەشتییەکە کە کوردە و کاری پاککردنەوە دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "زۆرجار کۆمپانیاکەی ئێمە کە خاوەنەکەی ئاسیاییە، بەناوی پاککردنەوە پەناخوازان دێننە ناو کەشتییەکە".

کارمەندێکی کەشتییەکە کە مافی ئەوەی نەبوو قسە بۆ (ڕووداو) بکات، گوتی "هەردوو لایەنی فینلاندی و سویدی گوشاریان بۆ زیاد کردووین لە خۆپارێزی و خۆلادان لە هەڵگرتنی ئەو خەڵکە قاچاخانە".

بەپێی قسەی یەکێک لە کارمەندانی بارهەڵگری نێو کەشتییەکان، پێشتر لە ڕێگەی ئەو لۆرییانەی دەهاتنە نێو کەشتییەکان، پەناخوازەکان دەهێنرانە نێو کەشتییەکان، بەڵام ئێستا ڕێگەکان ئاسانترن.

### کەمپەکان .. دوا وێستگە

دوای گەیشتن بە فینلاند کە دوا وێستگەیە، پەناخوازان خۆیان تەسلیم دەکەن و ئەوانەی ئەدرەسیان نییە، لە نێو کەمپەکان دەمێننەوە.

زۆربەی کەمپە گەورەکان دەکەونە باکوور و بەشێکیشیان لە ناوەڕاستی وڵات و چەند دانەیەکیشیان بەتایبەت ئەوانەی کاتین، لە ناوەندی شارەکانن.

کاترینا سۆهلاند، کارمەندی سەرپەرشتیاری کەمپی کۆتلا بە (ڕووداو)ی گوت "تەنیا لە 200 کەمپی باکووری وڵات زیاتر لە 5000 عێراقی هەن".

ناونووسنەکردنی کورد و ناساندنیان وەک عێراقی و ئێرانی و تورکی و سووری یەکێکە لە کێشەکانی نەگەیشتن بە زانیاری. بەپێی قسەی کاترینا تەنیا لە ڕێگەی زمان جیاکراونەتەوە و بەپێی مەزەندەی ئەو ڕەنگە 8 هەزار پەناخوازی کورد لە کەمپەکانی فینلاند هەبن.

سۆران پەنابەرێکی کوردە لە فینلاند و کاری پارێزەرایەتی بۆ پەناخوازان دەکات. ئەو گوتی "پرسی پەنجەمۆر یەکێکە لە کێشەکان". گوتیشی "ئەوانەی بەم دواییانە دێن، زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان 18 تاوەکو 25 ساڵانە و توانای قسەیان نییە. ئەگەر مەترسیی ئەمنیی نەبێت، سنوورداش دەکرێنەوە".

وەک سۆران باسیکرد، زۆربەی ئەو پەناخوازانە لە هەولێر، بەغدا و ئەنکەرە ڤیزا دەکڕن. دوو تاوەکو سێ ڕۆژ بەر لەتەواوبوونی ماوەی ڤیزاکەیان دێنە فینلاند و خۆیان تەسلیم دەکەن".

ئەوانەی پەنجەمۆریان هەیە، زوو ئاشکرا دەبن و دەنێردرێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی ڤیزاکەیان لێوەرگرتووە کە تا ئێستا زۆربەیان نێردراونەتەوە بۆ ئەڵمانیا. ئەوانەشی کە پەنجەمۆریان نییە واتە لە کاتی کڕینی ڤیزاکە پەنجەمۆریان لێوەرنەگیراوە و نەخراونەتە نێو داتا بەیسی وڵاتانی ئەورووپی، چانسی مانەوە و وەرگرتنی مافی پەنابەرێتیان زیاترە.

سۆران کە هاوکات کاری وەرگێڕان بۆ پەناخوازان دەکات، ئەو زانیاریانەی پشتڕاستکردەوە و گوتی "فینلاند ڕاستەوخۆ کەس نانێرێتەوە، بۆیە چانسی مانەوەیان زیاترە".

### کوردی کەمپەکان شەڕانین

بڕوێن یەکێکە لەو گەنجانەی کێشەی پەنجەمۆری نییە، ئەو ئێستا لە کامپی لامپەردایە کە 24 کیلۆمەتر لەشاری هلسنکی دوورە. ئەو گوتی "کارتێکت بۆ دەکرێت، ئیدی مافی گەڕانت بە هەموو فینلاند هەیە".

کاترین باسی ڕەوشی کەمپەکانی کرد و گوتی "کوردەکان زۆر شەڕ دەکەن". زۆر لە پەناخوازانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەش ئەوەیان پشتڕاست کردەوە. بڕوێن گوتی "بەڵێ ئەمە ڕاستە، چونکە ئێمە هیچ قبوڵ ناکەین".

عەبدوڵئیلاە کە سۆمالییەکی نێو کەمپی لامپەردایە، گوتی "ئێمە کوردەکانمان زۆر خۆشدەوێن، بەڵام ئەوان بەچاوێکی دیکە سەیرمان دەکەن و زۆر شەڕمان لەگەڵ دەکەن، ئەوان زۆر شەڕانین".

### داوای سێکس لە کارمەندەکان دەکەن

یەکێک لە کەمپە گەورەکانی پەنابەران کەوتووەتە شەقامی کارلین کاتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی هلسنکی. بەپێی لێدوانی کارمەندێکی سەرپەرشتیار لەو کامپەدا، ئەوانەی دەمێننەوە زیاتر بۆ قۆناغی دابەشکردنە بەسەر ناوچەکانی دیکە.

ئەو کارمەندە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە چونکە مافی ئەوەی نییە بە ناوی ئیدارەی کەمپەکە لێدوان بدات، گوتی "یەکێک لەوانەی کورد و عێراقییەکانی پێ دەناسینەوە، حەزی ئەوانە بۆ پەیوەندی". بەپێکەنینەوە گوتی "ڕۆژانە داوای چوونە دەرەوە و نانخواردن و پەیوەندیم لێدەکەن، پەناخوازانی کورد زیاتر داوای سێکسم لێدەکەن، هەندێکیان داوا دەکەن شوویان پێبکەم".

ئەو لەوە سەری سوڕمابوو کە کوردەکانیش وەک بیانییەکانی دیکە مانگانە 100 یۆرۆیان دەدرێتێ، "کەچی لە چێشتخانە و هۆتێلی 5 ئەستێرەیی داوەتم دەکەن کە ڕەنگە یەک ژەم خواردن لە 200 یورۆ تێپەڕێنێ".

### شەڕی کورد و عەرەب لە فینلاند

لەو کەمپەی سەر شەقامی کارلین کاتوو 25 عێراقی لێیە کە 12یان کوردن. بەڵام لەوێش کورد و عەرەب بە یەکەوە هەڵناکەن.

ئەحمەد عەزیز کە خەڵکی بەغدایە و کوردی فەیلییە، بە (ڕووداو)ی گوت "کوردەکانی ئەم کەمپە من بە عەرەب حیساب دەکەن و ئامادەنین نانم لەگەڵ بخۆن". گوتیشی "پەناخوازانی کورد زۆریان ڕق لە عەرەب و سۆماڵییەکانە".

مەسەلەی ڕقی کورد و سۆماڵی لەیەکتر، گەیشتووەتە نێوەندە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەش.

لە سەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فینلاند کە مانگی ڕابردوو بەڕێوەچوو، سەرۆکی پارتی فینلاندییە ڕەسەنەکان کە بە ئاشکرا دژایەتی بیانییەکان دەکات، لە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنیدا، لەبارەی قبوڵنەکردنی بیانییەکان پرسیاری لێکرا، ئەو گوتی "بیانییەکان نەک لەگەڵ فینلاندییەکان ناگونجێن، بگرە خۆشیان یەکتری قبوڵ ناکەن".

تیمۆ سۆینی، سەرۆکی پارتی فینلاندییە ڕەسەنە دژە بیانییەکان کە سەرکەوتنیان لەم هەڵبژاردنە بەدەستهێنا، هەروەها گوتی "ئەوە من نیم جیاکاری دەکەم، کورد و سۆماڵییەکان خۆیان ڕقیان لە یەکدیە و بەردەوام شەڕ دەکەن".

### بەدوای ژیاندا دەگەڕێن

ئەو پەناخوازانەی لە کەمپەکاندا دەمێننەوە، هەر 3 -12 کەس بەپێی قەبارەی ژوورەکان، ژوورێکیان دەدرێتێ، سێ ژەم خواردن و خزمەتگوزاری وەکو تەندروستی و یاساییان بۆ دابینکراوە. مانگانەش هەر یەکەیان 100 یورۆی دەدرێتێ. ئەوانەشی لە کەمپەکانی دەرەوەی شارن، هەفتانە بە پاس دەهێنرێنە ناوەندی شار و پاشان دەگەڕێنرێنەوە.

بڕوێن کە لە کوردستان لە نانەواخانەیەک کاری دەکرد، گوتی "من لە کوردستان زیاتر لەو 100 یۆرۆیەم دەستدەکەوت و مانگانە 500 هەزار دینارم هەبوو، بەڵام لێرە زیاتر هەست بە ئارامی دەکەم". بڕوێن چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری دەکات و دەڵێت "هەر کاتێک مافی پەنابەریم وەرگرت، دەخوێنم. لە کوردستان دەرفەتم نەبوو بخوێنم".

### ژمارەی پەناخوازانی کورد لە فینلاند و سوێد

ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو پەناخوازانی ڕوو لە سوێد و فینلاند دەکەن، کوردن. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ساڵی ڕابردوو 8000 عێراقی ڕوویان لە فینلاند کردووە کە 40%یان کورد بوون. هەروەها ئەمساڵیش 5000 عێراقی ڕوویان لەم وڵاتە کردووە کە بەپێی گوتەی کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچی فینلاند 45%یان کوردن.

بەپێی دوایین زانیاریی فەرمانگەی کۆچی سویدیش، لەبارەی پەناخوازان، ساڵی ڕابردوو 2902 پەناخوازی عێراقی پەنایان بۆ سوێد هێناوە. کە بەشێکیان کورد بوون. هەروەها 22 هەزار و 851 کەس لەسووریا هەڵاتوون و پەنایان بۆ حکومەتی سوێد بردووە، کە زۆربەیان کریستیان و کوردن.



کەمپێکی پەنابەران لە هلسنکی



بڕوێن دەڵێ: زۆربەی قاچاخچییەکان کوردن



یەکێک لەو ژوورانەی نێو کەشتی کە پەناخوازانی لێ دەشاردرێتەوە



ئەو پەنابەرانەی وڵاتینامەیان هەیە، تکتی کەشتی و شەمەندەفەر دەکڕن و بە پارەیەکی زۆر بە پەناخوازانی دەفرۆشنەوە

(فۆتۆ: ڕووداو)

## لەندەن داوای فیلمی کوردی دەکات

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە نۆیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن لە 2015/11/13 بەڕێوەبچێت و ڕێکخەرانی فێستیڤاڵەکەش داوای بەشداریکردنی فیلمی کوردی دەکەن. کۆمیتەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، لە ڕاگەیێنراوێکدا داوا لە دەرهێنەرانی کورد و بیانی دەکەن، تاوەکو ڕۆژی 2015/6/1 فیلمەکانیان بۆ لیژنەی فێستیڤاڵ بنێرن. لە ڕاگەیێنراوەکەدا هاتووە "هەموو جۆرە فیلمێک، فیلمی درێژ، کورتە فیلم، بەڵگەنامەیی و ئەنیمەیشن دەتوانێت بەشداری بکات. بەڵام تەنیا ئەو فیلمانە وەردەگرین کە لەسەر کوردن، یان ئەو پرس و کێشانەی پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە". ڕێکخەرانی فێستیڤاڵەکە مژدەی ڕێکخستنی پێنجەمین پێشبڕکێی (یڵماز گۆنای بۆ کورتە فیلم)یان لە لەندەن بە دەرهێنەران و ئەکتەرانی کورد دا.





## هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر بۆ (ڕووداو):

# هەولێر ماڵی دووەممە

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، زوو زوو هونەرمەندە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی دەبینران، بەشێکیشیان پرۆژەی بازرگانییان لە کوردستان هەبوو، بەڵام لە دوای قەیرانی دارایی و جەنگی دژی داعش، زۆربەیان گەڕانەوە وڵاتەکانیان، جگە لە خانمە هونەرمەندێکی وەک حەسنا مەتەر کە پاش ئەو ڕووداوانە لێرە زیاتر دەبینرا. حەسنا وەک پێشاندانی پشتگیریی خۆی بۆ هێزی پێشمەرگە، سەردانی بەرەکانی شەڕی کرد. ئێستاش لە هەرێمی کوردستان دەژی و دەڵێت "هەولێر ماڵی دووەمی منە. ئێستا تەنیا بەسەردان دەگەڕێمەوە لوبنان".

لە پرۆژەی لوبنان ستی لە شاری هەولێر چاومان پێیکەوت کە خەریکی تۆمارکردنی ڕێکلامێکی بازرگانی بوو بۆ ئەو پرۆژەیە، هەر لەوێ وەڵامی چەند پرسیارێکی (ڕووداو)ی دایەوە.

دەرباز یونس
ڕووداو - هەولێر

**بە کوردی گۆرانی سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە دەڵێم**

**لە کوردستان دەژیم و تەنیا بە سەردان دەگەڕێمەوە لوبنان**

**ئەلبوومی کوردیش تۆمار دەکەم، بەڵام سپۆنسەرم پێویستە**

**ڕووداو: لە دوای قەیرانی دارایی و جەنگی داعش، ئەو هونەرمەندە بیانیانەی لێرەبوون گەڕانەوە وڵاتەکانی خۆیان، تۆ بۆچی مایتەوە؟**

**حەسنا مەتەر:** کوردستان بۆ من بووەتە ماڵ و وڵاتی دووەم. من هەرگیز لێرە هەست بەوە ناکەم کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆمم. ماوەیەکی زۆرە لە کوردستان دەژیم، ساڵی 2014ش لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ و بارودۆخە خراپەکان من هەر لێرە بووم و کوردستانم بەجێنەهێشت.

**ڕووداو: ماوەیەک بەر لە ئێستا سەردانی بەرەکانی جەنگت کرد و هێزەکانی پێشمەرگەت بەسەرکردەوە، ئەوە چۆن بوو؟**

**حەسنا مەتەر:** شەرەفمەندم کە سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەم کرد، ئەوان پاڵەوانن. ئەم سەردان و بەسەرکردنەوەیەم تەنیا بۆ پشتگیریی هێزەکانی پێشمەرگە بوو لە شەڕکردن دژی تیرۆریستانی داعش. خۆزگە دەخوازم ئەو تارماییە ڕەشە بەرۆکی هەولێر بەربدات و بگەڕێینەوە هەولێری پێش ساڵی 2014. بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی کە هەولێر بوو بە پایتەختی گەشتیاریی وڵاتانی عەرەب کە بە بۆچوونی من ئێستاش هەولێر پایتەختی گەشتیارییە.

**ڕووداو: لە سەرەتاوە مەبەستی سەردانکردنت بۆ هەرێمی کوردستان چی بوو؟**

**حەسنا مەتەر:** من بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی هونەری هاتمە کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەو باردۆخە تەواوی کارەکانم وەستاون و پرۆژەکەشم ئەنجامنەداوە، بەڵام دواتر تێکەڵی خەڵکەکە بووم و حەزم کرد بمێنمەوە.

**ڕووداو: تۆ گەشتێکی گۆرانی کوردیت بەزمانی کوردی نوێکردووەتەوە، ئەم گۆرانییانە لای خەڵک زۆر خۆشەویستن، مەبەستم گۆرانی ئازیز بەهارە و ئەرێ لەیلێ-یە، چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە؟**

**حەسنا مەتەر:** من لە خۆشەویستیم بۆ کوردستان گۆرانیم بە کوردی گوت، پلانم بۆ ئەوەش هەیە کە گۆرانی سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە بە زمانی کوردی تۆمار بکەم. ئەگەر بارودۆخەکە باشتربێت، کۆنسێرتێکی گەورە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەکەم.

**ڕووداو: بەنیاز نیت ئەلبوومێکی گۆرانی بە کوردی تۆمار بکەی؟**

**حەسنا مەتەر:** بۆچی نا، زۆر بەخۆشحاڵییەوە، بەڵام خۆت دەزانیت تۆمارکردن و دروستکردنی ئەلبووم پارەی زۆری دەوێت، ئەگەر کۆمپانیایەکی کوردستان سپۆنسەری بکات، ئەلبوومێکی کوردیش تۆمار دەکەم.

**ڕووداو: ماوەیەک بەر لە ئێستا لە هەپڤەیڤینێکدا لەگەڵ میدیایەکی عێراقی، باسی ئەوەت کردبوو کە ئامادەی لەم بارودۆخەدا سەردانی بەغدا بکەیت، ئێستاش ئامادەییت هەیە؟**

**حەسنا مەتەر:** بەڵێ ئامادەییم هەیە، من ماوەیەک بەر لە ئێستاش سەردانی بەغدام کرد و خەڵاتی ڕێزلێنانم وەرگرت، هەر لەوێش دوو ئاهەنگم سازکرد بۆ منداڵانی شەهیدان.

**ڕووداو: تۆ یەکەم هونەرمەندی عەرەب بوویت کە سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەت کرد، ئەوە پەیامێکی لە پشت بوو؟ دەتوانی بڵێی ئەمە وەک هاندانی هونەرمەندە عەرەبەکانی دیکە بوو بۆ ئەوەی پشتگیریی خۆیان ڕابگەیەنن؟**

**حەسنا مەتەر:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، نەک تەنیا هاندانی هونەرمەندانی عەرەب، من ئامادەییم هەیە لەگەڵ تەواوی هونەرمەندانی کورد و داواش دەکەم کە هەمووومان بەیەکەوە کۆنسێرتێکی گەورە ساز بکەین و تەواوی داهاتەکەی بدەینە منداڵی شەهیدانی شەڕی داعش.

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە لە کوردستان دەژیت، بیرۆکەت هەیە بە یەکجاری لە کوردستان بژیت؟**

**حەسنا مەتەر:** من ئێستا بە یەکجاری لە کوردستان دەژیم، ماوەی چەند ساڵێکە لێرەم و تەنیا بە سەردان دەگەڕێمەوە لوبنان.

**ڕووداو: دوا پرۆژەت چییە؟**

**حەسنا مەتەر:** ئێستا خەریکی دوو گۆرانیم، یەکێکیان کوردی و ئەویدیکەیان عێراقییە، لە داهاتوویەکی نزیکدا کارەکان تەواو دەبن و بڵاویاندەکەمەوە. جگە لەوەش لەگەڵ هونەرمەندێکی ڤەنزوێلی خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بە عەرەبی و ئیسپانی.

**بۆ پرۆژەی هونەری هاتم و دواتر بڕیارم دا لە هەولێر بمێنمەوە**

## سامی یوسف:

# جلوبەرگی نەتەوەیی کورد زۆر جوانە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**


هەفتەی ڕابردوو گرتەیەکی ڤیدیۆیی دوو گەنجی کورد کە دوای تەواوبوونی کۆنسێرتێک دەچنە لای سامی یوسف، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاوکرایەوە. یەکێک لەو گەنجانە دەڵێت سامی یوسف هەر چاوی بە ئێمە کەوت، بە جلەکانمان ئێمەی ناسییەوە و بە سەرسوڕمانەوە گوتی "ئێوە کوردن".

### جلێکی زۆر جوانە

لەو گرتە ڤیدیۆییەدا هونەرمەند سامی یوسف لە کاتی بینینی ئەو دوو گەنجە کوردە سەرسوڕمانی خۆی نیشان دەدات و یەکسەر بە کوردی بەخێرهاتنیان دەکات و دەڵێت "چۆنی، باشی، زۆر سوپاس". پاشانیش بە دەستەکانی ئاماژە بۆ جلوبەرگی ئەو دوو گەنجە دەکات و دەڵێت "بەڕاستی ئەو جلوبەرگە نەتەوەییانە زۆر جوانن".

دوای ئەوەی سامی یوسف دوایین ئەلبوومی خۆی بۆ ئەو گەنجە کوردە واژۆ دەکات، یەکێک لەو گەنجانە جامانەیەکی کوردی پێشکەشی سامی یوسف دەکات، ئەویش خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت و بە زمانی کوردی سوپاسیان دەکات.

سامی یوسف، یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو هونەرمەندانەی گۆرانیی ئاینی دەڵێت. بەو پێیەی بە چەند زمانێکی جیاواز گۆرانی گوتووە، هەواداری لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە، بە تایبەتیش وڵاتە ئیسلامییەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا گۆرانی بە کوردی نەگوتووە. هەرچەندە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا بڵاوکراوەتەوە کە سامی یوسف بەنیازە لە داهاتوودا زمانی کوردیش بۆ گۆرانییەکانی زیاد بکات، بەڵام (ڕووداو) پەیوەندی بە ئۆفیسەکەیەوە کرد و ئەوان گوتیان کە هیچ زانیارییەکیان لەوبارەیەوە نییە.



**کەیوان محەممەد: سامی یوسف بەسەرسوڕمانەوە گوتی ئێوە کوردن!**

### چی بە دوو گەنجە کوردەکە گوت؟

ڕۆژی 29ی نیسانی 2015 سامی یوسف کۆنسێرتێکی لە شاری برادفۆردی بەریتانیا سازکرد، دوو گەنجی کوردی دانیشتووی بەریتانیا، ئەو کۆنسێرتەیان بە دەرفەت زانی تاوەکو لە نزیکەوە قسە لەگەڵ سامی یوسف بکەن. هەردوو گەنجەکەش بە جلی کوردی و جامانەوە بەشدارییان لە کۆنسێرتەکەدا کرد.

کەیوان عومەر کە یەکێکە لەو دوو گەنجە و نزیکەی 5 ساڵە لە شاری برادفۆردی بەریتانیا دەژی، بە (ڕووداو)ی گوت "لە کۆنسێرتەکەدا چەندین هەواداری سامی یوسف لەوێ بوون، زۆربەیان پاکستانی و هیندی و عەرەب بوون، ئەوروپیشیان تێدابوو، بەڵام من و هاوڕێکەم تاکە کورد بووین و بە جلی کوردییەوە بەشداریمان لە کۆنسێرتەکەدا کرد".

وەک کەیوان باسی کرد، کۆنسێرتەکە خێرخوازی بووە و نرخی بلیتی چوونە ژوورەوە بۆ هۆڵی کۆنسێرتەکە تەنیا 10 پاوەند بووە، بەڵام سامی یوسف لە کاتی گۆرانیگوتندا بە هەوادارانی گوتبوو، ئەو دوای تەواوبوونی کۆنسێرتەکە لە هۆڵەکە دەمێنێتەوە و وێنەیان لەگەڵ دەگرێت بەو مەرجەی ئەلبوومەکەی بکڕن، دواتر گوتی ئەو کاتە زۆرەمان نییە بۆ وێنەگرتن، تەنیا دەتوانم واژۆتان بۆ بکەم لەسەر ئەلبوومەکەم.

کەیوان و هاوڕێکەی ئەمە بە دەرفەت دەزانن و دوای تەواوبوونی کۆنسێرتەکە خۆیان دەگەیەننە لای سامی یوسف. کەیوان دەڵێت "کاتێک ئێمە نزیکبووینەوە بۆ ئەوەی ئەلبوومەکەی بە واژۆی خۆی بکڕین، سامی یوسف چاوی بە ئێمە کەوت، یەکسەر گوتی ئێوە کوردن! دواتر بە کوردی بەخێرهێنانی کردین و ڕێگەی دا وێنەشی لەگەڵ بگرین".

کەیوان شانازی بە جلەکانییەوە دەکات، چونکە ئێستا ئەو جلانە هۆکارێکن بۆ ناسینی کورد لەلای گەلانی دیکە. کەیوان گوتی "زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم جلی کوردی ئەوەندە بەناوبانگ بووە، گەورە هونەرمەندێکی وەکو سامی یوسف بەهۆی جلەکانمانەوە دەزانێت ئێمە کوردین".

ئاشنابوونی سامی یوسف بە کورد شتێکی تازە نییە، پێشتریش لەگەڵ هونەرمەندانی کورد کاری هونەری کردووە، لەوانەش هونەرمەندی دەڤژەن هەژار زەهاوی کە بە دەفەکەی لە چەند کۆنسێرتێکی سامی یوسف بەشداری کردووە.

### سامی یوسف کێیە؟


- لە 1980/7/29 لە دایک و باوکێکی ئازەری لە شاری تارانی پایتەختی ئێران لەدایک بووە. وڵاتینامەی بەریتانیای هەیە و ئێستا لەشاری لەندەن دەژی.
- جگە لە گۆرانیگوتن، کاری خێرخوازی و بەرهەمهێنانی میوزیکیش دەکات.
- یەکەم ئەلبوومی خۆی لە ساڵی 2003 بەناوی "مامۆستا - Al-Mu'allim" بڵاوکردەوە.
- ئەلبوومی دووەمی بەناوی "گەلەکەم- My Ummah" لە ساڵی 2005 بڵاوکردەوە
- "بەبێ تۆ- Without You" ناوی سێیەم ئەلبوومی سامی یوسفە و لە ساڵی 2009 بەرهەم هاتووە.
- لە ساڵی 2012 سامی یوسف چوارەم ئەلبوومی بەناوی "لە هەر کوێیەکی- Wherever You Are" بڵاوکردەوە.
- پێنجەم ئەلبوومی سامی یوسف بەناوی "سڵاو — Salaam" ساڵی ڕابردوو بڵاوکرایەوە.
- دوایین ئەلبوومی سامی یوسف بەناوی "ناوەند - The Centre"ە و ئەمساڵ



# شاری دایك

بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون

شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz GROUP COMPANY




ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە

0750 112 0090
0770 365 0090

www.Bareazgroup.com
/bareaz Group



# جیهان ستی...

## جیهانی شادی و دڵنیایی

CIHAN CITY
www.cihancity.com

* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.







جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction

هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131

## کچێکی 11 ساڵان خۆی دەخنکێنێ




**رووداو- هەولێر**

لەناحیەی باسرمەی سەر بەشارۆچکەی شەقڵاوە کچە قوتابییەکی تەمەن 11 ساڵ بەپەت لەنێو رەزەکەی ماڵی خۆیان، کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.
کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێوارەی رۆژی 2015/5/5 لە رووداوێکی خۆکوشتن لە ناحیەی باسرمە ئاگادارکراینەوە. دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە دەرکەوت کچە قوتابییەکی تەمەن (11) ساڵ بەناوی (ب،م) خۆی خنکاندووە" ناوبراو گوتیشی "دوای کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە، بەپێی گوتەی دایکی، کچەکەیان هیچ کێشەیەکی نەبووە و لەکاتی رووداوەکەشدا تەنیا خۆی و کچەکەی لەماڵ بوون".

ئەو نووسەرە ژنە ئێرانییەی لە زینداندا لەدایک بوو

# کتێبێکم لە 75 وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە کەچی لە ئێران قەدەغەیە




خاتوو سەحەر دلیجانی، ساڵی 1983 لەناو زیندانە نێودارەکەی تارانی پایتەختی ئێراندا، زیندانی ئەوین، لەدایک بووە، بۆیە دەڵێت ئەو زیندانە لە فەرهەنگی خێزانەکەیدا بە "ماڵ و قوتابخانە" دادەنرێ.
سەحەر ئێستا یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی ئێران، بەتایبەتی بەهۆی بڵاوبوونەوەی دوایین رۆمانی (بچەهای درخت جاکاراندا- منداڵانی درەختی جاکاراندا) لەساڵی 2013 کە تاوەکو ئێستا بۆ سەر 28 زمان وەرگێڕدراوە و لە 75 وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام بێگومان جگە لە ئێران کە چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆمانەکەی قەدەغە کردووە، چونکە بیرەوەرییەکانی نێو زیندان دەگێڕێتەوە.
(منداڵانی درەختی جاکاراندا) بە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی ساڵی 2014 دادەنرێ و دوو جاریش بۆ خەڵاتی پوشکارت هەڵبژێردراوە. ئەم خەڵاتە لە ساڵی 1976ەوە لە ئەمریکا دەدرێت و یەکێک لە پڕشانازیترین خەڵاتەکان بۆ بواری ئەدەب دادەنرێ. سەحەر کە ئێستا لە شاری تۆرینۆی ئیتاڵیا نیشتەجێیە، (رووداو) لەڕێی ئیمەیڵەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

دەرباز یونس
رووداو- هەولێر



زیندانی ئەوین لە فەرهەنگی خێزانەکەمدا واتە ماڵ و قوتابخانە

تاکە ئومێد بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە ئێران ئێمەی گەنجین

نووسەر و رۆشنبیری راستەقینە ناتوانێ لە ئێران بمێنێتەوە

**رووداو: تۆ لە جیهاندا بەو نووسەرە ناسراویت کە لە زیندان لەدایک بووی، خێزانی تۆ چۆن کەوتنە زیندان؟**

**سەحەر دلیجانی:** دایکم لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی 1979، دەستگیر کرا، من لە زیندانی ئەوین لە تارانی پایتەخت لەدایک بووم، واتە ئەمە تەنیا ناسناوێک نییە، ئەمە رووداوێکی راستەقینەیە.

**رووداو: کەواتە تۆ هەر لەوێش گەورە بووی؟ دەتوانی بڵێی زیندان بۆ تۆ وەکو ماڵێک بووە؟**

**سەحەر دلیجانی:** من پێشتریش لە زۆر چاوپێکەوتنندا باسی ئەوەم کردووە کە زیندانی ئەوین، نەک تەنیا لای من، بەڵکو لە فەرهەنگی بنەماڵەکەمدا وەکو ماڵ و قوتابخانە دەبینرێ. من لەوێ چاوم بە دونیا هەڵهێنا، زۆر شتیش لەوێ فێربووین، زیندانی ئەوین پەیوەندییەکی گەورەی لەگەڵ خێزانی مندا هەیە.

**رووداو: تاوانی دایک و باوکت چی بوو؟ لەسەرچی دەستگیرکرابوون؟**

**سەحەر دلیجانی:** دایک و باوکم یەکێک بوون لەو ژمارە زۆرە شۆڕشگێڕەی کە دژی حکومەتی ئێران بوون، باوکم دژی رژێمی شا بوو، دوای نەمانی شا هەر وەکو ئۆپۆزیسیۆن مایەوە لەدژی حوکمی خومەینی، بۆیە دەستگیرکرا و مامیشم لە ساڵی 1988 لەسێدارە درا، ئەمانەم هەموو لە رۆمانەکەمدا باسکردوون.

**رووداو: لە دایکبوونی تۆ لە زیندان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بووە، تۆ چی بەو رژێمەی ئێستا دەڵێی ؟**

**سەحەر دلیجانی:** من هیچم نییە پێیان بڵێم، چونکە ئەوان سیاسەتێکیان هەیە کە هەرگیز گوێ ناگرن و نایانەوێ گوێ بگرن، دەسەڵاتدارانی ئێران کەلتووری گفتوگۆ و تێگەشتنیان نییە، من قسەم بۆ خەڵکی ئێران هەیە، قسەم بۆ دونیا و بۆ هەموو جیهان هەیە.

**رووداو: کەواتە چی بە خەڵکی ئێران دەڵێی، بەتایبەتی گەنجان؟**

**سەحەر دلیجانی:** تەواوی، یاخود دەتوانم بڵێم زۆربەی گەنجانی ئێران پێچەوانەی سیستەم و داخوازییەکانی ئەو دەسەڵات و حوکمڕانییەن کە ئێرانی لەم ساڵانەی دواییدا بەڕێوە بردووە، ئەگەر ئومێدێک هەبێت بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە ئێران، ئەوە ئێمەی خەڵکی ئێرانین، بە تایبەتی گەنجان.

**رووداو: کتێبەکانی تۆ بۆ سەر نزیکەی 30 زمانی جیهانی وەرگێڕدراون، لە جیهان بەگشتی و لە ئێران بەتایبەتی دەنگدانەوەیان چۆن بوو؟**

**سەحەر بەلیجانی:** رۆمانەکەی من بۆ سەر 28 زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە، لە جیهاندا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، کاردانەوەی زۆری هەبوو، لە زۆر کۆبوونەوەی باڵای وڵاتانی جیهاندا، چیرۆکەکانی نێو رۆمانەکەم وەکو دۆکیۆمێنت قسەیان لەسەر کراوە، بەڵام لە ئێران بڵاوناکرێتەوەو خوێندنەوەشی قەدەغەیە و سزای لەسەرە.

**رووداو: بارودۆخی رۆشنبیران و هونەرمەندان و نووسەرانی ئێران چۆنە؟ پەیوەندیت لەگەڵیان هەیە؟**

**سەحەر دلیجانی:** بەڵێ پەیوەندییم هەیە لەگەڵ نووسەر و رۆشنبیران، بەڕاستی ئێران خاوەنی دەیان و سەدان رۆشنبیر و نووسەری گەورەیە، بەڵام تاکو ئەو سیستەمە حوکمڕانی ئەم وڵاتە بکات، هونەر و کەلتوور لەو وڵاتە هەر قەتیس دەمێنێ. رۆشنبیر و نووسەری بەهێز و راستەقینە ناتوانن لە ژێر گوشاری حکومەتی ئێراندا بمێننەوە، بۆ ئەمە زۆر بەداخەوەم و دڵم زۆر بۆ ئێران لێدەدات.

**رووداو: ژیانت چۆن دەستپێکردەوە لە ئەمریکا؟**

**سەحەر دلیجانی:** لە دوای دەرچوونی خێزانەکەم لە زیندان، راستەوخۆ ئێرانمان بەجێهێشت و روومانکردە ئەمریکا، من لە ئەمریکا خوێندنم تەواو کرد، بەڵام دوای شووکردن، ئێستا لە ئیتاڵیا دەژیم.

**رووداو: وا وڵاتانی رۆژئاوا لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی، خەریکە لەگەڵ ئێران دەگەنە رێککەوتن، تۆ لەبارەی ئەو رێککەوتنە چ قسەیەکت هەیە؟**

**سەحەر دلیجانی:** رێککەوتن لەسەر بابەتێک تەنیا کێشەکانی ئێران چارەسەر ناکات، دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێت بە تەواوی بۆچوون و یاساکانی خۆیاندا بچنەوە، 1+5 دەکرێت سەرەتایەک بێت بۆ گۆڕین و چاککردنی سیستەمی ئێران، بەڵام وەک گوتم تەواوی یاسا و رێساکانی ئێران دژی خەڵکی وڵاتەکە و گەنجانە، تەنیا ئەم رێککەوتنە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت.

**رووداو: ئێستا خەریکی نووسینی کتێبێکی دیکەی، ئەویان لەبارەی چییە؟**

**سەحەر دلیجانی:** ئێستا کتێبێک دەنووسم لەسەر ئەو گەنجانەی کە لە زیندان دەردەچن و ئێران بەجێدەهێڵن، چۆن ژیانیان لە سەرەتاوە دەستپێدەکەنەوە لە دەرەوەی ئێران.



# کچە کوردێک دەبێتە فڕۆکەوان

## وەرتێ: ئەگەر فڕۆکەوانی سەربازی بوومایە بەشداری شەڕی داعشم دەکرد

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

کاتێک دەهاتەوە بۆ کوردستان، خەونی بەوەوە دەبینی کە رۆژێک لە رۆژان ئەگەر بۆ چەند خولەکێکی کەمیش بێت، وەکو فڕۆکەوانێک بەسەر ئاسمانی شارەکەیدا بسووڕێتەوە، خەونەکەی وەرتێ هاتەدی. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی، بە فڕۆکەیەک لە فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بە ئاسمانی شارەکەیدا سووڕایەوە.

وەرتێ ئەبوبەکر عەلی کچە گەنجێکی تەمەن 24 ساڵە، لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، بەڵام 23 ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لە دانیمارک دەژی، تەنیا دوو مانگە کۆلێژی فڕۆکەوانیی شارستانی تەواوکردووە و بە سەردان گەڕاوەتەوە کوردستان.

وەرتێ خوێندنی لە کۆلێژی فڕۆکەوانی لە دانیمارک تەواو کردووە، ئێستاش دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی، دەبێت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکدا بکات، دوای 2 مانگ لەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیاکە، لە تەنیشت کاپتن فڕۆکە لێدەخورێ تاوەکو کاژێرەکانی فڕین تەواو دەکات و دەبێتە کاپتن.

بەپێچەوانەی بنەماڵەکەی کە زۆربەیان هونەرمەندن و بەهرەی دەنگخۆشییان هەیە و هەروەها سیاسەتمەداریشیان تێدایە، وەرتێ خووی داوەتە بواری فڕۆکەوانی، چونکە وەک خۆی دەڵێت خەونی منداڵیی بووە.



وەرتێ، برازای هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەد جەزایە، قادری حاجی عەلی کە هەڵسوڕاوێکی باڵای گۆڕانە، مامێتی و ئەژدەر وەهبیش، هاوژینی خوشکەکەیەتی. وەرتێ دەڵێت "شانازی بە هونەرمەندانی نێو خێزانەکەم دەکەم، بەڵام فڕۆکەوانی یەکێک بوو لە ئاواتەکانم".

پیشەی فڕۆکەوانی پیشەیەکی ئاسان نییە، نەخاسمە بۆ رەگەزی مێ، بەڵام وەرتێ وەکو یەکەمین کچە کورد ئەو بوارەی هەڵبژارد. وەرتێ گوتی "بێگومان ئەم بوارە زۆر قورسە، تاقیکردنەوەکانیشی ئاسان نییە و ترساویشم، بۆیە ئەگەر خۆت ئامادە نەکەیت و ماندوو نەبیت، ئەستەمە سەرکەوتوو بیت".

لە فڕۆکەوانیدا کاپتن و یاریدەدەری کاپتن هەیە. یاریدەدەری کاپن بۆ ئەوەی ببێتە کاپتن پێویستە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەسەدان کاژێر لەگەڵ کاپتن فڕۆکە لێبخورێ، پاشان مۆڵەتی کاپتنی وەردەگرێ. ئێستا وەرتێ لە تەنیشت کاپتنی فڕۆکەکە دادەنیشێ تاوەکو کاژێرەکانی تەواو دەکات و لە داهاتوودا دەبێتە کاپتن.

وەرتێ گوتی "بڕوانامەی فڕۆکەوانی بە نمرە نییە، بەڵکو بە لێخوڕینی فڕۆکەیە، ئەو کەسەی دەبێتە فڕۆکەوان دەبێت لەکاتی لێخوڕیندا هیچ هەڵەیەک نەکات".

هەرچەندە لە کوردستان تەنیا فڕۆکەخانە هەیە و هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی نییە بۆ ئەو کەسانەی حەزیان لێیە ببنە فڕۆکەوان، بەڵام وەرتێ ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ فێرکردنی ئەو کەسانە و گوتی "خۆم هەوڵێکی زۆرم داوە بۆ فێربوون، بەڵام ئەگەر لێرە ناوەندی ئەکادیمی کرایەوە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادەم ئەو کەسانە فێر بکەم کە حەزیان لە فڕۆکەوانییە، بە تایبەتیش ئافرەتان".

شەڕی چەکدارانی داعش و هێزی پێشمەرگە هێشتا کۆتایی نەهاتووە. وەرتێ حەزی دەکرد ئەگەر فڕۆکەوانی سەربازی بووایە بەشداریی شەڕی داعشی بکردایە. ئەو گوتی "بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئامادە بووم لە دژی داعش بجەنگم، نەک هەر دژی داعش، هەموو کاتێک وەکو کچە کوردێک لە پێناوی گەلەکەمدا ئامادەم گیانی خۆم فیدا بکەم".

وەرتێ ئەگەر بیەوێ ببێتە فڕۆکەوانی سەربازی، پێویستە بەخوێندنی دیکەیە، چونکە فڕۆکەوانی سەربازی مەرج و خوێندنیشی قورسترە.

ئەو کۆلێژەی وەرتێ لێی خوێندووە بە پارەیە، بۆ چوار ساڵی خوێندن 200 هەزار دۆلاری داوە.

وەرتێ وەکو پیشە فڕۆکەوانی هەڵبژاردووە، بەڵام هەر لەمنداڵییەوە حەزی لە وەرزشیش بووە. ماوەی 15 ساڵ یاریزانی تۆپی دەست و 5 ساڵیش یاریزانی تۆپی پێ بووە، 15 خەڵاتیشی لە بواری وەرزش بەدەستهێناوە.

### خەونەکەی هاتەدی

وەرتێ پێشتر کە دەگەڕایەوە سلێمانی تەنیا وەکو سەرنشینێکی نێو فڕۆکەکان بەسەر ئاسمانی شارەکەدا دەسووڕایەوە، بەڵام ئەمجارە خەونەکەی هاتەدی و وەکو یاریدەدەری کاپتن بەسەر ئاسمانی شارەکەیدا سووڕایەوە.

"لە سەردانی ئەمجارەم بۆ سلێمانی، سەردانی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵیی بەکرەجۆم کرد، لەوێ بە فڕۆکەیەک بۆ ماوەی نیو کاژێر بەسەر ئاسمانی شاری سلێمانیدا سووڕامەوە. هەرچەندە خۆم فڕۆکەکەم لێنەدەخوڕی، چونکە شارەزاییم لە جۆری فڕۆکەکە نەبوو، بەڵکو کاپتنم لەگەڵ بوو، هەستێکی زۆر خۆش بوو وەکو فڕۆکەوانێک بەسەر شارەکەمدا بسووڕێمەوە".

وەرتێ زۆری پێخۆشە لەساڵانی داهاتوودا بتوانێت بگەڕێتەوە کوردستان و لەبوارەکەی خۆیدا خزمەت بکات. ئەو گوتی "وەکو چۆن ئاواتم بوو فڕۆکەوانی تەواو بکەم، ئاواتیشمە لە کوردستان خزمەت بکەم".



## لە سلێمانی پیاوێک خۆی دەکوژێت

**رووداو – سلێمانی**

بەرەبەیانی رۆژی 2015/5/10 پیاوێکی تەمەن 34 ساڵ، باوکی دوو منداڵ خۆی کوشت، دوای خۆشی نامەیەکی بۆ کەسوکاری جێهێشتووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو پیاوە دانیشتووی گەڕەکی هەواری شاری سلێمانییە، لەنزیک خانووەکەی خۆی 2 گوللەی کلاشینکۆفی ناوە بەخۆیەوە و گیانی لەدەستداوە. سەرکەوت ئەحمەد گوتیشی "پیاوەکە لەدوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە و نووسیویەتی لەژیان بێزاربووم، خۆم دەکوژم، کەسیش بە کوشتنم تاوانبار نەکەن".

### خاوەنەکەی دیار نییە

# گەنجێک دەکوژرێ و فڕێدەدرێتە نێو چاڵێکی قووڵ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سەنگاو**

پۆلیسی چەمچەماڵ ئەرکێکی قورسی کەوتووەتە سەرشان لە دۆزینەوەی کەسوکار و بکوژی تەرمێکی نەناسراو کە ماوەیەکی زۆر بوو لە نزیک یەکێ لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی سەنگاو فڕێدرابوو.



پاشنیوەڕۆی رۆژی 2015/5/4 چەند کەسێک پۆلیسیان لە دۆزینەوەی تەرمێکی نەناسراو ئاگادارکردەوە کە فڕێدرابووە نێو چاڵێک لە نزیک گوندی شەلەیی سەر بە ناحیەی سەنگاو لە شارۆچکەی چەمچەماڵ. پۆلیس دووجار هەوڵی دەرهێنانی تەرمەکەی دا، بەڵام بەهۆی سەختیی شوێنەکە نەیتوانی هەمان رۆژ دەریبهێنێ، بۆیە رۆژی دواتر لەڕێگەی ئامێرێکەوە دەرهێنرا، بەپێی راپۆرتی پزیشکی دادیش، ئەو گەنجە بە فیشەکێک کوژراوە.

ئەو شوێنەی تەرمەکەی لێ فڕێدرابوو، پێیدەگوترێ گوندی شەلەیی کە نزیکەی کاژێر و نیوێک لە شارۆچکەی چەمچەماڵەوە دوورە و چەند چاڵێکی قووڵی تێدایە، بەهۆی بۆنی ناخۆشی ئەو چاڵانە، دانیشتووانی ناحیەی سەنگاو و چەمچەماڵیش ناویان لێناون (کونە بۆنە).

ئیدریس شێخ رەوف پیاوێکی باڵابەرزی کەڵەگەتە و دانیشتووی گوندی (درۆزنە) یە، وەکو کەسێکی شارەزای ناوچەکە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە داوای لێکراوە تەرمەکە دەربهێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لە دەرهێنانی تەرمەکە.

ئەو پیاوە گوتی "تەرمەکە 20 مەترێک لە بەشی خوارەوەی چاڵەکە لە نێوان دوو تاشەبەردا بوو، خوێن بەتاشە بەردەکانەوە بوو، ئێمە تاوەکو کاتی نوێژی مەغریبیش هەوڵمان دا دەریبهێنین، بەڵام بۆمان دەرنەهات".

### تەرمەکە کرم لێیدابوو

دوای سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانە بۆ دەرهێنانەوەی ئەو تەرمە، پۆلیسی چەمچەماڵ ناچاربوون کارمەندێکی خۆیان بخەنە نێو قەفەسێکەوە و لەڕێگەی ئامێرێکی هاوشێوەی کرێن شۆڕی بکەنەوە نێو چاڵەکە تاوەکو تەرمەکە دەربهێنن.

نەقیبی مافپەروەر جەلال محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ بە (رووداو)ی راگەیاند کە قەفەسێکیان بەو ئامێرەوە بەستووە و پۆلیسێکیان چووەتە نێو قەفەسەکە و تەرمەکەی دەرهێناوە.

باسی ئەو تەرمەی کرد و گوتی "ئەو کەسە رەگەزی نێر بووە و تەمەنی نزیکەی 40 ساڵە، باڵای نزیکەی مەترێک و 80 سانتیمەتر بوو، شۆرت و بلوزێکی لەبەردا بوو، هەرچەندە ناسنامەشی پێ نەبووە، بەڵام پێدەچێت عەرەب بێت".

بەڵام دکتۆر شیروان عەبدوڵڵا لە پەیمانگەی دادپزیشکیی سلێمانی کە توێکاری بۆ جەستەی تەرمەکە کردووە بە (رووداو)ی راگەیاند "گەنجەکە تەمەنی لە نێوان 25 تاوەکو 35 ساڵ دەبێت و گوللەیەک لە بەشی سەرەوەی چاوی چەپی دراوە و لەژێر چەناگەیەوە دەرچووە".

بەگوتەی بەرپرسەکەی پۆلیسی چەمچەماڵ، تەرمەکە ماوەی مانگێک تاوەکو سێ مانگ لەو شوێنە ماوەتەوە، بەو هۆیەشەوە کرم لێیداوە. گوتیشی "هەتا راپۆرتی پزیشکی توێکاریمان بۆ نەگەڕێتەوە نازانین چۆن کوژراوە، چونکە بەهۆی زۆر مانەوەی جەستەی تێکچووبوو، دەستت لەهەر شوێنێکی بدایە هەڵدەوەری".

بەڵام دکتۆر شیروان رەتیکردەوە کە گەنجەکە لەمێژبێ کوژرابێ و گوتی "بەپێی توێکارییەکە رەنگە لەکاتی کوشتنی تاوەکو کاتی دۆزینەوەی ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک بووبێت".

بەهۆی شیبوونەوەی تەواوی تەرمەکەوە، پزیشکی دادیش نەیتوانیوە بگاتە ئەو راستییەی کە ئاخۆ پێش کوشتنی ئەشکەنجەدراوە یان نا.

### دۆزینەوەی دوو تەرمی بێ خاوەن

دۆزینەوەی ئەو تەرمە لەکاتێکدایە کە لە ناوەڕاستی مانگی رابردووشدا لەناوچەی قلیاسانی سلێمانی تەرمێکی دیکەی بێ خاوەن دۆزرایەوە، ئەوکاتیش پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند کە دۆزینەوەی بکوژانی کارێکی قورسە.

پێدەچێ بکەرانی ئەم تاوانەش لێزانانە شوێنی تەرمەکەیان بەشێوەیەکی وا دەستنیشان کردبێت کە پۆلیس نەتوانێت بەئاسانی بکەرانی بدۆزێتەوە.

گوتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ گوتی "دوای هاتنەوەی راپۆرتی توێکاری لەگەڵ دادوەری لێکۆڵینەوە هەوڵی دۆزینەوەی کەسوکار و بکوژانی دەدەین، بەڵام ئاشکراکردنی کاتی دەوێ، چونکە تاوانێکی زۆر ناڕوونە و بکەرەکانی زۆر بە شارەزایی ئەنجامیانداوە، بەتایبەتیش لە هەڵبژاردنی شوێنی فڕێدانی".

چەند شایەتحاڵێکی دیکە کە ڤیدیۆی کاتی دەرهێنانی تەرمەکەیان بینیبوو، بە (رووداو) یان گوت کە تەرمەکە هەردوو دەستی لەدواوە بەسترابووەوە، بەڵام گوتەبێژەکەی پۆلیسی چەمچەماڵ ئەو قسەیەی رەتکردەوە و گوتی "هەرچەندە خۆم تەرمەکەم نەبینیبوو، بەڵام کارمەندەکان زانیاری لەو شێوەیەیان پێنەگوتووم".

بەپێی یاسای پزیشکی داوەری و توێکاری، هەر تەرمێکی بێ خاوەن دوو مانگ دەهێڵدرێتەوە، ئەگەر خاوەنی نەبوو لەلایەن شارەوانییەوە دەنێژرێت، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا بە وەرگرتنی رەزامەندیی دادوەر، پێش تەواوبوونی دوو مانگەکە بەخاکی دەسپێرن.

# منداڵە چوار مانگەکەی خۆی بەشێوەیەکی دڕندانە دەکوژێ



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

هەناسە تەنیا چوار مانگ تەمەنی بوو، لەلایەن باوکی بە کتری کارەبایی کوژرا. هێنەری براشی کە تەمەنی 16 مانگە هەر لەلایەن باوکییەوە بە سەختی بریندار کراوە. کەسوکارەکەی دەڵێن ئەو پیاوە نەخۆشی دەروونی هەبووە و پێشتریش ویستوویەتی کوڕەکەی بکوژێ.

ئەستەمە دوای نیوەڕۆی رۆژی 2015/5/6 لە خەیاڵی (ل) دەربچێت، کاتێک (ه)ی هاوژینی بە کتری کارەبایی هێرشی کردە سەریان و منداڵە تەمەن چوار مانگەکەی کوشت، هەروەها منداڵە گەورەکەشی کە ساڵێک و چوار مانگ بوو، بریندار کرد. پرسیاری خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی ئەم رووداوەوە ئەوە بوو کە چۆن باوکێک دەستی چووەتە خوێنی ئەم دوو منداڵە ساوایە.

سێ ساڵ لەمەوبەر (ل)ی تەمەن 40 ساڵ شووی بە پیاوێک کرد کە هاوتەمەنی خۆی بوو، ئەو بەو نیازە شووی کرد تاوەکو ئەو تەمەنەی ماویەتی بە خۆشی لەگەڵ هاوژینەکەی بەسەر بەرێت، بەڵام نەیزانی لەگەڵ هاوژینەکەی بەم رۆژگارە دەگات.

(ه) چەند ساڵێک لە بەریتانیا ژیاوە، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لەڕێگەی کەسێکی نزیکی خۆیەوە چووەتە خوازبێنی (ل)و بوونەتە هاوژین. ئەوان لەنێو خانوویەکی 3 نهۆمی لە گەڕەکی سێتووانی شاری سلێمانی دەژیان کە گەڕەکێکی نوێیە و دەکەوێتە لای باشووری سلێمانی.

بەهۆی گەورەیی و تراژیدیی رووداوەکەوە، باسکردنی ئەو رووداوە لەنێو زۆربەی خەڵکی گەڕەکەکەدا گەرمە. ئەو ژنانەی لە پرسەی هەناسە لە ماڵی خاڵی ئەو منداڵە دەهاتنە دەرەوە، باسی ئەو کارەساتەیان دەکرد.

(ه)ی تۆمەتبار لە بەشی خوارەوەی خانووەکەیدا دوکانێکی هەبووە کراوەتە ئارایشگا، لە سەرەتای ئەم مانگەشەوە دوکانێکی دیکەی لە شەقامی مەولەوی بەکرێ داوە، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن نەخۆشیی دەروونی هەبووە و هەر ئەو نەخۆشییەش پاڵنەر بووە بۆ تاوانەکە.

حوسێن حەمەلاو کە خاڵی ئەو دوو منداڵەیە، بە (رووداو)ی گوت، ئەوان پێشتر ئەو کەسەیان نەدەناسی، دوای ئەوەی لە دەرەوەی وڵات گەڕاوەتەوە، لە رێگەی ناسیاوێکیان هاتووەتە خوازبێنی خوشکەکەی و ئەویش شووی پێکردووە.

حوسێن گوتی "ئێمە نەمانزانی زاواکەمان نەخۆشیی دەروونی هەیە، چونکە کەسی نزیکی زاواکەمان پێیگوتین ئەو کەسە تەنیا پەرکەمی لەگەڵدایە، هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە پێشتریش چەند جارێکی دیکە هێرشی کردبووە سەر خوشکەکەم، جگە لەوە جارێکی دیکەش پەلاماری کوڕەکەی داوە و چەقۆی خستبووە سەر ملی و گوتبووی من حەزرەتی ئیبراهیمم، ئیسماعیل سەردەبڕم، لەسەر ئەوەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا".

ئەو تۆمەتبارە لە سەرەتای ئەم مانگەوە دوکانەکەی شەقامی مەولەوی بە ملیۆنێک دینار بە کرێ داوە. بەگوتەی حوسێن، ئەو رۆژەی رووداوەکە روویداوە، زاواکەیان چووەتە لای دوکاندارەکە و داوای کرێی دوکانەکەی کردووە، ئەویش تەنیا 300 هەزار دیناری داوەتێ، کاتێک گەڕاوەتەوە ماڵەوە ئەم کارەساتەی بەسەر خێزانەکەیدا هێناوە.

حوسێن حەمەلاو گوتی "یەکەمجار لەماڵەوە لەخێزانەکەی داوە، بەڵام خۆی لەبەردەستی رزگار کردووە. هەردوو منداڵەکەی خەوتبوون، بەڵام ئەو خەبەری کردوونەتەوە و بە کتری ستیلی کارەبایی لە سەری هەردووکیانی داوە، هەر لەوێدا کچەکەی گیانی لەدەستداوە و کوڕەکەشی بە سەختی بریندار کردووە".

ژنەکەی (ه) دوای دەرچوونی لەماڵەوە خۆی گەیاندووەتە ماڵی دراوسێکەیان و پەیوەندی بە پۆلیسی فریاکەوتنەوە کردووە، بەڵام کاتێک پۆلیس گەیشتوون تەنیا فریاکەوتوون کوڕەکەی لەژێر دەستی (ه) دەربهێنن و بیگەیەننە نەخۆشخانە، وەک حوسێن گوتی "بە سەرە پلاکی کترییەکە لە سەری کوڕەکەی داوە و دەموچاوی هەمووی تەقەڵە و رانیشی شکاوە، ئێستا لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێریی وردی پزیشکدایە".

حوسێن حەمەلاو زۆر خەمبارە بە لە دەستدانی خوشکەزاکەی و مامەڵەی زاواکەیان لەگەڵ خوشکەکەی. ئەو گوتی "زاواکەمان پێشتریش هەر توندوتیژی بەرامبەر خوشکەکەم کردبوو، بەڵام خوشکەکەم نەیهێشتبوو کەسمان بزانین".

هەرچەندە ئەم رووداوە ناخی زۆربەی خەڵکی شاری سلێمانی هەژاندووەو هەر کەسە و بەجۆرێک باسی دەکەن، بەڵام رووداوەکە نەبووەتە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی خێزانی نێوان کەسوکاری ژن و پیاوەکە، چونکە وەک حوسێن حەمەلاو گوتی "کەسوکاری زاواکەمان زۆر باش و رێکوپێکن و پێشتریش کە ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر خوشکەکەم دەکرد، ئەوان دەیانگوت نەخۆشیی دەروونی هەیە و نازانین چی لێبکەین".

دوای رووداوەکە، تۆمەتبارەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەگوتەی ژنەکەی، ئەو تۆمەتبارە لەکاتی رووداوەکەدا هەر شتێکی بەردەست کەوتووە لە دژی منداڵەکانی بەکاریهێناوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبارەکەدا بەردەوامە و بۆ ئەو مەبەستەش رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی کراوە".

لەدوای رووداوەکەوە، خانووە 3 نهۆمییەکەی ئەو خێزانە کەسی تێدا ناژی و دراوسێکانیان هێشتا تاسەی ئەو رووداوە بەرینەداون، دراوسێکانی گوتیان ئەو پیاوە لەو کاتانەی ئەو نەخۆشییەی نەدەبوو کەسێکی بێدەنگ بووە، بەڵام کاتێک نەخۆشییەکەی بۆ دەهات حاڵەتی تێکدەچوو. یەکێک لە دراوسێکانیان گوتی "بەگشتی خێزانێکی زۆر بێدەنگ بوون، بەڵام کاتێک پیاوەکە حاڵەتی دەروونی تێکچووبایە لەماڵەوە تووڕە دەبوو، دەنگی دەهاتە دەرەوە".



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## لەبەر شووکردن مانی گرت

کچێک پەیوەندی بە سەنتەری راوێژکاری خێزانییەوە کرد و گوتی لەوەتەی پێگەیشتووە، هەر پێیدەڵێن تۆ بۆ کوڕە خاڵەکەت دانراوی. چەند جارێک دایک و باوکی پێیانگوتووە کە هەواڵ بۆ ماڵی خاڵی دەنێرن بۆ ئەوەی بێن مارەی بکەن، بەڵام ئەو رازی نەبووە و گوتوویەتی حەز ناکات شوو بە کوڕە خاڵەکەی بکات، دواجار کە گوشاریان بۆ هێناوە مانی لە خواردن گرتووە.

ئەو کچە تاوەکو ئێستا چەند جارێک خوازبێنی هاتووە، بەڵام بە بیانووی ئەوەی بۆ کوڕە خاڵەکەی دانراوە، داواکاری خوازبێنیکەران رەتکراوەتەوە. ئەو گوتی "راستە کوڕە خاڵەکەم بە من قایلە و هیچ عەیبێکیشی نییە، بەڵام من دڵم بۆی ناچێت".

کاتێک ئەو کچە پەیوەندی بە سەنتەری راوێژکارییەوە کرد، وا بڕیاربوو بەیانی ببرێتە دادگا و بە زۆر لە کوڕە خاڵەکەی مارە بکرێت، تەنانەت هەڕەشەی لێکرابوو ئەگەر رازی نەبێت دەیکوژن، بۆیە ئەو داوای رێگەچارەیەکی کردبوو بۆ دەربازبوون لەو کێشەیە.

دوو پێشنیاز بۆ کچە کرا، یەکەم: ئەگەر دڵنیایە بەیانی دەیبەن بۆ دادگا و دەرفەتی هەیە لە ماڵ بێتە دەرەوە، بچێ سکاڵا تۆمار بکات، یان لەسەر داوای خۆی پۆلیس بەهانایەوە بچێت. دووەم: ئەگەرنا کاتێک دەچێتە دادگا تاوەکو بەردەم دادگای باری کەسی هیچ قسەیەک نەکات، تاوەکو ئەوکاتەی دادوەر لێی دەپرسێ: رازیت مێرد بەم کوڕە بکەی؟ ئەوکات دەتوانێت بڵێت رازی نیم و داوای پاراستن بکات، چونکە باوکی هەڕەشەی لێکردووە.

کچە پێشنیازی دووەمی بەلاوە پەسەند بوو و هەر واشی کرد. بۆیە دادگای باری کەسی کچەکە و باوکەکەی رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە کرد، کچەکە لە دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی یەکسەر گوتی "راستە باوکم هەڕەشەی لێکردووم، بەڵام من داوای لەسەر تۆمار ناکەم و تەنیا دەمەوێ بپارێزرێم".

بەبڕیاری دادگا باوکەکە بە کەفالەت ئازاد کرا، کچەکەش رەوانەی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو کرا، تاوەکو کێشەکەی چارەسەر دەبێت. پاش قەناعەت هاتنی باوکی کچە و باوکی کوڕەکە کەوا کێشەکەیان چارەسەر کردووە و پاش رازیبوونی کچەکە بە گەڕانەوەی بۆ ماڵی باوکی، دادگا بڕیاری دا بەڵێننامە لە باوکی وەربگرێ کە ژیانی کچەکەی پارێزراو بێت، دوای بەڵێندانەکە کچەکە گەڕایەوە ماڵی باوکی. بە باوکیشی راگەیەنرا دەبێت خۆی و کچەکەی سەردانی سەنتەری راوێژکاری بکەن، تا ئەوکاتەی پێویست دەکات.

بەپێی یاسا، پێکەوەنانی خێزان گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاو. لە مادە 9ی یاسای باری کەسی هەموارکراودا هاتووە "مافی هیچ لە خزمان یان کەسێکی دیکەی بێگانە نییە زۆر لە یەکێک بکات نێر بێت یان مێ، بەبێ رەزامەندی خۆی. ئەوەی سەرپێچی بکات سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە دوو ساڵ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ، ئەگەر لە خزمە پلە یەکەکانی بێت. بەڵام ئەگەر سەرپێچیکار خزمی پلە یەک نەبوو، سزاکەی دەبێتە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێ لە سێ ساڵ و لە 10 ساڵ زیاتر نەبێت".

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**



وێنەکە لە فەیسبووک وەرگیراوە

# کچێکی دەزگیراندار خۆی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – قەڵادزێ**

تەنیا هەفتەیەک بوو مارە بڕابوو کە تەرمەکەی بە هەڵواسراوی لە نێو ماڵەکەیدا دۆزرایەوە.

کەسوکاری ئەو کچە کە بە پشتێنێک خۆی هەڵواسیبوو، دەڵێن کچەکەیان نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بەڵام پۆلیس دەڵێن نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە.

ڕۆژی 2015/5/5 کچێکی تەمەن 18 ساڵ، بەناوی ئەوین خدر، دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە نێو ماڵەکەیدا خۆی خنکاند.

ڕەوەند خدر، برای ئەوین بە (ڕووداو)ی گوت "لەکاتی ڕووداوەکەدا کەسمان لەماڵ نەبووین، تەنیا بیست خولەک دەبوو کە بەجێمهێشت، لەو باوەڕەدا نەبووم خۆی بخنکێنێ. منداڵێکی خۆمان بەدوامدا هات و گوتی وەرە ئەوین لە هەورەبانەکە خۆی هەڵواسیوە".

کاتێک ڕەوەند خوشکەکەی بەوجۆرە دەبینێ، پۆلیس ئاگاداردەکاتەوە و بە ئاگاداریی پۆلیس پشتێنەکەی لە گەردنی دەکاتەوە. ڕەوەند دەڵێت "نازانم خوشکەکەم بۆچی خۆی خنکاند! دڵی زۆر بە دنیا خۆش بوو، تەنیا هەفتەیەک بوو مارە کرابوو، شووکردنەکەشی بە خواستی خۆی بووە".

ڕەوەند ڕەتیکردەوە کەس دەستی لە خنکانی خوشکەکەیدا هەبێت، ناشزانێت بۆچی خۆی خنکاندووە، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لەبەردەست نییە کە هۆکارەکەیان بۆ ڕوونبکاتەوە "تەنیا کاغەزێکی دوای خۆی جێهێشتووە و ژمارە تەلەفۆنێکی لەسەر نووسراوە".

بەڵام ڕەوەند نەیشاردەوە کە خوشکەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە "بە منداڵی بەربووەتەوە، بۆیە باری تەندروستی و دەروونی زۆر جێگیر نەبوو، زۆرجار دەبووڕایەوە و خوێن لە لووتی دەهات، بۆ چارەسەری بردمانە هەولێر و تارانیش".

وەک ڕەوەند باسیکرد، بەمدواییە هەستیان دەکرد باری دەروونیی باش بووە، بۆیە ڕێگەیان پێداوە شوو بکات "لەگەڵ دەزگیرانەکەی یەکتریان زۆر خۆشدەویست، بەرنامەیان بۆ ژیان دانابوو، ئێستا دەزگیرانەکەی بەردەوام دەگری".

کەسوکاری ئەوین داوایان لە کۆمپانیایەکی مۆبایل کردووە کە پەیوەندییەکانی ئەوینیان لەو ماوەیە بداتەوە، چونکە هەندێک کەس دەڵێن کێشەی مۆبایلی هەبووە، بۆ ئەوەی دڵنیابنەوە بەڕاستی کێشەی هەبووە یان نا.

چواس جەوهەر عوسمان کە دەزگیرانی ئەوینە و ماوەی سێ ساڵ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵی هەبووە، زۆر خەمبارە بە لەدەستدانی دەزگیرانەکەی "ئێمە بە خۆشەویستی بووینە هاوژین، کەس ڕێگر نەبوو، سێ ساڵ پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو. بڕیار بوو بەیانی بچین زێڕ بکڕین و کەلوپەلی نێوماڵ دەستنیشان بکەین. بەرنامەی زۆر جوانمان دانابوو بۆ ئایندەمان، بەڵام مەرگی ئەوین هەموو شتێکی پێچەوانەوە کردەوە".


وەک چواس باسیکرد، ئەوین کە وازی لە خوێندن هێنابوو، بڕیار بوو ساڵی داهاتوو بگەڕێتەوە بۆ خوێندن و بچێتە پەیمانگەیەکی کۆمپیوتەر، چونکە زۆر حەزی لە کۆمپیوتەر بوو.

نیو کاژێر بەر لەوەی خۆی بخنکێنێ، ئەوین پەیوەندی بە چواسەوە کردووە. چواس گوتی "لە تەلەفۆنەکە ماڵئاوایی کرد و گوتی دەچم خۆم دەشۆم و دواتر تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە، بە تامەزرۆوە چاوەڕێ بووم تەلەفۆنم بۆ بکاتەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوە هەواڵی مەرگی ئەوینیان پێدام". گوتیشی "ئەو ماوەیەی بە یەکەوە بووین، قەت نەمزانیوە کێشەی هەبووبێت. ڕاستە نەخۆشیی دەروونی هەبوو، من پێشتریش ئەمەم دەزانی، بەڵام ساڵێک بوو نەخۆشییەکەی نەمابوو".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ پشتڕاستیکردەوە کە ئەو کچە خۆی خنکاندووە، بەڵام هیچ نیشانەیەک لەسەر جەستەی نەبووە کە پێشتر ئەشکەنجە درابێ، تەنیا شوێنەواری ئەو پشتێنەی خۆی پێ خنکاندووە لەسەر ملی دەرچووە. گوتیشی "بەپێی زانیاریی ئێمە ئەو کچە کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە، بۆیە خۆی خنکاندووە".

بۆ دڵنیابوون لە هۆکار و چۆنیەتی مردنی ئەو کچە، تەرمەکەی ڕەوانە کرا بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی. ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند "ئەو کچە بە پشتێنێک خۆی هەڵواسیوەو خۆی خنکاندووە، بەڵام نازانین بۆچی خۆی خنکاندووە و پۆلیس لە سەرەتای لێکۆڵینەوەدایە".

## "لە داخی مێردەکەی خۆی خنکاند"




### مێردی نەسرین: هیچ کێشەیەکمان نەبوو

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

نەسرین چەند خولەکێک پێش خۆخنکاندنی، ئامۆژگاریی کچە تاقانەکەی کردووە، دوایین پەیوەندی تەلەفۆنیشی لەگەڵ برا بچووکەکەی بووە و پێش ئەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ گوتبووی "خۆشم دەوێی". دواتریش پەیوەندییەکە پچڕاوە.

نەسرین جەبار، تەمەن 33 ساڵ، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2015/5/6 لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەیان لە ناحیەی تاسڵوجەی نزیک شاری سلێمانی بە پەتێک خۆی خنکاند. کەسوکارەکەی نەسرین، مێردەکەی تۆمەتبار دەکەن بەخۆخنکاندنی و سکاڵاشیان لەسەر تۆمار کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە.

نەسرین ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ (ع.ح)ی تەمەن 46 ساڵ کە ئامۆزای دایکی بووە، بوونەتە هاوژین، خاوەنی 2 کوڕ و کچێک بوون. هەرچەندە ماڵی نەسرین لە تاسلوجەیە، بەڵام پرسەکەی لە ماڵی باوکی لە سەنتەری شاری سلێمانی دانرا.

زیاد جەبار، برای نەسرین، یەکسەر پەنجەی تۆمەتی بۆ هاوژینی خوشکەکەی درێژکرد و بە هۆکاری خۆخنکاندنی خوشکەکەی زانی "مێردەکەی زۆر لەگەڵی خراپ بوو، چەندینجار لە ماڵەوە دەریکردووە و گوتوویەتی تۆم ناوێ و براکانت بەزۆر تۆیان پێداوم".

هەر بەگوتەی براکەی، نەسرین چەندین جار لەبەر خراپیی مامەڵەی مێردەکەی، هانای بۆ هێناون، بەڵام وەک زیاد گوتی "منیش پێمدەگوت وا بزانە بێوەژنیت و لەبەر منداڵەکان لای مێردەکەت دانیشە".

زیاد قسەیەکی دیکەی دەکاتە بەڵگە بۆ خۆخنکاندنی خوشکەکەی و دەڵێ "کچەکەی پێیگوتین شەوی پێش ڕووداوەکە لەماڵی خزمێکیان بوون، دایک و باوکی بووەتە دەمەبۆڵەیان، دواتر کە گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەوە، باوکی لە دایکی داوە و هەڕەشەی لێکردووە و گوتوویەتی ڕۆژ ببێتەوە هەر دەتکوژم".

هەر بەگوتەی براکەی، خوشکەکەی بەر لەوەی خۆی بکوژێت، زۆر ئامۆژگاری کچەکەی کردووە کە لە داهاتوودا چۆن بژیت و چۆن هەڵسوکەوت بکات، پاشان کچەکەی ناردووەتە دەرەوە شتی بۆ بکڕێ، بەڵام کاتێک کچەکەی گەڕاوەتەوە و بانگی دایکی کردووە، هیچ وەڵامێکی نەداوەتەوە، کاتێکیش ویستوویەتی دەرگای حەوشەی پشتەوەیان بکاتەوە، داخراوە، پاشان لە ژووری نووستنەکەیانەوە سەیری حەوشەی دەرەوەی کردووە و بینیویەتی دایکی خۆی بە پەتێک هەڵواسیوە.

زیاد گوتی "دڵنیام خوشکەکەم لەبەر مێردەکەی، خۆی خنکاندووە، چونکە کچەکەشی لە بنکەی پۆلیس قسەیەکی دایکی گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی، با تۆ ئەمە بزانیت، باوکت هەڕەشەی کوشتنی لێکردووم".

براکەی نەسرین گوتیشی "لەیەکەم ڕۆژی ڕووداوەکە کچەکەی ئەو قسانەی پێگوتم، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە باوکی منداڵەکانی بردنەوە بۆ لای خۆی و ڕۆژی دواتریش کە هاتنەوە کچەکەی قسەکانی گۆڕی و گوتی خەوتبووم کە دایکم وای لە خۆی کرد".

بەرامبەر ئەو مامەڵە خراپەی کە بەرامبەر نەسرینی خوشکیان کردوویەتی، ئەو برایەی چەندینجار خوشکەکانی زاواکەیانی بانگ کردوون و پێیگوتوون قسە لەگەڵ براکەیان بکەن بۆ ئەوەی خۆی چاک بکات، بەڵام بەقسەی زیاد "هیچ نەگۆڕاوە".

نەسرین لەپاڵ ئاگادارکردنەوەی کەسوکاری لەخراپیی مامەڵەی هاوژینەکەی، ماوەیەک لەمەوبەریش بە براکەی گوتووە "دیارە تۆ منت پێ بەخێو ناکرێ، چونکە هەر هاتمەوە دەمبەیتەوە، ڕۆژێک دێت تەرمەکەم دەبینی". بەڵام کەسوکاری هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون ڕۆژێک لەڕۆژان نەسرین ئەو قسەیەی بێنێتەدی، زیاد گوتی "تەسەورمان نەدەکرد وا لەخۆی بکات، چونکە هەمیشە پێمدەگوت تەنیا لەبەر 3 منداڵەکەت دانیشە".

بەڵام (ع.ح) سەرجەم قسەکانی کەسوکاری نەسرینی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "شەوی پێش ڕووداوەکە هەتا 12ی شەو پێکەوە بووین و قسەی خۆشمان دەکرد، هیچ کێشەمان نەبووە، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژەش خێزانەکەم نانی بەیانی بۆ خۆم و کوڕە گەورەکەم ئامادەکرد، ئەگەر کێشەشی هەبووبێت ئاگادار نەبووم، دوای ڕووداوەکەش لەکاتی گەڕانەوەدا کچەکەم پێیگوتم".

سەبارەت بەوەی پێشتر هەڕەشەی کوشتنی لە ژنەکەی کردووە، (ع.ح) گوتی "نەک هەڕەشەی کوشتنم لێنەکردووە، بەڵکو زۆریشم خۆشویستووە و جەرگم سووتاوە، هەر کەسێکیش قسە دەکات ئاساییە با بیکەن و بوختانم بۆ دەکەن".

دوای ڕووداوەکە، (ع.ح) منداڵەکانی بردووەتە لای خۆی و کەسوکاری (نەسرین)یش سکاڵای یاساییان لەبنکەی پۆلیسی تاسڵوجە تۆمار کردووە و داواکارن یاسا دەستگیری بکات و منداڵەکانیش بهێننەوە لای خۆیان.

(ع) ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ چوونی بۆ بەردەم دادگا و گوتی "دادگا بانگم بکات و بانگم نەکات خۆم دەڕۆمە بەردەم دادگاو ملم لەموو باریکترە بەرامبەر یاسا".

نەقیب سەکوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر ئەو خێزانە سکاڵایان تۆمارکردبێت و بەڵگەیان هەبێت، ئەوا دوای دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن لەلایەن دادوەرەوە، هەر کەسێک بێت دەستگیر دەکرێ".

# کارگوزارێکی شارەوانی خۆی دەخنکێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– چەمچەماڵ**

خێزان و کەسوکارەکەی زۆر پەشۆکاون لە خۆخنکاندنی فەتحوڵڵا، چونکە ئەوان دەڵێن هیچ کێشەیەکی نەبووە و هیچی لای ئەوان باس نەکردووە.

فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا، تەمەن 47 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی پیریاد لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، کاژێر 12ی شەوی 2015/5/3 لەو کاتەی بە تەنیا لەماڵەوە بووە، لە چێشتخانەی ماڵەکەیاندا بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە.

فەتحوڵڵا کرێکاری پاککەرەوەی شارەوانیی شۆڕش بوو. ماوەی 30 ساڵە ژنی هێناوە، بەڵام منداڵیان نەبووە. سێ ڕۆژ پێش ڕووداوەکە ژنەکەی بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی چاو، سەردانی ماڵی خوشکێکی کردووە لەشاری هەولێر و ڕۆژانە لەگەڵ هاوژینەکەی پێکەوە قسەیان کردووە و پێیگوتووە کە ڕۆژی 2015/5/6 نەشتەرگەرییەکەی دەکات، بەڵام فەتحوڵڵا بەرنامەی نەشتەرگەرییەکەی لێ هەڵوەشاندەوە.

لەیەکەمین ڕۆژی پرسەکەیاندا کە خەڵک دەستە دەستە سەردانیان دەکردن بۆ پرسە و سەرەخۆشی، فەرهاد مەولود، ئاوەڵزاوای فەتحوڵڵا کە ماڵیان لە هەولێرە و لە پرسەکەدا دانیشتبوو، گوتی هەرگیز بەخەیاڵی هیچ کەسێکی خێزانەکەیاندا نەهاتووە ئەو پیاوە خۆی بخنکێنێ و گوتی "من لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانیانم، فەتحوڵڵا هیچ کێشەیەکی خێزانی و ئەقڵی و جەستەیی و ماددیشی نەبووە. نازانم بۆچی خۆی خنکاندووە".

خێزانەکەی فەتحوڵڵا ئەو ماوەیەی لە شاری هەولێر بووە لە ماڵی فەرهاد بووەو وەک ئەو کەسە نزیکەشیان باسیکرد، خێزانەکەی فەتحوڵڵا جگە لەوەی ڕۆژانە پەیوەندی پێوە کردووە، ئاگاداریشی کردووەتەوە کە چ ڕۆژێک نەشتەرگەری دەکات و ئەویش زۆر پەرۆشی بووە و بەردەوام هەواڵی پرسیوە.

فەرهاد باسی ئەو کاتەی کرد کە هەواڵی مردنی فەتحوڵڵایان بە هاوژینەکەی گەیاندووە و گوتی "بەیانی تاوەکو نیوەڕۆ خێزانەکەی تەلەفۆنی بۆ کرد، بەڵام وەڵامی نەبوو، پاشان تەلەفۆنی بۆ دراوسێکەیان کرد تاوەکو هەواڵێکی بزانێت، کاتێک دراوسێکەی لە دەرگای دابوو دەرگای نەکردبووەوە، ئیدی بەسەر دیواردا چووەتە نێو ماڵەکەیان و بینیویەتی فەتحوڵڵا لە چێشتخانەکەیان خۆی هەڵواسیوە". فەرهاد گوتیشی "تەنانەت ئەو کاتەی خۆی خنکاندبوو تەلەفزیۆنی ماڵەکەشی ئیشی کردبوو، بەڵام وەکو باس دەکرێت لەکاتی ئەو ڕووداوەدا هیچی لەبەردا نەبووە".


بەگوتەی ئاوەڵزاواکەی، فەتحوڵڵا پێشتر نەک هەر بیری بەلای کارێکی لەو شێوەیەدا نەچووە، بەڵکو پێشی سەیر بووە کاتێک لە میدیاکانەوە هەواڵی خۆکوشتنی خەڵکی دیکەی بیستووە، فەرهاد گوتی "فەتحوڵڵا پیاوێکی زۆر ڕێکوپێک و قسەخۆش و کۆمەڵایەتی بوو، هیچ کاتێک دڵی کەسی ناڕەحەت نەدەکرد".

بەرپرسانی پۆلیسی شارۆچکەی چەمچەماڵ دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە. نەقیبی مافپەروەر جەلال محەممەد گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ڕووداوەکە "خۆخنکاندن" بووە و کەسوکاریشی سکاڵایان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە.

دوای ڕەوانەکردنی تەرمی فەتحوڵڵا بۆ پەیمانگەی پزیشکی دادیی سلێمانی، لەلایەن دکتۆر محەممەد نووری، پزیشکی دادی، توێکاری بۆ جەستەکەی کراوە. ئەو پزیشکە بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی پشکنینەکە فەتحوڵڵا بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە و هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی نەبوو، بەڵام دوا بڕیاریش لای دادوەرە".

فەتحوڵڵا کارگوزاری شارەوانیی شۆڕش بووە و ڕۆژی پێش ڕووداوەکە، دەوامی ئاسایی خۆی کردووە، بۆیە وەک چۆن ئەو ڕووداوە کەسوکاری تاساندووە، بەلای بەرپرسانی شارەوانیشەوە ڕووداوەکە مایەی سەرسوڕمانە.


بورهان عەبدوڵڵا، سەرۆکی شارەوانی شۆڕش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کارمەندەیان ڕۆژێک پێشتر دەوامی ئاسایی خۆی کردووە و چاودێرەکانیان سەردانیان کردوون. بورهان گوتی "فەتحوڵڵا کەسێکی زۆر باش بوو، تاوەکو ئێستا هیچ سەرپێچییەکی نەبووە و مۆڵەتیشی وەرنەگرتووە. هەواڵەکە بۆ ئێمە جێی سەرسوڕمان بوو".



# دادگایی شەیتان لە ئەمریکا.. زەکەریا موسەوی بە نموونە

ژیلا لوقمان
ڕووداو- واشنتن

هەفتانە دوو کتێب بەخواستن لەکتێبخانەی خوێندنگاکەم وەردەگرم کە ئامادەیی مورهیدە لە ویلایەتی مینیسوتا. لەنێویاندا زیاتر ئەو ڕۆمانە نوێیانە دەخوێنمەوە کە ڕاستی ڕووداوەکان لەخۆدەگرن، بەڵام ئەم هەفتەیە بڕیارمدا کتێبێکی دادوەریی- سیاسی بخوێنمەوە. کتێبی ئەم هەفتەیە سەرەتای دەستوەردانمە لە بابەتە سیاسییەکان کە ئەویش کتێبێکە بەناونیشانی "دادگاییکردنی شەیتان" و باسی بەناوبانگترین ئەو پێنج دادگاییکردنانە دەکات کە لە مێژووی ئەمەریکادا ڕوویانداوە. دواییینیان دادگاییکردنی زەکەریا موسەوی بوو، یەکێک لە تاوانبارانی ڕووداوی 11ی سێپتێمبەر.




من وەک هەردوو نووسەری کتێبەکە "فیلیپ مارگولیس و ماکسین ڕۆسالەر" تێکڕای ناوەخنی کتێبەکە باس ناکەم، تەنیا چیرۆکی دادگاییکردنەکەی زەکەریا موسەوی نەبێت، کە یەکێک بووە لە گومانلێکراوەکانی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لە هەر سێ ویلایەتی (نیویۆرک، پەنسلڤانیا و ڤێرجینیا)، هۆکاری سەرنجدانیشم بۆ ئەم پیاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویستوویەتی خوێندنی ئەکادیمیای فڕۆکەوانی لە هەمان ویلایەتەکەی من تەواو بکات.

ساڵی 2001 لە شاری ئیگن لە ویلایەتی مینیسۆتا، ئەکادیمی نێودەوڵەتی پان-ئام بۆ فێربوونی فڕۆکەوانی، ئیمەیلێکیان لەلایەن قوتابیەکی دەوڵەمەندەوە پێگەیشت کە دەیەوێت کۆرسێک بۆ فێربوونی لێخوڕینی فڕۆکە وەرگرێت. ئەو قوتابییە زەکەریا موسەوی بوو، ئەکادیمیاکە قبوڵیان کرد و زەکەریا لە سەرەتای مانگی ئابی 2001 گەیشتە شاری ئیگن لە ویلایەتی مینیسوتا.

ئەم قوتابییە سەرنجی زۆر لە کارمەندەکانی ئەکادیمیاکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، چونکە 8300 دۆلاری دا بەخوێندنی فڕۆکەوانی، لە هەمانکاتدا خۆی وەک ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی بۆ ئیش و کار ناساندبوو، بەڵام قورس بوو باوەڕی پێبکەن، چونکە کرێدیت کارت (credit card)ی نەبوو، هەمیشە جلوبەرگی گونجاویشی نەدەپۆشی، تەنیا بە کاوبۆیەک و تیشێرتێک و کڵاوێکی بەیسبۆڵ و کالەوە دەچوو بۆ خوێندن. موسەوی لەو جۆرە کەسانە نەدەچوو کە پارەیەکی زۆر بۆ خوێندن خەرج دەکەن.

ئەندامانی ئەکادیمیاکە پاش دوو هەفتە لە خوێندن، کە ڕۆژانە زۆرترین کریدت (وانە)ی وەردەگرت، گومانیان پەیداکرد، بۆیە پەیوەندییان بە پۆلیسی فیدراڵی (FBI) یەوە کرد بۆ لێکۆڵینەوە. FBI بە زووترین کات لێکۆڵینەوەکانیان دەستپێکرد، دۆزیانەوە کە ڕەگەزنامەی فەرەنسی هەیە و لەو ماوەیەی ڕێگەی پێدراوە زیاتر لە ئەمەریکا ماوەتەوە، بۆیە لە 16ی مانگی ئاب دەستگیرکرا، جگە لەو تۆمەتەی کە بەسەریدا سەپاوە کە بە "نایاسایی" ماوەتەوە لە ئەمریکا، ئەندامێکی FBI گومانی هەبوو کە موسەوی تیرۆریست-یش بێت، بۆیە داوای کرد شوێنی مانەوەی موسەوی بپشکنرێت، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە و ڕێگەی پێنەدرا.

لە 11ی سێپتەمبەری 2001دا 19 پیاوی عەرەب کە سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوون، لە ئاسمانی ئەمریکادا دەستیان گرت بەسەر چوار فڕۆکەی ئەمەریکیدا، سێ فڕۆکەیان هەر یەکەیان پێنج پیاوی عەرەبی تێدا بوو. فڕۆکەی چوارەمیش چوار پیاوی عەرەبی تێدابوو. دواتر دەرکەوت کە ئەگەر موسەوی دەستگیر نەکرایە، ئەوا دەبووە بیستەم تیرۆریست. بۆ دادگا ڕوون بووەوە کە ئەگەر دادگاییکردنی موسەوی خێراتربووایە، ئەوا 19 تیرۆرستەکەی دیکەش ئاشکرا دەبوون و 11ی سێپتێمبەر ڕووی نەدەدا، چونکە موسەوی 25 ڕۆژ پێش ڕووداوی 11ی سێپتێمبەر دەستگیرکرا.



ئەنجامەکانی دادگاش سەلمێنەری ئەوەن کە پەیوەندییەکی زۆر هەبوو لە نێوان زەکەریا موسەوی و تیرۆریستەکاندا، موسەویش وەک تیرۆریستەکان، موسڵمانێکی توندڕەو بوو. هەروەک موسەوی، شەش لە تیرۆریستەکانی دیکەش لە ماوەی نێوان ساڵی 2000 و 2001دا کۆرسی خێرای فێربوونی فڕۆکەوانییان لە ئەمەریکا وەرگرتووە. موسەوی لە ساڵی 1988 بەشداری لە کامپی ڕاهێنانی ئەلقاعیدەدا کردووە لە ئەفغانستان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازیی زۆر لە نێوان موسەوی و تیرۆریستەکاندا هەبوو. بۆ نموونە تیرۆریستەکان زۆربەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبووە، زۆربەیان فێربوون کە چۆن فڕۆکە بەکاربهێنن ساڵێک یان زیاتر پێش ڕووداوەکە، موسەوی فێر نەبووبوو، بەڵام هەوڵیدا زوو فێرببێت. تیرۆریستەکان تێکەڵی ناو کۆمەڵگای ئەمریکی بوون، بەڵام موسەوی وانەبوو، هەوڵیشی نەدەدا خۆی بنوێنێت، هەمیشە وەک پیاوێکی سەیر ناسرابوو. پێش ئەوەی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، بە تاوانی کۆچبەری نایاسایی migration دەستگیرکرا.

ڕەنگە موسەوی بیستەمین ئەنجامدەری ڕووداوەکەی 11ی سێپتێمبەر بووایە، بەڵام بەر لە ڕووداوەکە دەستگیرکرا. کاتێک 11ی سێپتێمبەریش ڕوویدا، دادگای فیدراڵی لە ڤێرجینیا بڕیاری دادگاییکردنی بۆ موسەوی دەرکرد، هەرچەندە موسەوی هیچ پارەیەکی نەبوو تاوەکو پارێزەری پێبگرێت بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام دادگا پارەی سێ پارێزەری بۆ دا، بۆ ئەوەی بەرگری لێبکەن.

بەڵام موسەوی داواکاریی دادگای ڕەتکردەوە و داوای کرد خۆی پارێزەری خۆی بێت، دادگاش بەو مەرجە ڕازی بوو کە موسەوی شارەزاییەکی تەواوی لە یاسا و دادگادا هەبێت.

زەکەریا موسەوی بەدرێژایی ماوەی دادگاییکردنی ڕەتیکردەوە کە پەیوەندی بە ڕووداوەکەی 11ی سێپتێمبەرەوە هەبێت، بەڵام نەیشاردەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە هەبووە و ویستوویەتی بەزووترین کات فێری فڕۆکەوانی ببێت و ئەم پیشەیە وەک چەکێک بۆ وێرانکردن و ئازادکردنی شێخ عومەر عەبدولڕەحمان بەکاربهێنێ. شێخ عومەر پیاوێکی موسڵمانی نابینا بوو، لەساڵی 1993 بە تاوانی هەوڵدان بۆ تەقاندنەوەی پردی نیویۆرک دەستگیرکرا بوو.

پەڕاوی دادگاییکردنە 100 لاپەڕەییەکەی موسەوی زۆر نهێنی تیرۆر و ڕێکخراوی قاعیدەی ئاشکرا کرد، بەڵام فریای ئەوە نەکەوت کە 11ی سێپتێمبەر ڕوونەدات. دادگاییکردنی زەکەریا موسەوی چوار ساڵ و نیوی خایاند، لەکۆتاییدا بە زیندانی هەتاهەتایی سزا درا.

## پێنج دادگاییەکە

یەکەم دادگایی کە بە دادگایی مێژوویی لەو کتێبەدا ناوی هاتووە، دادگایی جادووگەرانی گوندی سالێمە لە ساڵی 1692. ئەم چیرۆکە باس لە دادگایی هەموو ئەوانە دەکات کە گومانیان لێکراوە جادووگەر بن و هیچ پارێزەریشیان نەبووە بەرگرییان لێ بکات، تەنانەت هەر کەسێک بەرگری لێکردبن، بە جادووگەر هەژمار کراوە.

دوو سەدە دواتر، دادگایی ئانارکییەکان (فەوزەوییەکان) هات، چیرۆکی سێیەمیش لە سەدەی بیستەمدا ڕوویدا، ئەویش دادگایی جۆن تۆماس سکۆبز بووە لەسەر زانستی پەرەسەندن. چوارەم دادگایی مێژوویی لە ئەمریکا دادگایی ئالگەر هیس بوو لە ساڵی 1949 بە تۆمەتی بوون بە کۆمۆنیست و سیخوڕیکردن بۆ ڕووسیا. دوایین دادگایی مێژوویی تاوەکو ئێستا لە ئەمریکا دادگایی زەکەریا موسەوییە.

ئەمریکییەکان سزادانی تاوانبار بە کوشتن بە دادگاییەکی دادوەرانە دادەنێن، بەتایبەتی لە دادگایی زەکەریا موسەویدا، بەڵام سیمبولی ئەمریکا بۆ دادوەری کە ژنێکی چاوبەستراوە تەرازوویەکی هاوتای بەدەستەوەیە، بیری هەموو ئەمریکییەک دەخاتەوە کە هەموو تاوانبارێک شایەنی دادگاییەکی دادوەرانەیە بەبێ گوێدانە جۆری تاوان و ڕەگەزەکەی.

## سەرەڕای سزادانی چوار پاسەوانەکە

# کێشەی کۆمپانیای بلاک وۆتەر لە عێراق کۆتایی نەهاتووە



ڕووداو- ap

چوار پاسەوانی پێشووی ئەمریکیی تاوانبارکراو بە تێوەگلانیان لە کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی لە عێراق، داوای پێداچوونەوە بە سزاکانیان دەکەن.

ئەو چوار پاسەوانە کە سزای بەندکردنی درێژخایەنیان بەسەردا سەپێنراوە، کارمەندی پێشووی کۆمپانیای ئەمنیی "بلاک وۆتەر" بوون و بەوە تاوانبار کرابوون کە ڕۆڵیان هەبووە لە تەقەکردن و کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی عێراقی لە ساڵی 2007. بەڵام پارێزەرەکانیان داوا لە دادگای فیدراڵی دەکەن بە سزاکانیاندا بچێتەوە.

ڕۆژی 16ی سێپتێمبەری 2007 ژمارەیەک کارمەندی کۆمپانیای بلاک وۆتەر لە گۆڕەپانی نسوور لە بەغدای پایتەخت تەقەیان لە ژمارەیەک خەڵکی مەدەنی کرد و لە ئەنجامدا 17 کەس کوژران و 20ی دیکەش بریندار بوون.

مانگی ڕابردوو، پارێزەرانی چوار لەو پاسەوانانە کە تۆمەتباری سەرەکیی ڕووداوەکە بوون، چەند کەموکوڕییەکی دادگایان دەستنیشان کرد، وەک بینینی هەستی تۆڵەسەندنەوە لەکاتی سزادان. هەروەها ئەوەی کە ئایا دەتوانرێت ئەو پاسەوانانە بەپێی یاسای سزای فیدراڵی کە ئاماژە بە تاوانی کارمەندانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دەکات لە دەرەوەی وڵات، سزا بدرێن؟ پارێزەرەکان گوتیان لەسەر بنەمای ئەو کەموکوڕییانە داوای پێداچوونەوە بەسزاکان دەکەن.

ئەو داوایە لەپاش ئەوە دێت کە حاکمی فیدراڵی جۆیەس لامبێرس سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر نیکۆلاس سلەیتن و سزای 30 ساڵ زیندانی بەسەر سێ پاسەوانەکەی دیکەدا سەپاند، ئەویش بە تاوانی کوشتنی 17 کەسی مەدەنی و بریندارکردنی 20ی دیکە لە عێراق.

بەگوێرەی دادگا، سلەیتن کە یەکەم کەس بووە دەستی بە تەقەکردن کردووە لە هاووڵاتییەکان، سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا، پاش ئەوەی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو بە سزای کوشتن تۆمەتبار کرا. سێ پاسەوانەکەی دیکەش بەناوەکانی پۆڵ سلاج و ئیڤان لیبرتی و دەستن هیەرد، هەریەکەیان سزای 30 ساڵ بەندکردنیان بەسەردا سەپێنرا بە تۆمەتی تێوەگلان لە کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن و بەکارهێنانی چەک.

ئەو ڕووداوە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکای ئاڵۆز کرد و ناڕەزایی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە بەهۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسایشی تایبەت لە ناوچەی جەنگدا.

پاش ڕۆژێکی دووردرێژ لە بیستنی بەڵگەکان لە بەردەم دادگا کە تێیدا پارێزەرە بەرگریکارەکان گوتەی شایەتحاڵەکانی خۆیان پێشکەش کرد، لامبێرس سەپاندنی سزاکانی ڕاگەیاند. لەهەمانکاتدا داواکارەکان داوایانکرد سزاکە قورستر بکرێت بەپێی یاسای فیدراڵی. بەڵام دادوەرەکە داوای هەردوولای ڕەتکردەوە.

پاسەوانەکان کە لەبەردەم دادگا بە کەلەپچەکراوی و بەدلەی زیندانەوە دەرکەوتن، پێداگرییان لەسەر بێتاوانییان کرد. سلەیتن بە دادوەرەکەی گوت "بەڕێز، سزاکە هەڵەیە و دەزانی کە من بێتاوانم." سلاجیش گوتی "هەست دەکەم خیانەتم لێکراوە لەلایەن هەمان ئەو حکومەتەی کە خزمەتم کردووە."

بەڵام لامبێرس گوتی کە بەتەواوی کۆکە لەگەڵ بڕیاری ئەو 12 کەسەی بەپێی یاسای ئەمریکا دەستنیشان دەکرێن بۆ تاوتوێکردنی بەڵگەکان و دوا بڕیار لەسەر کەیسی دادگا. هەروەها ستایشی ڕۆڵی وەزارەتی داد و FBI کرد لە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە و خستنەڕووی ڕاستییەکان بۆ هەموو جیهان.

نزیکەی 100 لە هاوڕێ و کەسوکاری ئەو چوار پاسەوانە لە دادگا ئامادەبوون بۆ پشتگیریکردنیان کە زۆربەیان لە کاتی پرۆسەی دادگاییەکە فرمێسکیان دەڕشت. هەندێکیان بەدەم گریان و فرمێسکەوە لەبەردەم دادگا باسیان لە نیشتمانپەروەری و چاکەی ئەو پیاوانە دەکرد و دەیانگوت تەنیا ئامانجیان خزمەتکردنی وڵاتەکەیان بووە.

سەعدون ئیسماعیل کە شۆفێرێکی تەکسییە لە بەغدا و ئەو ڕۆژە دوو گوللە بەر سکی کەوتووە، بەم سزایە ڕازی نییە و داوای سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەکات "ئەو سزایە کەمترە لەوەی شایەنین". لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا لە بەغداوە، سەعدونی تەمەن 36 ساڵ گوتی "زۆر ئازاریان داین، پێویستە ئەوانە لە سێدارە بدرێن".

یاریدەدەری پارێزەری فیدراڵیی ئەمریکی پاتریک مارتن باسی لە ڕووداوی تەقەکردنەکە وەک کەمینێکی بێ هۆکار بۆ هاووڵاتیانی مەدەنی کرد و گوتی "ئەو چوار کەسە هیچ پەشیمانی و بەرپرسیارێتییەکیان دەرنەبڕیوە، بەڵام پارێزەرە بەرگریکارەکان جەختیان کرد کە ئەو چوار کەسە تەقەیان لێکراوە و بەو تفەنگانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆی دابینکردوون، وەڵامی تەقەکانیان داوەتەوە بۆ بەرگریکردن لەخۆیان".

"ئەم کۆمەڵکوژییە بێ هۆکار نەبووە و هەرگیز قبوڵی ناکەین بەو شێوەیە بووبێت" برایان هێبرلیجی پارێزەری سلاج وایگوت.

محەمەد کینانی ئەلڕەزاق بە ئینگلیزییەکی شڕ کە لەسەر شاشەی ناو دادگاکەوە دەرکەوت، باسی مەرگی کوڕە 9 ساڵەکەی بەناوی عەلی ئەلڕەزاق کرد و داوای کرد دادگا نیشانی بلاک وۆتەری بدات یاسا چییە. ئەلڕەزاق گوتی "جیاوازی چییە لە نێوان ئەم تاوانبارانە و تیرۆریستاندا".

دەیڤد سکێرتلەر کە پارێزەری هیەردە، گوتی لەکاتی پێداچوونەوەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سزاکان پێشێلکاریی دەستوورن، چونکە دەستوور ڕێگری لە سزای سەخت و دەگمەنی هاوشێوەی بارودۆخی ئەوان دەکات.

هەروەها تۆماس کۆنۆلی کە پارێزەری سلەیتنە، گوتی "سلەیتن داوای پێداچوونەوە دەکات لەسەر بنەمای ئەوەی سزاکەی شێوازی تۆڵەسەندنەوەی پێوە دیارە. یەکەمجار سلەیتن لە ساڵی 2007 بە تۆمەتی تێوەگلان لە کوشتن سزادرا، بەڵام دواتر دادگای تەمیز سزاکەی لەسەر هەڵگرت و کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە بەپێی یاسای ئەمریکا ئێکسپایەر بوو، بەڵام داواکاران بەشێوەیەکی ناعادیلانە تۆمەتەکەی سلەیتنیان توندتر کرد بۆ سزای کوشتن".

ئۆفیسی دادوەری فیدراڵی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کەیسەکە نیشانەی ئەوەیە کە FBI لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاری یاساکانی ئەمریکا دەکات لەهەرکوێ ڕووبدات لەپێناو بەرگریکردن لە مافی قوربانییە بێتاوانەکان.



# کوردستان دژە ژەهری ماری نییە

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) داوا دەکات سەرنجێکی زۆرتر بخرێتە سەر ئەو گوندنشینە هەژارانەی جیهان کە ساڵانە دەیان هەزاریان بەهۆی پێوەدانی مار و خشۆکەکانەوە نەخۆشدەکەون و دەمرن. لە هەرێمی کوردستانیش تاوەکو ئێستا پۆلێنکردنێکی زانستی بۆ مارەکان و پلەی مەترسیدارییان نییە، ئەو دژە ژەهرەش کە لە کوردستان بەکاردەهێنرێ، بەتایبەتی بۆ ماری کوردستان دروستنەکراوە، بەڵکو لە ئەمریکا و ئەورووپاوە هاوردە دەکرێ.

## مەترسیی مار

بەپێی داتاکانی (WHO)، ساڵانە لەسەر ئاستی جیهان ژمارەی ئەوانەی مار پێیانەوە دەدات لە ملیۆنێک زیاترن و ئەوانەش کە بە هەمان هۆکار دەمرن لە سەد هەزار نزیکە.

ژەهری مار بەپێی جۆری مارەکە دەگۆڕێت و بە ڕێوشوێنی جیاواز زیان بە بەرامبەرەکەی دەگەیەنێ. بەپێی ماڵپەڕی ڕێپتایڵ مەگەزین ژەهرەکان هەندێکیان خوێن شی دەکەنەوە، هەندێکیان دەمارەکان ئیفلیج دەکەن و هەندێکجاریش ڕاستەوخۆ دڵ دەوەستێنن، یان هەناسە دەوەستێنن.

دەرمانی دژە ژەهر بریتییە لە ماددەی لەکارخەری ئەو ژەهرانە. بۆیە دەبێت بەپێی جۆری ژەهری مارەکە دژە ژەهری تایبەتیی پێبدرێت و لە زووترین کاتیشدا بدرێت بە نەخۆشەکە، بەر لەوەی ژەهرەکە کاری خۆی بکات.

مەترسیی پێوەدانی مار لەوەدایە زیاتر لەناو گوندنشینە هەژار و دواکەوتووەکاندا هەیە. ئەو شوێنانەش هەم کەمتر نێوەندی پێشکەوتووی پزیشکی و تەندروستی و دەرمانی دژە ژەهریان لێیە، هەم دانیشتووانەکەشی زێدەتر بڕوایان بە چارەسەری میللی و نازانستی هەیە. بەو دوو هۆکارەش زۆر لەوانەی مار پێوەیان دەدات، درەنگ دەگەنە نێوەندە تەندروستییەکان و زۆرکات لەکاتی پێویستدا دژە ژەهریان پێنادرێت و ئەوەش هۆکارێکی بەرچاوی مردنی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکە بەهۆی پێوەدانی مار.



## ماری کوردستان پۆلێن نەکراون

لە هەرێمی کوردستان وەرزی دەرکەوتنی مارەکان، لە سەرەتای نیسانەوە دەستپێدەکات تاوەکو کۆتایی ئەیلول.

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت گرنگە پۆلێنێک هەبێت بۆ مارەکانی کوردستان، چونکە ئەوە کاریگەرییەکی زۆر لە شێوازی چارەسەر دەکات.

د.هیوا عومەر ئەحمەد پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری دەڵێت "کاتێک دەزانین جۆرە مارێکی مەترسیدار پێوەی داوە، سەرنجێکی زیاتر دەخەینە سەر باری تەندروستی و چارەسەری قورستری پێدەدەین و زۆرتر جەخت دەکەینە سەر دەستێوەردانی زیاتری پزیشکی".

بەهۆی نەبوونی پۆلێنی تایبەتەوە، د.هیوا وەک هەوڵێکشی تاکەکەسی پۆلێنێکی سەرەتایی مارەکانی پارێزگای سلێمانیی کردووە و بەوەش تاڕادەیەک وێنەیەک دەداتە پزیشکان لەبارەی مەترسی ئەو پێوەدانانەی ڕوودەکەنە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتنی سلێمانی.

لەبارەی بنەماکانی پۆلێنەکەیەوە، د.هیوا گوتی "ئەو مارانەی کەڵبەدارن مانای وایە ژەهرینن، چونکە ئەو کەڵبەیە بەستراوە بەو ڕژێنەی ژەهرەکە دەردەدات و بەوەش کەڵبەکە دەبێتە نێوەندێکی گوازەرەوە بۆ ژەهرەکە".

لە پۆلێنەکەی د.هیوادا جوگرافیاش ڕۆڵی هەیە "لە پارێزگای سلێمانی، ماری ناوچە کەندەڵانەکان و ئەو ناوچانەی زەوییەکانیان فشە مەترسیدارن. بۆ نموونە ماری قەڵادزێ و هەڵەبجە و کەلار زۆرتر ژەهرینن".

ئەو پزیشکە بە پێویستی دەزانێت تیمی هاوبەش لە کۆلێژە پزیشکییەکانی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی دروستبکرێن و پۆلێن و ئەتڵەسێکی ستاندارد بۆ مارەکانی کوردستان دابنێن.

بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی سلێمانیش دەڵێت پۆلێنکردنی مارەکان زیاتر کاری پزیشکانی ڤێتەرنەرییە. بەڵام ئەو پزیشکە ڤێتەرنەرییانەی پەیوەندیمان پێوەکردن، جگە لەوەی گوتیان هیچ توێژینەوەیەک لە کوردستان نەکراوە بۆ پۆلێنی مار، دەیانگوت لە کوردستاندا پزیشکی ڤێتەرنەری سەروکاریان لەگەڵ ماردا نییە و لە زۆر حاڵەتدا مارگرە میللییەکان لەو ڕووەوە شارەزاترن.

## ماری کوردستان کەمتر مەترسیدارن

تیمێکی ئەمریکی کە لەگەڵ سەربازانی ئەمریکی لەساڵی 2003 هاتبوونە عێراق، توێژینەوەیان لەسەر مارەکانی عێراق کردبوو. بەپێی ئەنجامی بەدواداچوونەکانی ئەوان، لە عێراقدا شەش جۆر ماری ژەهرین هەن کە بە زۆری لە بیابانەکان دەژین. بەپێی جۆرەکانیان ژەهری شیکەرەوەی خوێن و ئیفلیجکەری دەماریان هەیە.

بەڵام د.هیوا عومەر دەڵێت ماری کوردستان کەمتر لە ماری بیابانەکانی باشووری عێراق مەترسیدارن "ئەو مارانەی لە ناوچە وشک و بێ بارانەکانن، ژەهرەکانیان زۆر خەستە، بەڵام زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەپێچەوانەی بیابانەکانی عێراقەوە، تەڕ و ئاودارن. بۆیە لە کوردستان تەنانەت ئەگەر مارەکە ژەهرینیش بێت، هێندەی ئەوانەی بیابان مەترسیدار نییە".

## دژە ژەهری تایبەتمان نییە

ئەو دژە ژەهرەی لە کوردستان بەکاردەهێنرێت، لە ئەورووپا و ئەمریکاوە هەناردە دەکرێ. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی دەڵێت دروستکردنی دژە ژەهری تایبەت، لە سەروو توانا تەکنیکییەکانی ئەوانەوەیە.

د.ڕزگار عەلی بەڕێوەبەری گشتی خۆپاراستنی تەندروستی لە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "نەک کوردستان، بەڵکو عێراقیش توانای تەکنیکیی لەو جۆرەی نییە بتوانێ دژە ژەهری تایبەت بۆ خۆی دروستبکات".

دەربارەی نەمانی ماوەی دژە ژەهر لە چەند ناوچەیەکی کوردستان، د.ڕزگار دەڵێت کە دژە ژەهر دەرمانێکی سادە نییە و تەنیا وەزارەتی تەندروستیی عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هاوردەی دەکات و بەسەر سەرجەم ناوچەکانی عێراقدا دابەشی دەکات، بۆیە بوون و نەبوونی زۆرتر دەکەوێتە ئەستۆی بەغدا.

سەبارەت بە دەنگۆی ناکاراییی ئەو دژە ژەهرانەی لە کوردستان بەکاردێن، د.ڕزگار ئەوەی ڕەتکردەوە و گوتی "ڕاستە دژە ژەهرەکانمان تایبەتمەندنین، بەڵام ئەو دژە ژەهرانە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکراون، پێکهاتەکەیان بەجۆرێکە کە دژە ژەهری ژمارەیەکی زۆر لە مارەکانی ڕۆژهەڵات بن".

## ئاماری کوردستان چی دەڵێت؟

لەگەڵ ئەوەی کوردستان ناوچەیەکی بەرچاوی گوندنشینی هەیە و بەوەش بەرکەوتنی مرۆڤ و مار زۆرە، کەچی بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی، ژمارەی قوربانییان زۆر نییە.

ئازاد جەلیل لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی بە (رووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو تەنیا سێ حاڵەتی مردن بە پێوەدان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتمانەوە تۆمار کراون، دوو لە دهۆک و یەک لە سلێمانی".



ئیکرام حوسێن

# شەڕ بۆ سیحەت باشە

ئەوەی کە دەڵێن "بەلاشە بۆ سیحەت باشە" ئەسڵ و ئەساسی نییە، بەلاشە و نیوە بەلاشەش زیانی گەورەی بە خەڵکی گەیاندووە، بەڵام "خوا دەلیلی داماوە و هەر شەڕێک بێت بەشی من خێری تێدا بێت" ئەمەیە، ئەو شەڕەی سەرەتا لە نێوانی مالیکی و هەرێمی کوردستان دروست بوو، لەگەڵ ئەوەی زیانی هەبوو، بەڵام بە گشتی بۆ سیحەتی خەڵکی باش بوو.

لە نووسراوێکی فەرمیی وەزارەتی تەندروستیدا بۆ بنکە تەندروستییەکان، بە چاوی خۆم دیتم نووسرابوو: "بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە جەختدەکەینەوە لەسەر نووسراوەکانی پێشوومان کە ڕەچاوی ئەم دوو خاڵە بکەن: دەرمان بە شێوەی زانستی بنووسرێت، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی زیاتر"، خاڵی دووەمیش داوا دەکات "پشکنینی تاقیگە بەپێی پێویستیی نەخۆش بێت"!

ئەو بنکە تەندروستیانەی کە دەرمانیان لێوە دەبەخشرایەوە، ئێستا بڕی دەرمان تێیاندا لە کەمیی داوە، بەو هۆیەوە دەرمانێکی کەمتر دەدرێتە هاونیشتمانییان، کەواتە هاونیشتمانی دەرمانی کەمتر بەکاردەهێنێ، نەک وەکو پێشتر کە بڕێکی زۆری دەرمان بە بەلاش دەدرایە خەڵک.

قەیرانی ئابووری هەر لە سەرەتاوە خێری گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا و بووە هۆی ڕاگرتنی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت کە هەندێک کەسی هەلپەرست، بە ڕاست و بە چەپدا نەشتەرگەریی ناپێویستیان دەکرد، بەهۆی نیمچە تایبەتەوە لە چەند مانگێکدا چەند سەد هەزار نەشتەرگەری ئەنجامدران، کەرتی گشتی نزیکەی نیوە ئیفلیج بوو، بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە بەدوای فرسەتێکدا دەگەڕان بۆئەوەی نەخۆشخانە حکومییەکانیش بکەنە ئەهلی، بۆ نموونە وەک هەولێر، جگە لەوەی ئیفلاسی بە وەزارەت کرد.

هەرچەندە بەرەڵایی لە کەرتی تایبەتدا هەیەو تیایدا کەس بە کەس ناڵێ کەرت بە چەند، بەڵام بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە تا ڕاددەیەک ڕێژەی کڕیارانی دەرمان کەمی کردووە، ڕێژەی سەردانکەری کلینیکە پزیشکییەکان کەمی کردووە، ڕێژەی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە تایبەتەکانیشدا کەمی کردووە، ئەگەر بەهۆی عەرەبانەوە نەبووایە، زۆر کەمتریشی دەکرد لە ئێستا، بە داخەوە کە لێکۆڵەرمان نییە، بەڵام ئێستا کە ئەو شتانە کەمیان کردووە، بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی سوودی زیاتریان پێگەیشتووە وەک لە زیان، ئا لەم کاتەدا حەق وایە حکومەت پارەو پوولی شوێنە لابەلاکان بۆ نەخۆشخانە گشتی و فریاکەوتنەکان بگێڕێتەوە، گەر نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن پڕ خزمەت و کار بن، خەڵکی باکی لە لووتی نییە ڕێک یان خنجیلەی بکاتەوە، لەوانەیە هاوشێوەکانی حاجی کەریم بە ڕەحمەت بێت زیاد بکەن کە دەیگوت، بستێکی دیکەش لەسەر لووتم بووایە هەر هێندەی ئێستا خەمم بوو.

بەهۆی ئەم قەیرانی داراییەوە ئیتر خەڵکی لای گرنگ نییە بەهۆی ددانییەوە لە تۆم کروز بچێت یان نا، ئاخر پزیشکێکی ددان وای بە برادەرێک گوتبوو، گوتبووی خەفەت دەخۆم کاتێک لە تەلەفیزیۆن ددانەکانت دەبینم ئاوهایە، هەر بۆ زانیاریتان برادەرەکە کەسێکی سەرکەوتووشە لە نێو خەڵکدا.

چەندەم خۆشدەوێن ئەو پزیشکانەی نەخۆشێک ڕێی دەکەوێتە لایان و بە دەنگێکی دلێر و بە تۆنێکی پاک، پیشەییانە و زانستیانە پێی دەڵێن پێویستت بە نەشتەرگەری نییە، پێویستت بە دەرمان نییە، بێ ئەوەی گوێیان لە کەمی و زۆریی ژمارەی نەخۆشەکانیان بێت، بە زمانێکی پاراو پێیان دەڵێن، ئێوە نەخۆش نین، بە داخەوە لە سایەی ئەم وەزارەتی تەندروستییەدا خەڵکی ئالوودەی دەرمان بوون، گەر پزیشکێک دەرمانی ناپێویست بۆ ئەوانە نەنووسێت کە سەردانی دەکەن، هەر زوو خەڵکەکە بایکۆتی دەکەن، بە هیچ نەزان وەسفی دەکەن، وەزارەتی تەندروستی خەڵکی بەو شێوەیە تەربییەت داوە، ئەگەر پێیان بڵێی نەخۆش نیت خێسەت لێدەکەن!

ئێستا کاتی ئەوەیە بەهۆی ئەم قەیرانەوە بیروباوەڕی "خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن" بەهێز بکرێت، وەزارەتی تەندروستی واز لە نەشتەرگەری و دەرمان بهێنێت وەک ئەولەویەتی کاری و بکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاست و خۆپاراستن بکاتە دروشم.

د.زانیار نووری*

# پێیانگوتووم ڕۆماتیزمت هەیە!

لەم سەردەمەدا و بەهۆی بڵاوبوونەوەی جۆرەها پشکنینی تاقیگە، زۆر لە نەخۆشییەکان دۆزراونەتەوە و خەڵکیش داوای پشکنینی پێشوەختە دەکەن، یان پزیشک لەو پشکنینانە دەنووسێت بۆ پاراستنی ئەو کەسە پێش تووشبوونی بە نەخۆشییەکە، بەمە دەگوترێت سکرینین.

لە بابەتەکانی پێشتردا باسی سوود و چۆنێتی پشکنینم کردووە، لێرەدا بە تایبەتی باسی پشکنینی ESR دەکەم کە لەڕێگەی خوێنەوە دەکرێت و تا ڕادەیەک ئاسانە بۆ نەخۆشەکە و کارمەندی تاقیگەکەش، بۆیە ئێستا ئەم جۆرە پشکنینە زۆر بووە.

ESR ڕێژەیەکی هەیە کە لە کاتی نەخۆشیدا بەرزدەبێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بزانرێت، ئەم پشکنینە لەگەڵ زۆر نەخۆشیدا بەرز دەبێتەوە و تەنیا بۆ ڕۆماتیزم ناکرێت. ESR بەرزدەبێتەوە لەگەڵ بوونی هەر هەوکردنێکدا جا ئەگەر هەڵامەتێک بێت یان شێرپەنجە. بە کورتی ئەم پشکنینە تەنیا زانیاریت دەداتێ و بە تەنیا هیچ سوودێکی نییە.

ئەوەی جێی سەرنجە، زۆربەی نەخۆشییە ڕۆماتیزمەکان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئی ئێس ئاڕ. نەخۆشییە ڕۆماتیزمەکان واتە ئەوانەی بەهۆی شەڕکردنی لەشی مرۆڤ لەگەڵ لەش خۆیدا دروست دەبێت ئەگەر بگونجێت وا بڵێین. بەهۆی ئەمەشەوە لەناو خەڵکدا بڵاوە کە ئی ئێس ئاڕ واتە ڕۆماتیزم. بەڵام ئەمە هەڵەیە لەبەر ئەم هۆکارانە:

1- وەکو گوتمان ئی ئێس ئاڕ لەگەڵ هەڵامەتیشدا بەرز دەبێتەوە، بگرە جاری وا هەیە لەگەڵ شەکرە و سکپڕیشدا.

2- هەندێک لە نەخۆشییە ڕۆماتیزمەکان لە هەندێک کاتدا مەرج نییە ئی ئێس ئاڕ بەرزبکەنەوە و نەخۆشەکەش ڕۆماتیزمەی هەیە.

3- کە گوتت ڕۆماتیزمە، ئەوا دەبێت بیسەلمێنی کام جۆری ڕۆماتیزمەیە، چونکە ڕۆماتیزمە 5-6 گرووپە و هەر گرووپێکیش دەبێتە 10 نەخۆشی، بەشێوەیەک کە زانستی چارەسەری ڕۆماتیزمە پزیشکی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لە پزیشکی هەناوی یان نەشتەرگەریی شکاوی.

بە داخەوە لە کوردستان هەندێک لە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیش دەکەونە ئەم هەڵەیەوە و چارەسەری ڕۆماتیزمە دەدەن بە کەسێک کە لەڕاستیدا ئەو نەخۆشییەی نییە.

***هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی هەناو**



# 6 هۆکاری شێرپەنجەی پێست

رووداو- مێلسکۆم

ڕێگاگرتن لە تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست هەر بە بەکارهێنانی ڕۆژانەی کرێمی دژەخۆر نابێت، بەڵکو تۆنی پێست، هۆکاری بۆماوەیی و ڕەفتاری ڕابردووت لەگەڵ پێستت هەموو ڕۆڵیان هەیە. پزیشکانی پێست دەیانەوێ بە لێکدانەوەی هەموو ڕەهەندەکان بزانیت تا چەندە پێستت لە مەترسیی تووشبووندایە بە شێرپەنجە.

### 1 - ئەگەر پێستت تۆخ بوو:

بوونی ماددەی میلانین بە ڕێژەیەکی بەرز لە پێستی گەنمڕەنگ و تۆخدا بەرگرییەکی زۆرتر لەدژی خۆر دەداتە پێست لەچاو پێستی سپی و کاڵ، بەوەش ئەگەری ڕوودانی شێرپەنجە کەمترە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە گەنمڕەنگ و ڕەشپێستەکان تووشی شێرپەنجەی پێست نابن، بگرە لە ڕەشپێستەکاندا مەترسیی تووشبوون زۆرە کە درەنگ هەست بە گۆڕانی ڕەنگی پێست دەکرێت لەو ناوچەیەی شێرپەنجەکە سەری هەڵداوە، بۆیە ڕەنگە چارەسەر دوابکەوێت و چارەنووسێکی خراپتر بداتە خاوەنەکەی لەچاو سپی پێستەکان کە هەر زوو هەست بە گۆڕانی ڕەنگی پێستیان دەکەن و زووتر چارەسەر وەردەگرن.

### 2 - ئەگەر کەسێکی نزیکت شێرپەنجەی پێستی هەبوو:

مەترسیدارترینی جۆرەکانی شێرپەنجەی پێست بریتییە لە میلانۆما. ئەگەر کەسێکی نزیکت ئەو جۆرە شێرپەنجەیەی هەبوو، ئەوا ئەگەری تووشبوونت بە ڕێژەی 50% زیاد دەکات، بۆیە باشترە هەر 6 مانگ جارێک پزیشکێکی پێست پشکنینت بۆ بکات، لە دوای تەمەنی پێگەیشتن.

### 3 - تۆخکردنەوەی پێست:

تۆخکردنەوەی پێست (ئەسمەرکردن و برۆنزیکردن)ی بە بەکارهێنانی بێدی تایبەت کە لەنێویدا تیشک لە پێستت دەدرێت، ئەم ڕێگایە ئەگەری تووشبوونت بە شێرپەنجەی پێست زیاد دەکات. ئەم ئامێرە زۆرتر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بڵاوە، بەڵام دوور نییە بگاتە کوردستانیش.

### 4 - ئەگەر نیشانە (خاڵی سروشتی)ی زۆر لەسەر پێستت هەبوون:

نیوەی حاڵەتەکانی میلانۆمای پێست لەسەر ئەو خاڵە سروشتیانەوە پەیدا دەبن.

### 5 - ئەگەر ڕەنگی پێستت زۆر کاڵ بوو:

ئەوانەی ڕەنگی پێست و قژ و چاویان کاڵە، ماددەی میلانینی پارێزەر لە تیشکی خۆریان کەمە. بەوەش زۆرتر تووشی سووتانەوە و پاشان شێرپەنجەی پێست دەبن.

### 6 - ئەگەر پێستت لە ڕابردوودا زۆر سووتابووەوە:

هەر سووتانەوەیەکی پێست ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست زیاتر دەکات. بۆیە هیچ کاتێک زوو نییە بۆ بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆر، بۆ ئەوەی لەگەڵ دووبارەبوونەوەی سووتانی پێست ئەگەری تووشبوونت بە شێرپەنجەی پێست زیاتر نەکەی.



## دوعای حەسەن قبوڵ نابێت

**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو – هەولێر**

هونەرمەند حەسەن غەفوور شەش ساڵە ئەلبوومێکی گۆرانی ئامادەکردووە، بەڵام دەڵێت بەهۆی نەبوونی کۆمپانیایەکی پرۆفیشناڵ بڵاوی نەکردووەتەوە.
ئەلبوومەکەی حەسەن غەفوور ناوی دوعایە و لە 10 تراک پێکهاتووە.
حەسەن کە ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات بووە و بڕوانامەی لە ئەندازیاری دەنگ هەیە، گوتی "من لە ستۆدیۆ گەورەکانی جیهان لە بواری ئەندازیاریی دەنگ کارم کردووە، دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان بەڵێنی زۆریان پێدام کە هاوکاریم بکەن بۆ دانانی ستۆدیۆیەکی تۆمارکردنی گۆرانی، بەڵام بەداخەوە هاوکارییان نەکردم".



# سیریل نابێتە هێلانەی کەس

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد سیریل فەتاح جارێ ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاوناکاتەوە و لە جیاتی ئەوە گۆرانییەکی سنگڵ تۆمار دەکات.

سیریل بە (ڕووداو)ی گوت "ئەلبوومێکی گۆرانیم ئامادەیە بەناوی باوک، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە جارێ بڵاوی ناکەمەوە، لە جیاتی ئەوە گۆرانییەکی سینگڵ تۆمار دەکەم". ئاوازی گۆرانییەکانی ئەلبوومی باوک لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە دانراوە.

سیریل لەبارەی گۆرانیی (ئیتر نابم بە هێلانەت)، گوتی کە ئێستا خەریکی تۆمارکردنی دەنگە و لە ئایندەیەکی نزیکدا کلیپی بۆ دەکات.

گۆرانی "ئیتر نابم بە هێلانەت" لە تێکستی کەنار بێباکە. هونەرمەند ڕۆژ کەریم ئاوازی بۆ داناوە و ئاریۆسیش کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە.



# حەمکۆ: زەمانی سەددام باشتر بوو

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

بە بڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەرنامە هەفتانەکەی حەمکۆ شۆ کە شانۆگەرییەکی کۆمیدی بوو لە هۆڵی میدیا، ڕاگیرا.

هونەرمەندی کۆمیدی حەمکۆ، دوای ئەوەی بڕیاری دا بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان، دەستی بەکاری هونەری کردەوە، بەڵام لەماوەی ساڵێکدا 3 کەناڵی گۆڕی و دواتر لە شاشەکان دوورکەوتەوە و پەنای بۆ هۆڵی شانۆکان برد.

حەمکۆ گلەیی لە بەرپرسانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد و گوتی "بەبێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکەم بکۆڵنەوە ڕایانگرت. لەو شانۆگەرییەدا ئەوەی خەڵک نەیدەوێرا بیڵێت من دەمگوت". حەمکۆ گوتیشی "لە سەردەمی سەدام حوسێنی گۆڕ بەگۆڕ، هیچ شتێک ڕێزی نەبووایە، هونەر و هونەرمەند ڕێزیان هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا نە بەرهەمی هونەر هەیە و نە ڕێزیش بۆ هونەرمەندان".



# دوای ئەسپ و پشیلە نۆرەی سەگە

**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد بەهمەن قوبادی بەنیازی دروستکردنی فیلمێکە لەسەر سەگ.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ڕۆژنامەوانی لەبارەی فیلمەکە، قوبادی فیلمی "سەگ لە باوەش بگرە" دروست دەکات.

وەک لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، قوبادی قۆناغەکانی توێژینەوە و نووسینی پڕۆژەکەی لە نزیکەی ساڵێک پێش ئێستاوە دەستپێکردووە و لە چەند هەفتەی داهاتوودا نووسینی سیناریۆی ئەم فیلمە تەواو دەبێت.

"سەگ لە باوەش بگرە!" لەبارەی داکۆکیکردنە لە مافی ئاژەڵ. قوبادی و گرووپی بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە هیوادارن تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بتوانن لە ئەڵمانیا و تورکیا دەست بە وێنەگرتنی فیلمەکە بکەن.

قوبانی پێشتریش دوو فیلمی دروستکردووە کە باسی ئاژەڵ دەکەن: ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان و پشیلەکانی تاران.



# کیژان دوێت دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

کیژان ئیبراهیم خەیات ڕایگەیاند کە یەکەم کاری هونەری دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، دوێتێک دەبێت لەگەڵ گۆرانیبێژێکی شاری سلێمانی.

کیژان کە خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی میوزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانییە، دەڵێت پلانی هەیە بۆ دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی "دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ئامادەکاری دەکەم بۆ چەند پڕۆژەیەکی هونەری".

یەکێک لەو پڕۆژانەی کە بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرا کرد، دوێتێکە لەگەڵ هونەرمەند ئارا ئەحمەد. کیژان ناوی گۆرانییەکەی ئاشکرا نەکرد، بەڵام گوتی "تێکستی گۆرانییەکە هێمن مام نادر نووسیویەتی و توانای پیانۆش کاری ئاواز و دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە".

# بووسی دەبێتە بووکی مێژوویی

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – ئاژانسەکان**

بووسی، هونەرمەندی میسری، خەریکی وێنەگرتنی نوێترین کلیپی گۆرانیی خۆیەتی کە وەک بووکێکی سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت.

بووسی، چەند وێنەیەکی کاتی وێنەگرتنی کلیپەکەی لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی "دەمەوێ ببمە بووکی مێژوویی". هەر لەبارەی ئەم کلیپە و دەنگۆی وازهێنانی لە کاری نواندن، بە میدیا عەرەبییەکانی گوتووە "ئەم کلیپە بۆ من دەبێتە کارێکی مێژوویی، وازهێنانیشم لە کاری نواندن دوورە لە ڕاستی، من تەمەنم تەنیا 10 ساڵ بوو کە لە درامایەک دەرکەوتم، بۆیە هەرگیز ناتوانم واز لە کاری نواندن بهێنم".





# خۆزگە ئەڵمانەکان سەرسام دەکات

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە کوردێک بەناوی خۆزگە سەلاح یاسین، بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی لە بواری جوانکاریدا، سەرنجی نمایشکارەکانی ئەڵمانیا ڕادەکێشێ.

خۆزگە بە (ڕووداو)ی گوت "لە تەمەنی 15 ساڵییەوە ئارەزووی کاری جوانکاری و ئارایشگا دەکەم، لە چەند ئارایشگایەک کارم کرد، دواتر بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی لە بواری مکیاژ خوێندم و بڕوانامەی نێودەوڵەتیم وەرگرت".

دوای وەرگرتنی بڕوانامە، دەبێتە جێی سەرنجی نمایشکاران و مۆدیلەکانی ئەڵمانیا. خۆزگە دەربارەی نمایشکارەکان دەڵێت "لەگەڵ چەندین مۆدێلی بەناوبانگی ئەڵمانی کارم کردووە، وەک (jana fachinger) و لەگەڵ ستالیستی ئەڵمانی (malia keana) جگە لە چەندین دیزاینەر و کۆمپانیای دیکە".

خۆزگە پەیجێکی تایبەت بە خۆی لەسەر ماڵپەڕی یوتیوب هەیە، ڕۆژانە چەند ڤیدیۆیەکی فێرکاری لە بواری میکیاژ و جوانکاری بڵاودەکاتەوە. بە نیازیشە بگەڕێتەوە کوردستان و چەند خولێکی فێرکاریی مکیاژ بۆ ئافرەتانی کوردستان بکاتەوە.

# بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
گومان لە دڵسۆزیی کەسە نزیکەکانت مەکە بەتایبەتی ئەندامانی خێزان، کاتێک هەوڵ دەدەی گرفتی نێوانتان چارەسەر بکەیت، خۆشەویستیت دووئەوەندە زیاد دەکات. کاتێکی باشە بۆ کڕین یان گۆڕینی کەلوپەلی ناوماڵ.

**گا**
لەم هەفتەیەدا بەهۆی ناسینی خەڵکی نوێ و دیداری هەندێ لە هاوڕێ دێرینەکانت ئاسوودە دەبیت. پێویستییەکان زۆر بوون و دەسکەوتی داراییش وەک خۆیەتی، واباشە هاوسەنگیی دارایی ڕابگیت و پەنا بۆ قەرز نەبەیت.

**جمک**
مانگی ڕابردوو خۆشی و ناخۆشیی زۆرت بینی، ناخۆشییەکان تێپەڕین، بەڵام خۆشییەکان لەو جۆرەن کە دەبێت چاوەڕوانی ئەنجامێکی باشتریان لێ بکەیت بۆ ئەم مانگە نوێیە. لە سۆزداریدا خۆت یەکلایی دەکەیتەوە.

**قرژاڵ**
ئەم هەفتەیە ئەستێرەی خۆشەویستی ڤینۆس دێتە کەلوەکەت و هەندێ گرفت چارەسەر دەکەیت. هەست بە خۆشییەکی گەورە دەکەیت، کارەکان بەئاسانی بەڕێوەدەچن، بۆ چاوەڕوانییەکەت هەواڵێکی خۆش دەبیستی.

**شێر**
بڕوابەخۆبوون کارەکانت بۆ ئاسان دەکات و یارمەتیت دەدات بیر لەداهێنانی نوێ بکەیتەوە. بەخت هاوکاریت دەکات و بەربەستەکان تێکدەشکێن. خۆت لە گرفت و تووڕەبوون بەدوور بگرە و بەهێمنی هەنگاو بنێ بەرەو سەرکەوتن.

**گوڵەگەنم**
ئەستێرەکەت بەرەو خاوبوونەوە دەچێت، خۆت لەگومان بەدوور بگرە، شتە بەنرخەکانت لە شوێنێکی پارێزراو هەڵبگرە هەتا دووربن لە فەوتان و بزربوون. ئەگەر لە دەربڕینەکانت سوودمەند نەبوویت ئەوا بێدەنگی هەڵبژێرە.

**تەرازوو**
لەکارەکەت بێزارمەبە، چونکە هەموو کارێک بەرپرسیارێتی هەیە، پەیوەندییەکی نوێ دروست دەکەیت بۆ کارەکەت سوودی دەبێت. مەرج نییە هەموو ئەو پێشنیارانەی بۆت دەکرێت باش بن، هەوڵ بدە هەڵبژاردنێکی باش بکەیت.

**دووپشک**
ئەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکان زۆردەبن، بەشێکی خەمەکانت پێویستە لە ژیانت بڕۆن، بێ دوودڵی ماڵئاواییان لێ بکە، بۆ ئەوانەی بەنیازی سەفەرن هەلێکی گونجاوتان بۆ دەڕەخسێت. دەرامەت وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**کەوان**
لەم هەفتەیەدا ئەستێرەی مارس دێتە بەرامبەر بورجەکەت، ئەو شتانەی دەیانبینی بێزارت دەکەن، کەسەکان بە ڕاشکاوانە ڕووبەڕووت دەبنەوە یان ڕەخنەت لێدەگرن، ئەگەر ویستت وەڵامیان بدەیتەوە زۆر هێمن بە.

**کاژۆڵە**
ئەم ماوەیە کارەکەت فراوان دەبێت و پێویستە زیاتر خۆتی لەگەڵ ماندوو بکەی. بڕە پارەیەکت بەدەست دەگات و دەتوانی پێویستییەکی گرنگ پڕبکەیتەوە. ڤینۆس لەبەرامبەر کەلوەکەتدایە، کاتێکی باشە بۆ دیداری سۆزداری.

**سەتڵ**
ڕەشبین مەبە، کاتێک دەرگایەک دادەخرێت دەرگایەکی دیکە دەکرێتەوە، هێشتا هیوای سەرکەوتن هەیە لەو کارەی دوودڵی کردوویت. ڕووخۆش و دەم بە خەندە بە لەگەڵ هەوڵەکانتدا، داوای هاوکاری بکە یان ڕێنمایی وەربگرە.

**نەهەنگ**
(بڕوا شاخ دەجوڵێنێ) کەسێکی بەتوانایت کاتێک دەتەوێ توانات بەکاربهێنی و لە خەیاڵتدا بەربەستی گەورە بۆخۆت دروست دەکەیت، کە دەبێتە هۆی دواکەوتنت، خۆت بەگەورەتر بزانە لە بەربەستەکان و هەنگاو بەرەو سەرکەوتن بنێ.

ئەمانیش وەکو کورد چیاکان بەهانایان هاتوون

# تاوس.. هاوشێوەی گوندێکی کوردی لە وڵاتی هیندیە سوورەکان


مۆزەخانەی جۆرجیا ئۆکیفی لە سانتا فێ


شەقامێکی سانتا فێ کە بەڕە و مافووری لێ دەفرۆشرێت

ڕۆستەم ئاغالە

میللەتانی دونیا بەرەو یەک شارستانیەت ملیان ناوە و بە فرە کەلتووری و هەریەکەیان بە کەلتووری خۆی. شێوازی ئامێرەکانمان لە ماشێن و مۆبایل بە ئینتەرنێتیشەوە یەک جۆرن، بەڵام زمان، ئاماژە، ئاین، داوودەزگا و سیماکان و وتووێژەکان هەر جیاواز دەمێننەوە. گوتە سواوەکە کە دەڵێت "دونیا بەهۆی زانستەوە بووەتە یەک گوند". قسەیەکی راستە، بەڵام خۆ هەرماڵێک لەو گوندە شێوازی ژیان و کاتی نانخواردن و برواداریان و ئایندارییان، هەریەکە لەلایەکەوە هاتووە.

لە هاوینی 2014 سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکام کرد، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە میوانداری کرابووم بەناوی (پرۆگرامی سەرکردەی سەردانکاری نێونەتەوەیی — بەشی کارگێڕیی مۆزەخانە). من بە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی نۆ کەسی لە وڵاتانی عەرەبی بۆ فێربوون و شارەزابوون لە کارگێڕیی مۆزەخانەدا ئەو سەردانەمان بۆ رێکخرابوو. یەکێک لەو پێنج ویلایەتەی سەردانمان کرد، ویلایەتی نیو مەکسیکۆ بوو کە پایەتەختەکەی "سانتا فێ" یە.


بە دوو فڕۆکە گەیشتینە شاری سانتا فێ. وەرز هاوینە و کۆتایی مانگی تەممووزە، ئەم هەرێمە گەرمە وەک دەشتی گەرمەسێری کوردستان، هەر زوو ئامۆژگارییان کردین کە ئاوی زۆر بخۆینەوە، چونکە 5000 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزین، بە تایبەتی گەشتی بەیانیمان بۆ سەر شاخەکان بوو، 4-5 هەزار مەتر بەرزدەبینەوە و رەنگە تووشی تەنگە نەفەسی ببین، بەڵام من مەسەلەکەم زۆر بە جددی وەرنەگرتبوو.

لە واشنتنەوە بە ماوەی دوو کاژێر و نیو گەیشتینە فڕۆکەخانەی ئەتڵەنتا. لەوێشەوە هەر بە فڕۆکە بە دوو کاژێر و 40 چرکە گەیشتینە شاری سانتا فێ.

هەر لە فڕۆکەخانەی نیومەکسیکۆوە کە چاوم بە وێنە و سمێڵ و کڵاوی پان و مرۆڤی کەتە کەتە دەکەوت، هەستم بە دونیایەکی جیاواز لە هەرێمەکانی ئەمەریکا کرد، کەمێک گەڕامەوە بۆ خەیاڵ و کەشی کوردستان لە نەخش و نیگار و خشت و رەنگی گڵێنی خانووی گوند و نەخش و نیگاری بەڕەکانی لای خۆمان.

ئەو هۆتێلەی لێی دابەزین لە کۆشک و تەلاری چیرۆک و داستانە کوردییەکانی سەدان ساڵی بەر لە ئێستای کوردستان، یاخود مەغریب و تونس دەچێت . تکایە چاوی لەسەر زووم بکەن.

بۆ رۆژی دووەمیش بە ئۆتۆمبێل بە سێ کاژێر گەیشتینە شوێنی دیاریکراوی نێو پرۆگرامەکەمان کە خاڵی مەبەست بوو، ئەویش گوندی (تاوس)ە کە سێ کاژێر لە شاری سانتا فێ دوورە.


بەشێک لە تەلارەکانی شاری سانتا فێ

## کورتەیەک لەبارەی شاری سانتا فێ:

زۆربەی دانیشتووانەکەی لە ئەمریکیی رەسەن (هیندیە سوورەکان) پێکهاتوون. لەپاش هێرشی داگیرکاریی ئینگلیزەکان و ئیسپانییەکان، پاشانیش خودی ئەمریکییەکان، تەنگیان بە ئەمریکییە رەسەنەکان هەڵچنی و لەم کیشوەرە گەورەیە لەنێویانبردن و لە ماوەی 300 ساڵدا خاکیان لە توورەگە کردن و لە سووچێکیان خزاندن کە ناوی نیومەکسیکۆیە. ئەم هەرێمە تێکەڵەیەکە لە کەلتووری ئەمریکی، ئیسپانی، مەکسیکی و ئینگلیزی.

سەرجەم خانووەکانی ئەم شارە بە نەخشەسازیی خانووی قوڕ دروستکراون، بەرزترین خانوو سێ چینە. دیزاین و رەنگی ئەو خانووانە هەر لە تەلارەکانی میرییەوە بگرە تاوەکو خانووی خەڵک و کۆمپانیاکان و تەنانەت گەلەری و مۆزەخانەکانیش، بەشێوەی خانووی قوڕ دروستکراون، بە رەنگی گڵ رووی دیوارەکان رەنگکراون و ساپیتەی خانووەکان دارەڕێن و کاریگەریی خانووی هیندیە سوورەکان یان خانووەکانی گوندی تاوسیان لەسەرە. تەنانەت باخ و گوڵی سەر شەقامەکانیش هەر ئەو گوڵە کێویانەی شاخ و دەشتی ئەو هەرێمەن. زۆر کەم کاریگەری یان شتێکی مۆدێرنی ئەمریکی دەبینیت لەو شارە، تەنیا ئۆتۆمبێل و جلوبەرگ نەبێ. ئەم ناوچەیە زۆر گەرمە و شاخاویشە و دەشتودەری زۆر کەم ئاوە.

دانیشتووانی ئەو هەرێمە دەستکورتن و هەژاری وازیان لێناهێنێ، زۆریش قوماردەکەن لە گازینۆکانیان کە لە هەموو هەرێمەکان یاریکردن رێگەپێدراو نییە. کشتوکاڵ زۆر بەهێز نییە لەبەر خاک و وەردی بەردەڵان و شاخاوی. وەک دیاری و بەڵایەک هەرچی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاییە، چاڵ و کۆگای لە ناوچەی نیومەکسیکۆیە، جارێکیش تەقیوەتەوە و کاریگەریی تیشکەکەی زیانی زۆری پێگەیاندوون.

لە ساڵانی پەنجاکاندا دەسەڵاتدارانی ئەوسا بڕیاریان داوە کە پارێزگاری لە کەلتووری ئەمریکییە رەسەنەکان بکەن و کەشی رەسەنایەتیان بپارێزن و خەمێ بخۆن بۆ رەنگدانەوەی ژیانی هیندیە سوورەکان.

داوەتنامە بۆ ئەندازیاری میسریی ناسراوی جیهانی (حەسەن فەتحی) دەنێرن و سەردانی شاری سانتا فێ دەکات و رێکدەکەون لەسەر ئامۆژگارییەکانی و بیروڕایان یەکدەخەن و شارەکە بەو شێوە هەڵدەچنن، تا ئەوڕۆکە لەسەر ئەو نەخشەڕێگایە دەڕۆن. ژمارەی دانیشتووانی شارەکە کەمن، بە بەراورد بە توانا و زۆریی شێوەکارانی کە 60 هەزار کەسن.

شاری سانتا فێ زۆر ناسراوە بەشێوەکارانی ریالیزمی و لەو بوارە خاوەنی زۆرترین کاری داهێنرانەی ریالیزمی و ئیمریشینزمن. زیاتر لە سەت گەلەری و هەشت مۆزەخانەی گەورەی تێدایە، وەک مۆزەخانەی هونەر، مۆزەخانەی کەلتووریی هیندییەکان، مۆزەخانەی ئەزموونیی ئەنترۆپۆلۆجیا، مۆزەخانەی مێژوویی نیو مەکسیکۆ، مۆزەخانەی هونەری میللی و فۆلکلۆری، مۆزەخانەی جۆرجیا ئۆکیفی، مۆزەخانەی ویلرایت بۆ هیندیە ئەمریکییەکان . هەروەها شارەکە چەندان هۆڵی گەورەی شانۆ و هۆڵی ئۆپێرای تێدایە.

ناسراوترین ژنە شێوەکاری ئەمریکی (جۆرجیا ئۆکیفێ) چووەتە شاری سانتا فێ، هەتا مردیش هەر لەو شارە ژیاوە. ژیانی هیندیە سوورەکان زۆر کاریگەری لەسەر ئەو شێوەکارە هەبووە و زۆر نیگاری لە گوندی تاوس و شاری سانتا فێ کێشاوە. بەشێوەی ژیانی ئەوان، ژیانی خۆی گۆڕیوە.

ساڵانە لە وەرزی هاویندا گەشتیارێکی زۆری ئەمریکی، ئیسپانی و مەکسیکی سەردانی ئەم شارە دەکەن. سانتا فێ، دووەم کۆنترین شاری ئەمریکایە و لەساڵی 1610 دروستکراوە وەک هەرێمێکی ئیسپانی. لەسەر خاکەکەی هەرجارەی داگیرکارێک رمبازیی کردووە و ئاڵای لەسەر هەڵکردووە لە ئیسپانی و فەرەنسی و مەکسیکی. لەم شارەدا هەردوو زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی دانپێدانراون.

## هاوشێوەی گوندێکی کوردی لە سانتا فێ

گوندی تاوس، تاکە گوندی قوڕی کۆنی بەپێوەماوی هیندیە سوورەکانە لەسەر خاکی ئەمریکا. تەمەنی گوندەکە 1000 ساڵە. نەیانهێشتووە کەلوپەلی مۆدێرن توخنی نێو ماڵەکانی ئەو گوندە بکەوێت. ئەوەش مایەی سەرسوڕمانە.

لەم گوندەدا تاوەکو ئێستا کارەبا نییە، ئەوەش لەسەر خواست و کەللەڕەقی و دژە شارستانیی خۆیانە، هەروەها ئاویش بە بۆڕی بەلوعە نییە! لە حەوت رۆژ یەکجار ئاو دابین دەکەن بۆ ماڵەکانیان لە قاپ و شەربە و کوپەڵەی کۆنی بۆرکەلەی دەکەن. دانیشتووانی ناو گوندەکە زۆرترینیان بەتەمەن و پەککەوتەن و گەنج و خوێندەوار و حەزکردووان بە دونیای مۆدێرنە لە دووریی چەند سەد مەتری لە گوندی تاوس و بازگەکەی، خانووی کۆنکرێتی یان لە دار و جەمەلۆنیان دروستکردووە و جیاواز لە باو و باپیرانیان دەژین، تۆزێ لە دۆمەکانی لای خۆشمان دەچن لە سادەیی و چاوتێری و خۆ هیلاک نەکردنیان بە دونیاوە.

ئەم گوندە لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە دەپارێزرێت و بە کۆنترین گوندی کیشوەری ئەمریکا پێناسەکراوە.

عەشامەتی ئەو گوندە و گوندەکانی دیکەش، هەژاری کز و سەرلاری کردوون و هەر لە خەڵکی ئەمریکا ناچن. ئێستا بەراوردێک لە خەیاڵ و مێشکۆکەی خۆدەکەم خەڵک و ژیاری ئەوان و خەڵکی سەرشەقامی واشنتن و شیکاگۆ، جیاوازیی نێوانیان کوردستان و ئەمریکایە. پەرۆشی و کزی دایگرتبووم کە سەرگوزشتەی خۆیان دەگێڕایەوە. وەک خۆمان بەدەستی ئیسپان و فرەنسی و ئەمریکییە داگیرکارەکان شتێکی لەشێوەی ئەنفال کراون. ژیانیان کوشتن، هەڵاتن.. کوشتن، هەڵاتن بووە، تەنانەت ئەسپ و ئەو باڵندە و تەیر و تەواڵانەی بەسەر سروشتیانەوە بوون وەک هاوڕێ و بەشێک لە ژیانیان، ژیار و ژینگەیان تەفروتونا کراوە و لەسەر نەخشەی ئەمریکا سڕاونەتەوە. لە کاتێکدا هەموو کیشوەری ئەمریکا خاکی هیندیە سوورەکان بووە، وەکو ئێستاش رادەمێنی لەو هەرێمە بەهۆی شاخەکانەوە ماون و تۆوییان نەبڕاوەتەوە، ئەوانیش وەک خۆمان شاخ فریایان کەوتووە.


خانووەکانیان لە نەخشەسازی و کەرەستەکانیان، زۆر لە خانووەکانی گوندەکانی کوردستان دەچن. پێکهاتەی ژوورەکانیان لەناو یەکدا و داڵانێک بەسەریەوە و قادرمەی قوڕ لە ناو ژوور بۆ هەورەبان یان قادرمەی قوڕ و دار لە حەوشەکەوە بۆ سەربان، رەنگی پەنجەرەکانیان وەک رەنگە پیرۆزەییەکەی کوردەواری رەنگکراون و تەندووری نانکردنیشیان وەک تەندووری ناوچەی گەرمەسێر لە حەوشەکانیان هەیە. لە ناوەڕاستی گوندەکە دەستاوێکی ئاوی روون گوندەکە شەق دەکات بۆ دوو بەش.

لە دەروازەی گوندەکە بازگەیەک هەیە، هەر گەشتیارێک بە دەروازەکەدا تێپەڕێت، چەند دۆلارێکی لێ وەردەگیرێت، نەمزانی بە تەواوی چەند وەردەگرن، چونکە رێنیشاندەرمان ئەو خەرجیانەی دەکرد. ئەوان بەهیچ شێوەیەک رازی نین وێنەیان بگیرێت، چونکە حەز لەوە ناکەن گەشتیاران چرک .. چرک وێنەیان بگرن، من هەوڵمدا، بەڵام رازی نەبوون.


مێوانخانەیەکی شاری سانتا فێ

زۆربەی دانیشتووانی گوندەکە ئامێر و پەیکەر و کاری دەستی دەفرۆشن کە سەرجەمیان دروستکراوی خۆیانن. هەرچەندە کەمیان دەستدەکەوێت، بەڵام ئاسوودەن بەو شێوە ژیانە.

بەڕاستی بۆ من جێی سەرسوڕمان بوو کە بە هەزاران کیلۆمەتر دوور لە نیشتیمانەکەم گوندێک هەبێت زۆر لە گوندەکانی من بچێت. ژیان و مێژوو و سروشتیان و کەلتووریان لە کورد و کوردستان بچێت و کەسمان بەو هاوتا توخمییە نەزانین، هیچ پەیوەندییەکی ئاینی و زمانی و هاریکاری و خۆناساندنیش نەبێت. بۆیە زۆر پێویستە کارێک بکرێ شاندێکیان میوانداریی بکرێن بۆ کوردستان تا ئەو راستییە بزانین.



# سارتەر و بۆرخیس لەبارەی ئۆرسن وێلزەوە

**دان پیپنبرینگ**

لەسەر پۆستەری فیلمی "هاووڵاتی کەین" نووسراوە "هەمووان باسی ئەمە دەکەن". لە ڕوویەکەوە ئەم پۆستەرە هەڵە ناکات، لە ڕوویەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین ئەم پۆستەرە تەواو هەڵەیە، بەوپێیەی کەسانێکیش هەن کە ناچنە پاڵ ئەو سیفاتەی بەم فیلمەیان بەخشیوە "فیلمێکی گەورەیە".

من پێشتر نەمزانیبوو تا لەم ڕۆژانەدا پێیانگوتم کە سارتەر و بۆرخیس یەکێکن لەو ڕەخنەگرانەی لەبارەی هاووڵاتی کەینەوە شتیان نووسیوە و لە هەموو ڕەخنەگرەکان زیاتر ناویان بڵاوبووەتەوە سەبارەت بە ڕەخنەگرتن لەم فیلمە. سارتەر لە 1945 لەبارەی ئەم فیلمەوە نووسیویەتی، مانای وایە چوار ساڵی پێچووە تا کەشێک بۆخۆی دروست بکات فیلمەکە ببینێ. بێگومان ئەوەی سارتەر لەبارەی ئەم فیلمەوە دەیڵێت سووکایەتییە نەک تەنیا بە "هاووڵاتی کەین" بەڵکو بە گشت سینەمای ئەمریکا.

"هاووڵاتی کەین ڕەنگە سەنجڕاکێش بێت بۆ ئەمریکییەکان، بەڵام بێگومان بێزارکەرە بۆ ئێمە، لەبەرئەوەی تەواوی فیلمەکە لە دژی ئەو کۆنسێپتانەیە کە سینەمای لەسەر بنیاتنراوە. فیلمەکە زەمەنی ڕابردوو دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین سینەما دەبێت لە زەمەنی ڕانەبردوودا بێت (من ئەو پیاوەم کە یەکێک ماچ دەکەم... من ئەو کچەم کە ماچ دەکرێ... من ئەو هیندییەم کە شوێنی کەوتوون... من ئەو پیاوەم کە شوێن هیندییەکە کەوتووم..) فیلم لە زەمەنی ڕابردوودا تەواو دژە سینەمایە. لەبەرئەوە هاووڵاتی کەین بەشێک نییە لە سینەما".

ئەمە قسەیەک نییە کە ئیتر بە تەواوی لەسەر ئەم فیلمەی فەرز بکەین، بەڵام پێموایە ئەم بابەتە تەواو پەیوەندی بەو جیاوازی کەلتوورییەی نێوان کیشوەرەکانەوە هەیە.

بۆرخیس لە ساڵی 1941 لەبارەی (هاووڵاتی کەین)ی نووسیوە، لەڕاستیدا لەبارەی زۆر فیلمەوە نووسیویەتی لە کاتی خۆیدا، لە نێویاندا (کینگ کۆنگ، دارستانی تۆقێنەر، وێرانکردن). زۆرینەیان لە کتێبێکدا کۆکراونەتەوە. ئەم وەرگێڕانەی خوارەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بابەتە ڕەخنەییەکەی لەبارەی فیلمی هاووڵاتی کەینەوە باش پێوەی دیارە کە لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەسەر کردووە. دەربارەی ڕۆزبەد قورس قسە دەکات، ئێستا ئێمە دەتوانین بڵێین کە لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەی دواییدا ئەو بە هەڵە مردووە لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو ئارامگرتنەی هەبووە:

## فیلمێکی پەرێشانکەر

هاووڵاتی کەین (لە ئەرجەنتین بە هاووڵاتی ناوی دەبرێت) بەلایەنی کەمەوە دوو پلۆتی هەیە. یەکەمیان، تەواو بێ بایەخە، هەوڵی ئەوە دەدات چەپڵەڕێزان بکرێت لەلایەن گەمژەکانەوە: ملیۆنێرێکی لەخۆبایی پەیکەر، باخچە، بینا، مەلەوانگە، ئەڵماس، سەیارە، کتێبخانە، پیاو و ژن کۆدەکاتەوە. وەک کۆکەرەوەکانی پێشوو (کە سەرنجەکانی زیاتر دەدرێتە پاڵ ئاینی جوو) بۆی دەردەکەوێت کە ئەم برە زۆرە لەم هەڵبژاردانە پێویستی بە لەخۆباییبوونە. لە کاتی مردنیدا، پەرۆشی تاکە یەک شتە لەسەر ئەم زەمینە، ئەو شتە سادەیەی کە لە منداڵیدا یاریی پێ دەکرد!

پلۆتی دووەم بەبایەخترە. کۆهێلێز گرێدەداتەوە بە یادەوەرییەکانی نیهیلیستێکی تر ئەویش فرانس کافکایە. جۆرێک لە چیرۆکی نهێنی میتافیزیکییە، بابەتەکەی (هەم لەڕووی سایکۆلۆجی و هەم مەجازییەوە) پشکنینی کەسایەتی ناوەوەی پیاوێکە، لەو کارانەی پێشتر کردوونی، ئەو ڕستانەی گوتوونی، هەموو ژیانی ئەوانی تر کە وێرانی کردوون. هەمان تەکنیک لەلایەن جۆزێف کۆنرادەوە لە ڕۆمانی هەل (Chance) بەکارهاتووە و هەروەها لەو فیلمە جوانەدا (هێز و شکۆ) شادی دەربڕین لە کۆمەڵێ دیمەنی هەمەڕەنگدا بەبێ بوونی ڕیزبەندیی دیاریکراو. ئێجگار زۆر، بێ کۆتایی، ئۆرسن وێڵز دیمەنی بچووکی ژیانی ئەو پیاوەمان پێشان دەدات، چارڵس فۆستەر کەین، پێماندەڵێ ئەو دیمەنانە کۆبکەینەوەو خۆمان دروستیان بکەینەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییەدا کە لە فیلمەکەدا دەیبینین: دیمەنەکانی سەرەتا ئەو شتە بەنرخانەمان پێشان دەدەن کە لەلایەن کەینەوە کۆکراونەتەوە. لە یەکێکیاندا ژنێکی فەقیر لەسەر زەویی بیناکە کە هەم مۆزەخانەشە، دانیشتووە و یاری دەکات. لە کۆتاییدا دەزانین کە ئەم بەشە بچووکانە لە پێناوی دیمەنێکی گشتیدا دروست نەبوون. لە چیرۆکی "سەری قەیسەر"ی چێستەر تۆندایە پێموایە، پاڵەوانەکە بۆی دەردەکەوێت کە هیچ شتێک لەوە ترسناکتر نییە ڕێگایەکی پێچاوپێچ هەبێ بەبێ سەنتەر. ئەم فیلمە تەواو ئەو ڕێگا پێچاوپێچە بێ سەنتەرەیە.

هەموومان دەزانین کە ئاهەنگێک، بینایەک، نانێکی نیوەڕۆ بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان، ئەتمۆسفێری خۆشڕوویەک یان لە خۆوە هەبوونی پەیوەندییەکی برادەرایەتی کە ئەمانە بەتەواوەتی ترسناکن. هاووڵاتی کەین یەکەمین فیلم بوو کە ئەم شتانە پێشان بدات لەگەڵ ئاگادارکردنەوە لەم ڕاستییە.

بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی ئەم فیلمە بریتییە لە لێهاتوویی لەو بابەتە بەرفراوانەدا کە بەکارهاتووە. سینەماتۆگرافی بەشێوەیەکی قووڵ کاری لەسەر کراوە، هەندێ دیمەنی دوور هەیە کە هێندە ورد کاری لەسەر کراوە، دەڵێی دیمەنی کلۆز ئەپ دەبینین بە تەواوی وردەکارییەکانەوە. پڕکێشیی ئەوە دەکەم بڵێم هاووڵاتی کەین هەمان ئەو چێژە دەبەخشێ کە فیلمەکانی گریفس و پودۆڤکین دەیبەخشن، فیلمێکە کە نرخە مێژووییەکەی نکوڵی لێناکرێ، بەڵام کەس نایەوێت جارێکی تر بیبینێتەوە. فیلمێکی زۆر گەورەیە، زۆر فێرکارە، بێزارکەریشە. هیچ زیرەکییەکی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەی کاری بلیمەتێکە.

"ئەمە ژووری فیلمێکە کە هیچ دەرگایەکی نییە بۆ چوونە دەر". وێڵز پاشتر لە وەڵامدا وای گوت "بۆرخیس نیوە کوێرە. هەرگیز ئەمەت بیر نەچێت. بەڵام دەزانیت، دەتوانم ئەوە وەربگرم کە هەم ئەو و هەم سارتەر بە سادەیی ڕقیان لە کەینە. لە مێشکیاندا شتێکی تر دەبینن، هێرش دەکەنە سەر کارێکی تر. ئەوە هەڵەی خۆیانە، نەک کارەکەی من".

**وەرگێڕانی: پشتیوان کەمال**
**سەرچاوە: زە پاریس ریڤیوو**




# ڕووناکبیرێکی یاخی

**ناسر باباخانی**

تاریق ئاکان دەورگێڕێ بەناوبانگی سینەمای تورکیا لە وتووێژێکی تەلەڤیزیۆنیدا سەبارەت بە فیلمی یۆڵ (ڕێگا) دەڵێ: "کاتێ بۆ دەورگێڕان لەم فیلمەدا هەڵبژێردرام، بەندیخانە بە بەندیخانە لەگەڵ دەرهێنەری فیلمەکە شەریف گۆرەن بەدووی یلما ز گۆنایەوە بووین تا سەبارەت بە سیناریۆی ئەم فیلمە قسەمان بۆ بکا و ڕێنوێنی لێوەرگرین... سەرەتا چووینە زیندانی ئیمراڵی، پێیانگوتین لێرە نەماوە و هەڵیانداشتین بۆ زیندانی بورسا، لەوێش نەمابوو تا دواجار لە بەندیخانەی ئێسپارتا بینیمان". ئاکان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "یەک دوو ڕۆژ ئیزنیان دابوو بە گۆنای بچێتەوە مووش بۆ سەردانی دایکی. شەریف گۆرەن پێیگوت ئەم فیلمە سازناکرێ، ئیمکاناتمان نییە. لە سەرەتادا بڕیار بوو بەپێی سیناریۆکەی گۆنای بەسەرهاتی هاتنەدەری یازدە زیندانی بکرێتە فیلم، بەڵام لەبەرئەوەی یلماز بۆخۆی لە زیندان بوو، ئیمکاناتیش کەم بوو، هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە فیلمەکە لەسەر هاتنەدەری پێنج زیندانی چێ بکرێ".

بەهەرحاڵ لەسەر پێداگریی گۆنای و سیناریۆکەی و ڕێنوێنییەکانی، فیلمی یۆڵ ساز دەکرێ و دەبێتە شاکاری سینەمای تورکیا، هەرچەندە تێم، فەزا، لۆکەیشنەکان و... هەر هەمووی کوردی بوو. یۆڵ و یلماز خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی سینەمایی کانی فەڕەنسا وەردەگرن. ئاکان لە کۆتایی قسەکانیدا باسی دوایین سێکانسی فیلمەکە دەکات: "کە فیلمەکە تەواو بوو، چوومە زیندان بۆ لای یلماز گۆنای، لەنووکەوە سەرجەم سێکانسەکانم بۆ گێڕاوە و باسی سێکانسی کۆتاییم بۆ کرد کە بەپێچەوانەی سیناریۆکەی خۆی لە قەتارەکەدا، من گریاوم. یلماز زۆر قەڵس بوو، بە سەرمدا قیژاندی و گوتی نابێ سەید عەلی (کارەکتەری سەرەکیی فیلمی یۆڵ بە دەورگێڕانی تاریق ئاکان) بگری، ئەم ئینسانە ناتوانێ بگری..."

باشە بۆ دەبێ ئەم کارەکتەرە کە بە شێوەیەکی تراژیدی لە پێش چاوی تاقە کوڕەکەی لە ناو شاخ و داخی پڕ لە بەفر و سەرماوسۆڵەدا ژنەکەی ڕەق هەڵدێ، نەگری؟! لە زۆربەی فیلمەکانی گۆنایدا کە خۆی دەورگێڕی سەرەکیشە، کارەکتەری سەرەکی سەرەڕای دەرد و ئازار و ژانێکی یەکجار زۆر، ناگری، بۆ وێنە لە هەردوو فیلمی Ait (زاری) و Umut (هیوا)شدا ئەمە بەڕاشکاوی دەبینرێ. من وەڵامی ئەم پرسیارە گرێ دەدەمەوە بە کەسایەتی یلماز گۆنایەوە. گۆنای ڕووناکبیرێکی پڕاگماتیست بووە، لە قوللەی گۆشەگیری دانەنیشتووە لەوێڕا نوسخە بۆ نەتەوەکەی بپێچێتەوە، حزووری بەردەوامی هەبووە لە بوارە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتی، هونەری، فەرهەنگی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای خۆیدا. سەرەڕای تیغی بەزەبری سانسۆری حکومەتی تورکیا و ساڵانی 80ی زاینی و دیکتاتۆریی ژەنراڵەکانی ئەم وڵاتە، ساتێ هەدادانی نییە. لەم پێوەندیەدا تاریق ئاکان دەڵێ: "کاتێ سیناریۆی فیلمی یۆڵمان برد بۆ ئیدارەی سانسۆر، بوونی واژۆی گۆنای لەسەر سیناریۆکە ریسکێکی گەورە بوو".

ئەمە بەو واتایە دێ کە سیستم وەک دەسەڵات لە تاکێکی وەک گۆنای دەترسێ، دیارە نەک هەموو تاکێک، تاکێک وەک یلماز. کەسایەتییەک کە لە ناوخۆی وڵات، لە بەندیخانە و لە تاراوگە وەک زێی خوڕ وابوو. یلماز گۆنای بە تەعبیری بۆردیۆ "ڕووناکبیرێکی فەوری" نەبوو. بۆردیۆ ئەم دەستەواژەیەی بۆ پێناسەی هەندێ ڕووناکبیری هاوچەرخ بەکار دەبرد کە کاریان تەنیا و تەنیا بەشداری بوو لە پرۆگرامێکی تەلەڤیزیۆنی یان ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەگەری و ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ... بەڵام بێگومان گۆنای ڕووناکبیرێکی فەوری نەبوو... ڕووناکبیرێکی یاخی کە لە هەمان کاتدا بەشەمەینەتیی نەتەوەی کوردی لە باکوور پێشانی جیهان دەدا و دژی سوننەتە خورافی و پاشکەوتووەکانی کۆمەڵگای خۆیشی شۆڕشی بەرپا کرد.

لە فیلمی یۆڵدا کاتێ زیندانییەکان لە چواچێوەی حەساری بەندیخانە دێنەدەر، هەر هەموویان بە جۆرێ دەکەونە ژێر چاودێرییەکی بێڕەحمانەتر کە بۆ ئەوان زیندانێکی گەورەترە لەسایەی حکومەتێکی تۆتالیتار و ژاندارمی تورک و هەروەها کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان دواکەوتوو و سوننەتی. سەیری ڕەوتی زەینی و چالاکییەکانی یلماز گۆنای لەسەر ئەرزی واقیع نیشان دەدەن کە بۆ ساتێ لە کۆمەڵگەی خۆی دانەبڕاوە و لەگەڵ ئێش و ئازارەکانیان ژیاوە. بێگومان کاریگەریی یلماز لەسەر خەباتی گەلی کورد لە باکوور دیار و بەرچاوە.



رووداو
ژمارە (358) دووشەممە 2015/5/11




گۆران محەممەد

# فەزاحەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە، بیست و سێ ساڵ ئاوی بفرۆشتایە، ئێستا لەوانەبوو لەم قەیرانە ئابوورییەدا کونێکی پێ قەپات بکرایە، بەڵام ئەو وەزارەتە عەیب نەبێ نەک هیچ کونێک قەپات ناکا، شینە دەڵاقەش بەرهەم دەهێنێ.

کەبابچییەک، لە ماڵەوە نان بخوا، چێشتخانەکەی جێی گومانە. وەزارەتی پەروەردە یازدە وەزیری بەڕێکردووە، توخوا پێمان بڵێن منداڵی کام لەو یازدە وەزیرە لە قوتابخانەکانی حکومەت خوێندوویانە؟ یان بە گەندەڵی بە نمرەی شەست و حەفتاوە دەیانخەنە قوتابخانەیەک کە لە نۆهەت کەمتری تێدا نییە. واز لە وەزیر بێنە، وەرە دەیان سەرپەرشتیاری پەروەردەییت نیشان بدەم منداڵەکانیان لە قوتابخانەی تایبەتن، جا قوربان کە خۆتان باوەڕتان پێی نییە، ئەم شرەکاڵایە بۆ بە ئێمە دەفرۆشنەوە؟


وەزارەتێ ئاڵای کوردستان بە لینگەوقووچی چاپ بکات، سەتان هەزار کتێبی بەهەڵە چاپکراو بخاتە گۆڕی بەکۆمەڵەوە و لەسەر بەفیڕۆدانی سەتان هەزار دۆلار نقەە نەکات، وەزارەتێ هەر سەرقاڵی نازناوی سوێدی و سۆماڵی بێت و ناوەڕۆکی فشۆڵ بێت، ئاخۆ ئەم وەزارەتە چۆن دەتوانێ منداڵ پەروەردە بکات؟

وەزارەتی پەروەردە، ڕێک و ڕاست بە وەزارەتی بازرگانییەوە بلکێنرێت خاسە، ئاخر ئەم وەزارەتە تژییە لە بازرگانی باش، ئەی خێرە مامۆستایەک لە قوتابخانە ئیعراب نازانێ، بەڵام لە ماڵەوە بە دوو ملیۆن و نیو دەبێتە عەمر کوڕی عوسمان کوڕی قەنبەری حارسیی ناسراو بە سیبەوەی، ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار زانستی نەحوی ئاسان کرد؟ خۆ ئەوە ڕێکەوت نییە کابرا لە پۆلدا لە ماتماتیکدا کوڵە، کەچی لە ماڵەوە دەبێتە ئەبوو عەبدوڵڵا موحەممەد کوڕی مووسای خەوارزمی.

جەنابی وەزیر ئاگادارە لە تیڤییە ناوخۆییەکان، ڕێک لە نێوان ڕێکلامی چای مەحموود و برنجی بەسمەتیدا، ڕێکلام بۆ مامۆستای عارەبی و ماتماتیک دەکرێ؟ کاکە قەپاتی بکەن ئەم وەزارەتە و بیکەنە نووسینگەی ناردنی مامۆستا بە دیلەڤەری بۆ ماڵان، ئەوکات، نەک هەر بارگرانیی نابن بەسەر بودجەی حکومەتەوە، بەڵکو دوو پوولیش بە حەڵاڵی پەیدا دەکەن.

وەزارەتی پەروەردەی کوردستان، کتێبەکانی خۆی، لە تاو هەڵە و بێکەڵکی دەسووتێنێ، کەچی مەلزەمەی مامۆستاکانی، وەک نامیلکەکانی سەردەمی شۆڕش، دەستاودەست دەکات، مەلزەمە هەیە هەموو کەس و لایەنێ مافی تەنانەت فۆتۆکۆپیکردنیشی نییە، توخوا ئەمە وەزارەتی پەروەردەیە یان فەزاحەتی پەروەردە؟

لە سایتی وەزارەتدا لینکێ هەیە ناوی (ڕوانگە و پەیام)ە، قوربان لەم شینە لینکەدا ڕستەیەکی پازدە شازدە وشەیی هەیە لێرەدا وەک خۆی کۆپی دەکەم (کار دەکەین بۆ ئەوەی هەموو قوتابخانەیەک خاوەن بینای تایبەت بە خۆی بێت و یەک دەوام بێت تاکو کۆتایی ساڵی 2020) تۆ لە بەکارهێنانی دوو وشەی عەرەبی لەو ڕستەیەدا گەڕێ، ئاخر تەنیا لەو شازدە وشەیەدا، پتری پێنج هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان هەیە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دەخۆی ناخۆی، ئەردۆغان!

ئەگەرچی لە ئابی 2014دا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، دوای نزیکەی دوازدە ساڵ لە سەرۆکایەتیی حکومەتی تورکیا بە دەنگی 52%ی خەڵکی تورکیا بووە دوازدەهەمین سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە، بەڵام پێناچێ ئەم ڕۆژانە خەڵکی تورکیا هەمان خۆشەویستی و ڕێزی جارانیان بۆی مابێ. هەڵوێستەکانی لە دوو ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە بووە سەرۆک کۆمار، ڕاددەی جەماوەرێتیی ئەو سەرکردەیەی کەم کردەوە.

دابەزینی ئاستی خۆشەویستیی خەڵکی تورکیا بۆ ئەردۆغان و حیزبەکەی لەو ڕۆژەوە دەستیپێکرد کە لە سەرەتای حوزەیرانی 2013دا، ڕووداوەکانی پارکی "گێزی" و جۆری مامەڵەی حیزبی حاکم لەبەرامبەر خۆپێشاندەراندا، تابلۆیەکی جیاوازی لە حوکمی ئەو حیزبە نیشانی خەڵک دا کە پتر لەوەی ڕووە و دیموکراسیی زیاتر بێت، هۆشداریی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی لێ دەخوێندرایەوە و ئەوەش ڕووی دا.

هەنگاوەکانی دوای ئەوە و سکاندالی تێوەگلانی وەزیرانی کابینەکەی ئەردۆغان (تەنانەت خۆیشی) لە گەندەڵی و بەرتیل و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن، نەک بزووتنەوەی موحافەزەکاری تورکیای پارچە کرد، بگرە کەوتنە دژایەتی و دوژمنایەتیی یەکتریش. ئەو دژایەتی و دوژمنایەتییە گەیشتە ڕاددەیەک کە ئەردۆغان بە ئاشکرا لە مەیدانەکاندا هاواری دەکرد بزووتنەوەی گولەن ڕیشەکێش دەکات و بەهەزاران پۆلیس، دادوەر و بیرۆکرات یان لەسەر کار لادران، یانیش گواسترانەوە.

لە کەشوهەوایەکی وەهادا هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا ئەنجام دراو دوا بەدواشی هەڵبژاردنەی سەرۆکایەتی، لەو دوو هەڵبژاردنەدا کە یەکەمیان لە مانگی مارت و ئەوەی دیکەیان لە ئاب کران، ئەگەرچی ڕێژەی دەنگەکانی حیزبەکەی ئەردۆغان دابەزینێکی دراماتیکی بەسەردا نەهات و تەنانەت بەرزبوونەوەشی بەخۆیەوە بینی و نەیارەکانی نەیانتوانی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەباشی لە دژی بەکاربێنن. دوای ئەو شکستەی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر ئەردۆغان، ئومێدیان بەوە بوو کە ئەگەر نەشتوانن لە هەڵبژاردنی مانگی ئابدا لە ئەردۆغان ببەنەوە، بەڵام کە ئەردۆغان بچێتە کۆشکی کۆمارییەوە، ئەوا لە حیزبەکەی دووردەکەوێتەوە و ناتوانێ لە پۆستی سەرۆک کۆمارییەوە پڕوپاگەندە بۆ ئاکپارتی بکات. بەڵام نە ئەردۆغان شکستی خوارد و نە مەیدانیشی چۆڵ کرد.

ئەردۆغان دەمێکە بیر لەوە دەکاتەوە کە ببێتە ئەتاتورکی دووەم و بۆ ئەوەش پێویستی بەوە هەیە بڕیارەکان لای ئەو بن و کەس توانای لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەبێ. بۆیە بەرگرییەکی سەرسەخت لە سیستەمی سەرۆکایەتی دەکات و هاوکاتیش وەکو سەرۆک مامەڵە دەکات. سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات و بە کردەوە سەرۆک وەزیران وەکو جێگری ئەوی لێهاتووە لەناو حکومەتدا. لەوەتەی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیش دەستیپێکردووە، ئەگەرچی ناتوانێ بەناوی ئاکپارتییەوە میتینگ بکات، بەڵام هەموو ڕۆژێ کە خەڵکی تورکیا تەلەڤیزیۆنەکانیان دەکەنەوە، ئەردۆغان دەبینن کە بە بیانووی کردنەوەی هەندێک پرۆژەوە لە شارێک لە شارەکانی تورکیایە و بە ئاشکرا بانگەشە بۆ حیزبەکەی خۆی دەکات. تەنانەت بەپێی ستراتیژی هەڵبژاردن وەک چۆن دەمیرتاش لە ڕۆژئاوای تورکیاوە دەستی بە هەڵمەتی پڕۆپاگەندە کرد، ئەویش لە باتمان و دیاربەکرەوە دەستیپێکرد. لەو کۆبوونەوە جەماوەرییانەدا، ئەردۆغان هەر بە تۆنی سەرۆکی حیزب، بە ڕاست و چەپ پەلاماری حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەدا، بە دژە ئاین و دژە سەقامگیری تۆمەتباریان دەکات و لە میتینگەکانی خۆیاندا چییان گوتبێ، وەڵامیان دەداتەوە.

ناڕەزایەتی حیزبەکان لەو کردەوانەی ئەردۆغان و شکایەتەکانیشیان لە دامەزراوەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانیش هیچ حیسابی بۆ ناکرێت و ئەردۆغان بە ئاشکرا هاوار دەکات کە پارە و تواناکانی دەوڵەت بۆ کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی بەکاردێنێ و بەردەوام دەبێ لە پڕوپاگەندە بۆ حکومەتەکەی.

ئەردۆغان ئێتر مەترسیی ئەوەی نییە کە سوپا کودەتا بکات، بەڵام دەزانێ ئەگەر حیزبەکەی لەو هەڵبژاردنەدا بکەوێ و نەتوانێ بە تەنیا حکومەتی زۆرینە پێکبێنێ، ئەوا کۆتایی ئەو و خەونەکانیەتی بۆ داهاتووی تورکیا، بۆیە ناتوانێ حیساب لەسەر سەرۆک وەزیران داودئۆغلو بکات و مەیدانەکان چۆڵ ناکات. حیساب بۆ دەستوور و یاساکانیش ناکات و کەسیش توانای لێپێچینەوە لە ئەردۆغانی نەماوە، چونکە تیکڕای سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتی کۆنترۆڵ کردووە و دەیەوێ تورکیایەک دیزاین بکات کە ئەو دروستی دەکات، نەک یاسا و سیستەمی ڕابردوو.



هیوا حاجی

# قەوانە کۆنەکەی واشنتن

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەرەسەندنانەی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هاتنە پێش و ئەو زەمینەسازییە جەماوەری و سیاسییەی بەڕێز بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا پێیەوە سەرقاڵ بوو، مرۆڤ دەتوانێ پێشبینی بکات کە باسکردنی پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە لوتکەی ئەجێندای سەفەری هەفتەی ڕابردووی بەڕێزیاندا بووە بۆ واشنتن. بابەتەکانی دیکەی وەک شەڕی گرتنەوەی مووسڵ و پشتیوانیی سەربازی بۆ هەرێم ڕەنگە بابەتی دووەمی بووبن.

تا ئێستا ڕوون نییە شاندەکەی کوردستان چۆن باسی پرسی سەربەخۆییان کردووە. ئایا ئەو مەسەلەیە وەک داواکاریی میللەتێکی مەزڵوم نیشاندراوە یان وەک پرۆژەیەکی مۆدێرنی عەقڵانی بۆ ئایندەی ناوچەکە. ئەگەر کورد ئیش لەسەر لای یەکەم بکات، واتە مەزڵومیەت و قوربانیدان، ئەوا ئەستەمە ئەو جۆرە قسانە لە دونیای ڕۆژئاوادا کڕیاری زۆریان هەبێت. بەدڵنیاییەوە مەسەلەی مەزڵومیەت بۆ کۆمەڵگای مەدەنیی نێودەوڵەتی گرنگە، بەڵام پێناچێ بە هەمان ئەندازە کاریگەری هەبێت لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەبەرئەوە کورد ئەگەر بیەوێ ڕۆژئاوا ڕازی بکات بە پشتگیریکردن لە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێک، ئەوا پێویستە ئەمە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ڕووندا بەڕێوە ببات. مەبەست لەو پرۆژەیەش قەرەدانە لە چەند مەسەلەیەکی بنەڕەتی، لەوانە: دەوڵەتی کوردی لە چ جوگرافیایەکدا دادەمەزرێ؟ ڕێگەی جیابوونەوە لە عێراق چۆن دەبێ؟ دراوسێکان هەڵوێستیان چۆن دەبێ و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ؟ مەسەلەی سنووورە ناوخۆییە کێشە لەسەرەکان چۆن چارە دەبێت؟ کێ ڕیفراندۆمیان لێ ئەنجام دەدات؟ لە هەمووشی گرنگتر، دەوڵەتێکی لەو چەشنە تا چ ڕادەیەک نابێتە هۆی زیاتر ناسەقامگیربوونی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیحراجییەکی گەورە بۆ ئەمریکا دروست ناکات؟ دەوڵەتی کوردستان ئەگەر دامەزرا چۆن دەتوانێ لەڕووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ و بەردەوام بێ؟ کەواتە پرۆژەی بەدەوڵەتبوون چەندە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە مەزڵومیەت و غەدری مێژوویییەوە هەیە، زۆر لەوە زیاتر پەیوەندی بە حیساباتی عەقڵانیی خۆمان و دەوروبەرمانەوە هەیە.

بێگومان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسی لە عێراق و جاروباریش بۆ فشار دروستکردن بۆ سەر دراوسێکان، هەرێمی کوردستان، بەپێی قەبارەی خۆی، بۆ ئەمریکا گرنگیی خۆی هەیە. بەڵام ئەوە مانای ئەوەش ناگەیەنێ ئەمریکا تا دوایین سنوور پشتگیریی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەمریکا تا ئەو سنوورە پشتگیریی کورد دەکات کە ئەم پشتگیرییە سەرئێشەیەکی زۆر گەورەی بۆ دروست نەکات لە ناوچەکەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1991ەوە تا 2003 هەرێمی کوردستانی لە دەستدرێژیی حکومەتی عێراق پاراست. لە جەنگی 2003ش دیسان دڵی تورکیای هەندێ لەبەرخاتری هەرێمی کوردستان ئێشاند و لە ساڵی 2014شدا جارێکی دیکە لەکاتی تەنگانەو و نزیکبوونەوەی جەنگ لە هەولێر دیسان فریای هەرێم کەوتەوە. هەموو ئەمانە گرنگن، بەڵام دیسان هەر بە مانای پشتگیریی ئەمریکا نایەن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە کاتی ئێستادا.

دوای دیدارەکەی بەڕێز بارزانی و ئۆباما، قسەکەری کۆشکی سپی گوتی کە لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆک ئۆباما و جێگری سەرۆک، جۆ بایدن، پشتیوانیی تەواویان بۆ هەرێمی کوردستان نیشانداوە و لە هەمان کاتیشدا پابەندیی تەواوی خۆیان بۆ "یەکپارچەیی خاک و سەروەریی عێراق" دەربڕیوە. لە لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەدا تەنانەت ئەوە نەهاتووە کە پرسی ڕیفراندۆم لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان یان ناوچە کێشە لەسەرەکان باسی لێوەکرابێت. دیارە ئەمە ڕاست نییە، چونکە دواتر لە دیداری ئەتڵەنتیدا لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێکدا بۆ بارزانی سەبارەت بەوەی ئاخۆ باسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ ئۆباما کردووە، ئەو گوتی "هەموو شتێکمان باس کردووە" بەبێ ئەوەی ڕوون بێت کە وەڵامی ڕەسمیی ئەمریکا چی بووە تەنها ئەوەندە نەبێ کە گوتی "ئەمریکا تێگەیشتنێکی باشی بۆ هەموو دۆزی کورد هەیە".

دیسان بە ئاراستەی "پاراستنی یەکێتی خاک و سەروەریی عێراق"، ئاشتون کارتەر وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەرهەڵستی خۆی بۆ پڕچەککردنی ڕاستەوخۆی پێشمەرگە نیشاندا. ئیدارەی ئۆباما تا ئێستا ئامادەنییە یاساکەی کۆنگرێس بۆ پاڵپشتی ڕاستەوخۆی سەربازیی کورد و هێزە سوننییەکان تەبەنی بکات. کەواتە، لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەربەخۆبوونی کورد، لە دوای سەردانەکەی بەڕێز بارزانی، بەلایەنی کەم لە ڕووی ڕەسمی و ڕاگەیاندنەوە، شتێکی نوێمان لە ئەمریکا نەبیست جگە لە لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە کە ئەویش خۆی لە پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراقدا دەبینێتەوە.

ئەو ڕاستیەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێ، ئەوەیە کە زۆر ئەستەمە ئەمریکا ببێتە ئاڵاهەڵگری سەربەخۆیی کورد لە عێراقدا. ئەمەش مەسەلەیەکە قابیلی تێگەیشتنە بۆ بەرژەوەندیی ئێستای ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەمریکا پشتگیری لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نەکات، مانای ئەوە نییە کە ئێمە شکستمان خواردووە و ناتوانین سوود لە ئەمریکا وەربگرین بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی زیاتر لە عێراق و ناوچەکەدا. نەک هەر لەنێوان هیچ و سەربەخۆییدا، بەڵکو لە نێوان فیدراڵی و سەربەخۆییشدا زۆر شتی دیکە هەن کە دەکرێ ئیشیان بۆ بکرێت.

دەڵێن کاتی خۆی شاعیرێکی عەرەب گرفتی زمان گرتن (جۆرێک لاڵبوونی هەبووە) و بۆ چارەسەر دەچێتە هیند. دکتۆرەکەی پێی دەڵێ دەتوانم نەشتەرگەریت بۆ بکەم، بەڵام ئەگەر نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو نەبوو ڕەنگە بەهۆیەوە گیان لەدەستبدەی. شاعیرەکەش لە وەڵامدا دەڵێ "هەموو جەستەم بە بەشێکم نافرۆشم". واتە بۆ چارەسەرکردنی لاڵیەکەم ئامادە نیم گیانم بدەم. بۆ ئێمەش وەک میللەت هەروایە، ئەوەی بەدەست هاتووە نابێ بکرێتە قوربانیی سەربەخۆبوون. سەربەخۆبوونی کورد پێویستیەکی ئەم سەردەمەیە کە دەبێ دیسان بە هەستیاری و عەقڵانیبوونێکی زۆرەوە هەوڵی بۆ بدرێت بەبێ ئەوەی مەترسییەکی زۆر گەورە بۆ بوون و دەستکەوتەکانی کورد دروست بکات.



محەممەد حاجی کەریم

# کێ دەوڵەتی کوردستان دروست دەکات؟

لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا تا ئێستا جەخت لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکاتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە دەستی ئێمەی بەستبێ و مافی هەڵبژاردنی ژیانی داهاتووی لێ وەرگرتبینەوە.

ئەمریکا دەوڵەتی بۆ هیچ میللەتێک دروست نەکردووە تا بۆ کوردی دروست بکات. دەوڵەت دروستکردن پرۆسەیەکە گرێدراوە بە هەلومەرجی نێوخۆیی و پشتیوانیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. لەگەڵ ئەمەش ئێمەین بڕیار لە دروستکردنی دەوڵەت دەدەین و دەیکەین بە واقیع، نەک ئەمریکا.

سیاسەتی ئەمریکا ڕوونە، هەمیشە ویستوویەتی سنوورە سیاسییەکەی عێراق پارێزراو بێ، بەڵام بەو مەرجەی بۆ هەمووان وەک یەک و دوور لە جیاکاری بێ و مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا پارێزراو بێ و لە خێروبێرەکەی سوودمەند بن.

پرسیار ئەوەیە، ئایا عێراقی ئێستا ئەو عێراقەیە کە ئەمریکا وێنای کردووە؟ مادام وەڵامەکەی نەخێرە، کەواتە مافی خۆمانە کار بۆ دروستکردنی واقیعێک بکەین لە سایەیدا سەقامگیریی سیاسی، ئابووری، دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵی کوردستان مسۆگەر بکات.

ئەمریکا لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئارەزوو ناکا ڕووبەڕووی ڕەخنەی لەتلەتکردنی عێراق ببێتەوە، هەروەک چۆن پێشتر ڕەخنەی ئەوەشی لێگیراوە کە بووەتە هۆی دروستکردنی پشێویی سیاسی لە عێراقدا. بۆیە نەک هەر بانگەشەی پارچەکردنی عێراق ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەو خواستە لێدوان دەدات. بەڵام باش دەزانێ عێراقی هەنووکە چیتر بەرگەی ئەم هەموو ئاڵۆزی و دەردەسەرییە ناگرێ و ئەو پێکەوەبوونە تا سەر نابێ.

کورد زۆر دەمێکە لە سیاسەتی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بێ هیوا بووە. عێراق نەک لەو ئانوساتەدا کە خوێنی لێدەچۆڕێ و گەیشتووەتە کەناری ڕۆچوون، بۆ کورد جێی دڵنیایی نییە، تۆماس فریدمان گوتەنی ئەگەر ببێت بە سویسراش هیوایەکی باشتری بۆ داهاتوو لێ ناخوێندرێتەوە. بۆیە ناشێ کورد تا قیامەت تەماشاکەری ملشکانی خۆی بێ.

ئەوە ئێمەنین ماڵئاوایی لە عێراق دەکەین، عێراق خۆی خۆی تێکدەشکێنێ. ئۆباڵی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتە بە زۆر پێکەوەلکاوە، لە ئەستۆی ئەوانەیە کە بە لۆژیکی پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە و عەقڵیەتی تائیفی، حوکمڕانی ئەو وڵاتە دەکەن و دەرسیان لە ڕابردوو وەرنەگرتووە.

ئەوەی ڕوونە، ئەمریکا بڕیاری داوە کورد بپارێزێ، لە ڕابردوودا ئەوەمان بینی، بەتایبەت دوای هێرشی داعش بۆ سەر هەولێر، ئەمە مانای ئەوەیە کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکا. زیدەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێ کورد بەشێکە لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا. ڕاستە تا ئێستا بەشێکە لە عێراق و ئەمریکاش جەخت لە بەستنەوەی بەو جوگرافیایە دەکاتەوە، بەڵام لە سایەی عێراقێکی ناسەقامگیری پڕ لە کێشمەکێشی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، ناتوانێ هەرێمی کوردستان ناچار بکات، تا سەر لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش، بڕیاردان لە دروستکردنی دەوڵەت کاری شەو و ڕۆژێک نییە، هەڵەیە ئەگەر بەربەستەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی دەوڵەت نادیدە بگرین. پێش هەر شتێک پرسی دەوڵەتی کوردستان پەیوەستە بە توانا و ئامادەیی خودی کورد، دروستکردنی دەوڵەت پێویستی بە زەمینەسازیی هەمەلایەن، ژێرخانێکی گونجاوی ئابووری، گوتار و ئیرادەیەکی هاوبەشی میللی و سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانی هەیە.

دەوڵەتی کوردستان نە وەهمە و نە خەون و خەیاڵپڵاوی، وەلێ بە بڕوای من ئێستا کاتی ڕاگەیاندنی نییە، بەڵکو کاتی ئامادەسازیی بنچینەیی و بنیاتنانی پایەکانی دەوڵەتە. دەوڵەت لەسەر بنەمای سۆز دروست نابێ، دەوڵەت بە ژیری و ویست و ئیرادەی یەکگرتوو و بەرنامەڕێژیی دروست دەبێ.

واقیع پێماندەڵێت، ئێستا دەرفەتێکی گرنگمان لە پێشدایە، دەشێ ڕەوشی نالەباری عێراق و ناوچەکە بە قازانجی هەرێمی کوردستان بقۆزینەوە و بە خێرایی کار بۆ دروستکردنی ئەو زەمینەیە بکەین.

ئەوە بەو مانایەی زۆر جار ئاڵۆزییە سیاسییەکان دەبنە مایەی گۆڕینی نەخشەی دەوڵەتان، تا قەیرانەکانیش قووڵتر ببنەوە، چاوەڕوان دەکرێ گۆڕانکاریی زیاتر بەدی بێت. بۆیە دواجار دوور نییە قەیرانەکانی ناوچەکە، بە پارچە پارچەبوونی عێراق تەواوبێ.

هەروەک دیارە، ئێستا ناوچەکە بووەتە گۆڕەپانی ئاڵۆزییە سیاسییەکان، بە تایبەتی بە هۆی کاریگەریی سیاسەتی دوو زلهێز، یان میحوەربەندیی ناوچەیی، کە کێشەکانی ئەوەندەی تر قووڵ و دژوار کردوون.

ئەوەشمان بیرنەچێ، شەڕی داعش ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پتر بە سیاسیکردنی کێشەی کورد و پەیداکردنی پشتیوان و دۆستی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان.


بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کارێکی باش دەکات پرسی دەوڵەتی کوردستانی کردووەتە ئەولەویەتی دوای داعش، لەوەش گرنگتر باسکردنی ئەو بابەتەیە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتە کاریگەرەکانی دونیا.

گرنگە سەرەتا بە چاکسازی لە سیستەمی بەڕێوەبردن و پرۆسەی سیاسی دەستپێبکەین، ئەو سنوورانەی لە دەست پێشمەرگەدان بکرێن بە ئەمری واقیع و ئەمریکا و عێراقیش ناچار بکرێن دانی پێدابنێن. هەروەها ئاڵتەرناتیڤمان بۆ هەموو ئەگەر و مەترسی و پێشبینییەک هەبێ، پێکەوە بەر لەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە بگرین و بە ستراتیژییەکی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکان بکەین.

لەم پرسەدا، خاڵی یەکلاکەرەوە ڕادەی ئامادەیی و بڕیاری ئێمەیە، کلیلی چارەسەری لە دەست خۆماندایە، بوێری و ئیرادەی بەهێزی نێوخۆیی، دەتوانێ دەرگا داخراوەکانمان بە ڕوودا بکاتەوە. ڕاستە ژانی لە دایکبوونی دەوڵەت سەختە، بەڵام دڵنیام بە قەد ژانی مانەوەمان لە عێراقدا، سەخت و ئازاربەخش نییە.

بەکورتی، بێ عەقڵیی دەسەڵاتدارانی عێراق و شەڕی داعش، دەرفەتێکی زێڕینیان بۆ ڕەخساندووین، ئەگەر بە ژیری مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەین، دوور نییە مژدەی ماڵئاوایی کورد لە عێراق نزیک بێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



سوهێر قەیسی

# ئۆپرا لە فەلسەفەی ترسدا

هەمیشە لەنێوان ئێمە و بەختەوەریمان و بەدیهێنانی خەونە مەزنەکاندا فاکتەری ترس راوەستاوە.

زۆربەی جاران، بەوجۆرە رەفتار ناکەین کە پێویستە، بۆیە هەندێ فرسەتی مەزن لەدەستدەدەین کە لەوانەیە ژیانمان بەرەو باشتر بگۆڕن، ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەوەی لە بازنەی ئارامی و پێوە راهاتوودا دانیشتووین و جورئەتی ئەوەمان نەبووە هەنگاوێک بنێین بۆ گۆڕینی. دەڵێن: پیاو کە تەمەنی دەگاتە شەست، هەست بە پەشیمانی ناکا لەوەی کە کردوویەتی، بەڵکو لەوە پەشیمانە کە نەیکردووە. بۆ ئەو عیشقە پەشیمان دەبێ کە ڕێگەی داوە لەدەستی بچێ، یان بۆ ئەو نەشمیلە نازدارەی لە چاوەڕوانیدا رایگرت هەتا یەکێکی تر هات و لێی رفاند.. خولاسە بۆ هەر ساتەوەختێ کە بێ ئەوەی بیقۆزێتەوە لەدەستی چووە، بۆ هەر دەستکەوتێ کە بەهۆی ترسەوە لەدەستی دەرچووە.

لەم بەشی چوارەمەدا لەبارەی بەرمەجەی عەقڵی ناوەکی جا عێراقی بێت یان غەیری عێراقی، باسی بەرمەجەی عەقڵی خۆمان دەکەم وەک مرۆڤ لە هەر شوێنێکی دنیا بێت. یەکێ لەو شتانەی کە لەسەری راهاتووین و بەرمەجە کراوین، ترسمانە لە ئەزموونی نوێ و دڵەڕاوکێمان لە کاریگەریی دەستکەوتەکانمان لەسەر ژیانمان.

با ئۆپرا وینفری، ئەو کەسایەتییە میدیاکارە جیهانییە بەنموونە وەربگرین کە بەسەر هەموو بەربەستەکانی ژیانیدا بازی دا و سەرکەوت، هەر لە جیاکاریی رەگەزییەوە بگرە تا قەڵەویەکەی.. گێچەڵی سێکس.. هەژاری، بەسەر هەموویاندا سەرکەوت و ئێستا یەکێکە لە کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهان.

ئۆپرا لەو کتێبەی دواییدا (ئەو شتانەی باش دەیانزانم) دەڵێ:

هەر تەحەددایەک کە لە ژیانتدا بەرەوڕووی دەبیتەوە، توانای ئەوەی هەیە پشتت لەزەوی بدا، بەڵام ئەوەی دەتوانێ زۆرتر تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێت بکا، ترسە لە بەرگەگرتنی گوشاری گۆڕانکاری و تەحەددی. ئەوە ترسە کە وامان لێدەکا لەجێی خۆمان بچەقین. ئۆپرا بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەوەی باش دەیزانم، ئەوەیە کە تاکە رێگە بۆ خۆڕاگرتن لەبەردەم ئەو شتانەی ژیانمان دەلەرزێنن، ئەوەیە کە دەبێ ورەمان لەبەرامبەری بگۆڕین.

لەبەرئەوە، تۆ ئەگەر دەتوانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانتدا بکەی، هیچ بوارێک بە ترس مەدە کە دەستت ببەستێ، بەڵکو بەرەوڕووی گوشارەکانی ئەزموونی نوێ ببەوە. یەکێ لەو قسانەی کە سەرسامم دەکا، قسەیەکی هونەرمەندی رەشپێست وۆڵ سمیسە کە دیدگایەکی زۆر جوانی هەیە و دەڵێ: گۆڕانکاری و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی مەزن، هەمیشە حاڵەتێک لە نائارامی و ماندووبوونی لەگەڵدایە.. قبوڵی بکە.

تۆ تەماشا بکە، ئێمە کۆمەڵێ پەندی پێشینانمان هەن کە فێریان کردووین و هەر لە منداڵییەوە بەرمەجەیان کردووین لەسەری، بۆ نموونە: هەمیشە لەپاڵ دیوار بڕۆ.. ئەو دەرگایەی بای لێوە دێ، دایخە و بەئیسراحەت دانیشە. من بەشبەحاڵی خۆم شانبەشانی دیوار نەڕۆیشتووم و هەمیشەش هەموو دەرگاکانم لەسەر با خستوونەتە سەر پشت. من نازانم لە بازنەی راهاتندا بژیم و لە ئەزموونی نوێ بترسێم.

دواجار بڕوام پێبکەن، زۆربەی ئەو شتانەی لێیان دەترسێن، وەهمن کە خۆتان دروستتان کردوون و بەهۆیانەوە هەم فرسەتەکانتان لەدەستدەچن، هەم چێژی ساتەوەخت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# وردە کێشەکانی سەربەخۆیی

بارزانی لە ئەمریکا گوتی سەربەخۆیی کوردستان "وردە کێشە"ی ماون، بەڵام بەڕاستی دروستکردنی دەوڵەتێک کە دەبێتە مایەی لەبەریەکترازانی چوار دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرێ تەنیا "وردە کێشە"ی مابن؟

لەوەتەی چوومەتە ئیسرائیل تێگەیشتنم لەبارەی دەوڵەتی کوردستانەوە گۆڕدراوە. لەوێ لەگەڵ کەسانی بڕیاربەدەست و چاودێریش دانیشتم. تێگەیشتنی ئەوان بۆ دەوڵەتی کوردستان زۆر سادە بوو: "وەکچۆن ئیسرائیل خۆی بڕیاریدا ببێتە دەوڵەت، ئاواش ئێوە خۆتان دەبێ بڕیاربدەن کە دەتانەوێ دەوڵەت بن". پێکەنینەکانی کاک مەسعود لە ئەمریکا پێکەنینی لە خۆڕایی نەبوون. ئێمە ئەو پیاوە دەناسین، ئەو ئەوکاتە پێدەکەنێت کە سەد لەسەد دەزانێت ئەوەی پێیگوتراوە شایستەی متمانەپێکردنە. مەسعودێک کە ئەزموونی هەرسی حەفتاکانی هەبێت و بزانێت ئەمریکا لەکوێ پشتت تێدەکات، لەخۆیەوە بە دانیشتنێک لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا وا قاقا لێنادات. ئەو شتێکی بیستووە کە پێشتر نەیبیستووە و چاوەڕوانی بیستنیشی نەکردووە.

گریمان دەوڵەتی کوردستان دروست بوو. دوای ئەوە بەتەمای چین؟ هەر بەوە دەیبرێنینەوە کە خەونی باوک و باپیرانمان هاتەدی؟ خۆ ئەفغانستان و سۆماڵیش دەوڵەتی سەربەخۆن، بەڵام کوردستان لەچاو ئەوان لاس فێگاسە. بەڕاستی کێشەی گەورەی ئێمە تەنیا ئەوەیە کە بە هەر نرخێک بێت دەوڵەت لەسەر دەستی فلانی کوڕی فلان رابگەیەندرێت؟ ئەی دوای ئەوە کێ خەمی سەلامەتیی دەوڵەتەکە دەخوات؟

دەوڵەتی کوردستان هەر لەسەردەمی مەسعود بارزانیدا رادەگەیەندرێت. ئەو دەبێتە ئەو کەسەی ناوی وەکو جاردەری کوردستانی سەربەخۆ دەچێتە نێو مێژووەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دوای ئەوە چیمان بەسەردێت؟ ئایا دەبینە وڵاتێکی پاشکۆ لە ناوچەکەدا یان کوردستانی سەربەخۆ دەرگا بەڕووی بیرکردنەوەی گەورەتردا دەکاتەوە و خەڵک دەبنە پاشکۆی ئێمە؟

بۆ تێگەیشتن لەم پرسیارە و وەگرتنی وەڵامەکەی دەبێ چاوەڕوان بین و بزانین بارزانی چی دەکات؟ ئایا هەر بەقسە سەربەخۆ دەبین یان بەکردەوەش ئەوەی جاران نۆکەری بووین لەبەردەممانەدا سەر نەوی دەکات و پێماندەڵێت: "خاوەنشکۆ"؟! با چاوەڕوان بین و ببینین چی روودەدات!



بەرزان عەلی حەمە

# خۆتان دەوڵەت رابگەیەنن

هەموو کورد حەز دەکات کاروانەکەی بەرەو ئامانج بخاتەڕێ، ئەمە حەزێکی باشی ئینسانییە، بەڵام بەشێوازێکی هەڵە دەکەونەڕێ، ئەوان هەمیشە گالیسکەکەیان لەپێشی ئەسپەکە دەبەستن نەک لەپشتی !

هەنوکە کوردی باشوور، دابەش بوون بۆ دوو بەرەی هیچ نەکردە، بەرەیەکیان یەقین پێیانوایە بارزانی دەوڵەت رادەگەیەنێ، بۆ ئەمەش هیچ ناکەن و تەنێ بەشان و باڵایدا هەڵدەدەن، بەرەکەی تریش کە هەر وەک بەرەی یەکەم هیچ ناکەن، خۆیان مەڵاس داوە تاوەکو هەڵەیەک ببینن و بە تانە و تەشەرەوە بڵێن: بارزانی دەوڵەتی پێ دانامەزرێ. کەواتە لە کوردستانی باشوور، نزیکەی شەش ملیۆن کەس دانیشتوون و تەنێ چاوەڕێن یەک کەس دەوڵەتیان بۆ رابگەیەنێت. هەموو دیالۆگەکەشیان بە (دەتوانێت و ناتوانێت) هەم دەستپێدەکات و هەم کۆتاییش دێت!

دەوڵەت چییە؟ دامەزراوەیەکی دانپێدانراوە کە تێکڕای میللەتێک رایدەگەیەنێت، نەک تەنها کەسێک بۆ تێکڕای میللەتێکی رابگەیەنێت، مادام خواست و ئارەزووی گشتی هەر تاکێکی میللەتێکە کە دەوڵەتی هەبێت، کەواتە ئەرکی هەر تاکێکی ئەو میللەتەشە کە خودی خۆی لیاقە و ئامادەیی راگەیاندنی دەوڵەتی هەبێت. چما ئێوە کورد وەها دەبینن؟

ئێستا هەردوو بەرەکە، هەم دۆستانی بارزانی و هەم نەیارانیشی، خۆیان لەناو خۆیاندا توانا و لیاقەی راگەیاندنی دەوڵەتیان نیشان نەداوە و کەسیشیان بەو چەشنە کاریان نەکردووە کە دەوڵەتیان هەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی کورد چاوەڕێن بارزانی دەوڵەتیان بۆ رابگەیەنێت. کەچی خۆیان هیچ کارێکیان نەکردووە تا دەوڵەت ئامادە بووبێت بۆ راگەیاندن !

تۆ دەبێت بزانیت ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، جا بارزانی بێت یان هەر کەسێکی تر، راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نییە، چ لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا کە پارلەمان دەریچواندووە و چ لە دەستووری بەڵێ بۆ نەکراوی هەرێمەکەشدا، هیچ بڕگە و ماددەیەک بارزانیی مولزەم نەکردووە بەوەی کار بکات بۆ راگەیاندنی دەوڵەت. کەواتە مژاری راگەیاندنی دەوڵەت کە رووی لە بارزانی کراوە، تەنێ خواست و ئارەزوویەکی ویژدانی و ئەخلاقی و قەومیی ئەو پیاوەیە وەک هەر تاکێکی تری ئەم وڵاتە. نەک ئەرک و وەزیفەیەکی قانونی، تا تۆ خۆت مەڵاس بدەیت ئەگەر دەوڵەتی رانەگەیاند- یان نەگونجا رایبگەیەنێت- تانە و تەشەری لێ بدەی!

مادام راگەیاندنی دەوڵەتێک بۆ کورد، ئەرکێکی قانونی و ناچارکراوی سەرۆک نییە و سەرۆکیش تەنێ وەک حەز و ئەرکێکی ویژدانی و قەومیی هەر مرۆڤێکی کورد ئەو هەوڵە دەدات، کەواتە تۆش هەر وەک ئەو کە کوردیت و حەز و ئیشتیای دەوڵەتت هەیە، ئەرک و بەرپرسیارێتیت لەسەر شانە کار بکەیت تا دەوڵەت رابگەیەنرێت.

ئێستا بەشێک لە کوردی باشوور، لەبری ئەوەی (ئەگەر بارزانی ئارەزوویەکی بۆ راگەیاندنی دەوڵەت تێدایە) پاڵپشتی بکەن، دێن وەک ئەختەبوتەکانی سەروبەندی مۆندیال، گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە بارزانی دەتوانێت یان ناتوانێت! دەڵێن مەلا لە گوند قاویدا کە ئەمشەو هەموو ئەستێرەکانی ئاسمانی ژماردووە، خەڵکەکەش بە درۆ و ئەستەمیان زانی و پێی پێکەنین، ئەویش گوتی: جا ئەگەر باوەڕ ناکەن، فەرموو بڕۆن خۆتان بیژمێرن!



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# بارزانی بۆچی لە ئەمریکا بوو؟

زۆر شت گوتران و دەگوترێن سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام زۆربەی ئەوەی گوترا سووڕانەوە بوو بە خولگەی شتە رۆتینیەکاندا، کەمتر راوەستان بوو لەسەر بابەتە جەوهەرییەکان و ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە ئێستای قۆناغی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە.

بێگومان سەردانێکی لەو شێوەیە چەندی ئاشکرا بێت سەد ئەوەندەی نهێنییە، بەڵکو لایەنە شاراوەکانی سەردانێکی ئاوا، زۆر زیاترن لە لایەنە ئاشکراکانی، بەڵام گرنگە بزانین لایەنە شاراوەکان لەم جۆرە سەردانانەدا راستەقینەترە، لەلایەنە ئاشکراکانی.

ئێمە هەتا ئێستا میتۆدێکی روونمان نییە بۆ چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی سەردانێکی سیاسی، لە شێوەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم و وەفدی یاوەری بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، میتۆدێک لەسەر بابەتە جەوهەرییەکان ئیش بکات و لەوێوە بڕیار لە سەرکەوتن و شکستی ئەم سەردانانە بدات. بۆیە ئەم نووسینەم زیاتر قسەکردنە لەسەر میتۆدی هەڵسەنگاندنی سەردانەکە، نەوەک سەردانەکە خۆی.

لەناو میدیا و تۆڕی سۆشیال میدیای کوردیدا زۆر ناسیاسیانە لەسەر ئەم بابەتانە قسە دەکرێت، پێش سەردانەکە و دوای سەردانەکە بەرزی و نزمیی لەرادەبەدەر دەبینرا، پێش سەردانەکە وەک ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هێنانەوەی دەوڵەتی کوردستان سەردانی ئەمریکای کردبێت، قسە دەکرا و دوای سەردانەکەش وەک ئەوەی بێ دەسکەوت گەڕابێتەوە، دنیای میدیای کوردی پڕبوو لە بێهیوایی و هەستکردن بە شکست.

پۆزەتیڤی و نێگەتیڤیی سەردانەکەی بارزانی بەستراببووەوە بە دوو گریمانەی رەهاوە، یەکەم: دەوڵەتی کوردستان و دووەمیان: ناردنی چەک بەشێوەی راستەوخۆ بۆ پێشمەرگە. بێگومان ئەم بابەتانە بابەتی موجامەلەی سیاسی نین تا وەک دەسکەوتی سەردانێک پۆلێن بکرێن، یان بە رەهایی شکست و سەرکەوتنی سەردانێکی پێوە ببەسترێتەوە.

دەشێت لایەنە ئاشکراکان تەنها چەند بابەتێکی پرۆتۆکۆلی بن کە تێیدا زۆر بە هەستیارییەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مامەڵە دەکات و موراعاتی عورفە نێودەوڵەتیەکان لەلایەک و دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستانیش لە سەروویانەوە عێراق، لەلایەکی دیکە دەکات.

بۆنموونە دانیشتنێکی راستەقینەی بارزانی لەگەڵ جۆ بایدن زۆر باشترە لە دانیشتنێکی رۆتینی و کاتی و موجامەلاتی لەگەڵ باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا، پشتگیریەکی راستەقینەی کۆنگرێسمانەکان زۆر باشترە لە پێداهەڵدانێکی ئیعلامی گوتەبێژی کۆشکی سپی یان وەزارەتی دەرەوە.

لێرەوەیە ئێمە لە خوێندنەوەمان بۆ سەردانێکی لەم شێوەیە دەبێت بەدوای پرسیارە جەوهەرییەکاندا بڕۆین، ئەو پرسیارانەی ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە ئایا کورد لە هەرێمی کوردستان لە چ قۆناغێکی سیاسیدایە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

پێموایە لەم سەردانەدا شتێک بەدەرکەوت، ئەویش ئەوەیە کە کورد لە قۆناغێکی ئیشکردنی راستەقینەدایە لەناو ئەمریکادا، قۆناغێک کە ئەگەر چی قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو نییە، بەڵام راستەقینەیە، درۆزنانە نییە. چونکە ئەم قۆناغە قۆناغی ئیشکردن و بونیادنانە نەک قۆناغی موجامەلە و دیبلۆماسیەتی سیاسی.

ئێستا وا دەردەکەوێت کورد پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ لایەنەکانی دروستکردنی بڕیار هەیە لە ئەمریکا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان قسەیەکی واقیعی کردووە کە دەڵێت "هیچ کات وەک ئەمجارە هەستم بە تێگەیشتنی باش نەکردووە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بۆ دۆزی کورد لە هەرێمی کوردستان".

بەڵام ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەتی ئیدارەکەی باراک ئۆبامادا هێشتا لە چوارچێوەی عێراقدایە، ئەگەرچی لای کەسێکی وەکو جۆبایدن دەشێ کەمێک ئەم تێگەیشتنە گەورەتر بووبێت.

سیاسەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لە ئەمریکا لە قۆناغی کۆنگرێسمانەکاندایە کە بێگومان کاریگەریی ئەم چینە لەناو سیاسەتی ئەمریکادا کاریگەرییەکی راستەقینەیە، ئەمە زۆر گرنگترە لە موجامەلەیەکی پرۆتۆکۆلیی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کورد کە هیچ دەستکەوتێکی ستراتیژیی تێدا نەبێت.

گرنگە کە کورد توانیویەتی لەم قۆناغەدا بڕواتە ناو پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەو ناوەندەوە جۆین بێت.

چاودێر و میدیای ئێمە تەنیا بەدوای بابەتە رووکەش و پرۆتۆکۆلیەکانەوەیە "شێوەی پێشوازی، شوێنی پێشوازی، ئاڵا، جۆری ناوهێنان" بێگومان ئەمانە گرنگن، بەڵام ئەمانە لە خۆڕا ئەنجام نادرێن و عورف و چوارچێوەی نێودەوڵەتیی خۆیان هەیە، هەورەها هەندێکیشیان بە درۆوە دەکرێن کە دەشێت مانایەکی ئەوتۆ و راستەقینەیان نەبێت لەڕووی سیاسییەوە.

پێموایە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسەی لۆبیکردندا لەو وڵاتە بخوێنرێتەوە نەک لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان دوو حکومەت یان دوو دەوڵەت.

ئاراستەیەکی دیکەی ئەم سەردانە بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستانە کە چرکەکانی کۆتاییهاتنی سەرۆکایەتیەکەی بارزانی روو لە دابەزینە و قسەوباسیش لەسەر مانەوەی وەک سەرۆکی هەرێم و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لەئارادایە.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# بارزانی لە ئەمریکاوە چی دەهێنێتەوە؟

سەرەتا با بڵێم، ئەوانەی چاوەڕێن بارزانی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە، خەیاڵیان خاوە. دەوڵەت پێش ئەوەی رابگەیەنرێت، پێویستی بەوە هەیە لەسەر ئەرزی واقیع دابمەزرێ. راگەیاندنیشی لەناو خاکی وڵاتەکە و لە پایتەختەکەی خۆیەوە دەبێت نەک لە واشنتن.

نازانم بۆچی، بەڵام لەگەڵ هەموو سەردانێکی بارزانیدا بۆ دەرەوەی کوردستان، کەشێک لەناو وڵات دروست دەبێت (یان دروست دەکرێت) کە گوایە بارزانی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان رۆیشتووە.

ئەمە لەلایەکەوە هەڵەی بەشێک لە میدیای نابەرپرسە کە لێرە و لەوێ بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن گوایە بارزانی بۆ راگەیاندنی دەوڵەت رۆیشتووە (بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە دواتر بەدرۆ دەکەونەوە)، لە لایەکی دیکەشەوە خۆشباوەڕیی خەڵکە.

دەوڵەت بە سەفەرێکی ئەمریکا دانامەزرێ، بە سیستەمی بەرگریی بەهێز، ئابووریی بەهێز، دیپلۆماسیەتی بەهێز و هەستی نەتەوایەتیی بەهێز لەنێو هاووڵاتیاندا بنیات دەنرێ.

ئێستا با بێمە سەر وەڵامی ئەو پرسیارەی لەسەرەوە کردم: بارزانی لە ئەمریکاوە چی دەهێنێتەوە؟ بارزانی و شاندە یاوەرەکەی لە ئەمریکا کۆمەڵێک کاری زۆر گرنگیان کرد. یەکەمیان خستنەڕووی ئیرادەی کوردە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لەلایەک و مافی بڕیاردانی چارەنووس لەلایەکی دیکە.

شاندی کوردستان لە کۆشکی سپی بە سەرۆکی ئەمریکایان راگەیاند کە کورد ئامادەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و بۆ ئەو مەبەستەش داوای چەکیان کرد. هاوکات پێیانگوت کە گەلی کورد مافی خۆیەتی بڕیار لە ئایندەی خۆی بدات.

بەپێی کۆمەڵێک زانیاری کە لەرێگەی رۆژنامەنووسێکی ئەمریکییەوە لە کەوالیسەکانی کۆشکی سپییەوە پێمگەیشتوون، ئیدارەی ئەمریکا گەرەنتی گەیاندنی چەکی پێویستی بە کورد داوە. بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسیش گوتوویانە رێز لە بڕیاری کورد دەگرن بە دوو مەرج: مەرجی یەکەم بەشداریی کوردە لە کۆتاییهێنان بە داعش. مەرجی دووەمیش ئەنجامدانی ریفراندۆمە لە چوارچێوەی رەزامەندیی حکومەتی ناوەند.

بەکورتی ئەمریکا دەڵێت: شەڕی داعش بکەیت، چەکت دەدەمێ. بەغدا رازی بکە کە لە ئەنجامی ریفراندۆمەکەت جەنگی نێوان کوردستان و عێراق دروست نەبێت، پشتگیری سەربەخۆییت دەکەم.

دووەم کاری گرنگی شاندی کوردی لە ئەمریکا زیندووکردنەوەی رەوەندی کوردی بوو لەو وڵاتە. ئەگەر کەسانێک هەبن کە بتوانن لە ئەمریکاوە پشتگیری بۆ دۆزی کورد بپچڕن، بێگومان تەنها و تەنها کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتەن.

کاراکردنی ئەو رەوەندە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی لۆبی بۆ پشتگیری لە کوردستان هێندەی پاراستنی خاکی کوردستان لە داعش ئەرکێکی گەورەیە. شاندی کوردی بە رێکخستنی کۆمەڵێک کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو کوردانە و دۆستانی ئەمریکی، خزمەتی کرد بە بیرۆکەی سوودوەرگرتن لە کوردی دیاسپۆرا بۆ گەیاندنی دۆزی کورد بە جیهان.

دەرهاویشتەیەکی گرنگی دیکەی ئەم سەردانە ئەوەیە کە خودی چوونی شاندێکی باڵای کوردی بۆ ئەمریکا و ورووژاندنی بابەتی هاوکاریی سەربازی و مافی بڕیاردانی چارەنووس لە رۆژەڤی ئەو وڵاتەدا شتێکی گرنگە. بریا بمانتوانیبا کاراتر بووینایە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر رای گشتی جیهانی.

دوایین شت کە پێویستە بیڵێم ئەوەیە، ئەم سەردانە کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاشتی و کیسەپڕیی نێو ماڵی خۆمان لەلایەک و رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا لەلایەکی دیکە. سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ سلێمانی و ئەو لێدوانەی رۆژی یەکشەممەی کە دەڵێت "دەمانەوێت رێککەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ بەغدا واژۆ بکەین" یەکەمین ئاماژەکانن بۆ ئەو راستییە.

ئاسۆ

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## سیریل نابێته هێلانەی کەس

« 19

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سالْح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پاركی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

